بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ

## بەشی کوردی


یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (39) پاییزی 2015ز ـ 1436ک

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
نەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی
موحەممەد ڕەئووف ئەحمەد
009647701527323

دەستەی نوسەران

١- فاروق ڕەسووڵ یەحیا
٢- جەمال موحەممەد ئەمین
٣ - د. دارا گوڵ حامید
٤- شەماڵ موفتی
٥- د. محمد جمیل الحبال
٦- د. کاوە فەرەج سەعدون
٧- بەرزان ئەبوبکر
٨- موحەممەد ئەحمەد
٩- ئەردەڵان صاڵح عەزیز
١٠- موحەممەد حوسەین کەریم

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد



پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی





05 جیاکەرەوەکانی تەشریعی قورئانی پیرۆز لە میراتیدا





08 سەبارەت بە قورئان وتوویانە






22 بەرکەوتنی نەیزەکی





28 وردیی بەکارهێنانی زاراوە قورئانییەکان بۆ قۆناغەکانی بەدیهێنرانی مرۆڤ





32 بۆچی و چۆن موسڵمان بوو؟





38 بۆ نەوجەوانان



ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.



# دۆزینەوەی کۆنترین لاپەڕە لە قورئانی پیرۆز لە زانکۆی بێرمینگهام

ئا: ئاوارە ئەنوەر قادر

ڕۆژ بە ڕۆژ بەڵگەی یەک لە یەک بەهێز تر دەردەکەوێت کە سەلمێنەری ئەوەن قورئان تەنها یەک پیتیشی نەگۆڕدراوە، تازەترینیان هەواڵی ئاشکراکردنی کۆنترین دەستنووسی قورئانی پیرۆزە کە پێش سەدەیەک لەمەوبەر دۆزراوەتەوە لە کتێبخانەی (Cadbury Research) لە زانکۆی (Birmingham) لە بەریتانیا کە ئەمەش پێگەی فەرمییانە:
http://www.birmingham.ac.uk/news/latest/2015/07/quran-manuscript-22-07-15.aspx?utm_source=homapage&utm_medium=banner&utm_campaign=quran

زانایان لە زانکۆی (Oxford) تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەم دەستنووسە (الخط الحجازی) قورئان کردووە بەهۆی دەزگای (Oxford Radiocarbon Accelerator Unit) کورتکراوەکەی (ORAU dating service) واتە: (تاقیگەی دیاریکردنی تەمەنی دەستنووسەکان بە کاربۆنی تیشکدەر C14).

دۆزییانەوە تەمەنی ئەم دەستنووسە (manuscript) کە زۆر بە ڕوونی دەخوێنرێتەوە و لەسەر پێستەی مەڕ یان بزن نووسراوەتەوە (بەلای کەمەوە) کۆنترین مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 645ز، واتە زیاتر لە 1370ز ساڵ لەمەوبەر واتە کەمتر لە 13 ساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەرمان محمد ﷺ لە ساڵی 632 ز، واتە بە نزیکەیی دەکاتەوە سەردەمی خەلیفەی سێیەمی ئیسلام (عوسمانی کوڕی عەفان).. یان (بەلای زۆریشەوە) کۆنترین مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پێغەمبەرایەتی بەتایبەتی لە نزیک کۆتاییەکانی تەمەنی پێغەمبەرمان، واتە ئەو کەسەی ئەم دەستنووسەی نووسیوە بە خزمەتی پێغەمبەر گەیشتووە ﷺ .

ئەم ڕێگەیە (ڕێژەی کاربۆنی تیشکدەر C14) ناتوانێت بە تەواوی کاتی نووسینەکان دیاری بکات هەربۆیە ڕێژەی دروستی (95.4 %)ە، لەبەرئەوە ڕیزبەندییەک (range) دادەنێت بۆ بەرواری نووسین هەربۆیە ئەم دەستنووسە ڕیزبەندکراوە لە نێوان (568 ز- 645 ز).

ئەم دەستنووسە کۆنەی قورئان یەکێ بووە لەو 3000 دەستنووسەی کە قەشەی کلدانی (ئەلفونس منغنا) کە لە گەشتەکەیدا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ گەڕیدەی خۆرهەڵاتناس (ئیدوارد کادبرین) کۆیکردوونەتەوە و پاراستوویەتی ئەم قەشەیە لە شاری موصل ژیاوە، پرۆفیسۆر (David Thomas) شارەزای ئاینی ئیسلام و مەسیحییەت لە زانکۆی (Birmingham) دەڵێ:

1. هەواڵی ئەم دۆزینەوەیە تووشی سەرسوڕمان و خۆشحاڵییەکی زۆری کردم،پێم وایە بەلانی زۆرەوە کۆنترین تەمەنی ئەم دەستنووسە لەلایەن کەسێکەوە نووسراوەتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر محمد ﷺ ژیاوە، بەلای کەمەوە کۆنترین تەمەنی دەستنووسەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە 20 ساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەر محمد ﷺ .

2. ئەم دەستنووسە بە هیچ جۆرێ یەک وشەشی لێنەگۆڕاوە و بە خەتی حیجازی کۆنی عەرەبی نووسراوەتەوە.

3. خەڵکی شاری (بێرمینگهام) ئێستا خاوەنی گەوهەرێکی زۆر بە نرخ و کەم وێنەن.

دکتۆر (محمد عیسی والی) کە شارەزای دەستنووسە کۆنەکانە بەتایبەتی زمانی تورکی و فارسی لە بەریتانیا دەڵێت: ئەم دۆزینەوەیە زۆر سەرنج ڕاکێش و دڵخۆشکەرە بۆ موسڵمانان بەتایبەت موسڵمانانی بەریتانیا، مێژووەکەی بە دڵنیایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێ خەلیفەکە و کۆتا نوسخەی تەواوی قورئان لەلایەن خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەفان) کۆکراوەتەوە.

لە کۆتایدا خوای گەورە ڕاستیی یەکێک لە ئایەتەکانی خۆی پیشانداین بەم هەواڵە گرنگە کە بەڵگەی ئەوەیە هەرگیز وشەکانی (الله) گۆڕانی بۆ نییە و دەستکاری ناکرێت وەک لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩ ﴾ الحجر، واتە: (ئێمە قورئانمان دابەزاند و هەر ئێمەش دەیپارێزین).

ئەم هەواڵە ئەوەندە گرنگ بوو کە بە خێرایی لە پێگە جیهانییەکاندا بڵاویان کردەوە:


1.http://www.telegraph.co.uk/news/religion/11754962/Oldest-fragments-of-the-Koran-found-in-Birmingham-library.html

2.http://www.theguardian.com/world/2015/jul/22/oldest-quran-fragments-found-at-birmingham-university

3.http://www.nbcnews.com/news/world/oldest-quran-fragments-found-birmingham-university-experts-n396331

4.http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-3170742/World-s-oldest-Koran-library-Pages-ancient-manuscript-written-shortly-Prophet-Mohammad-died.html

5.http://www.independent.co.uk/news/uk/home-news/worlds-oldest-koran-discovered-in-birmingham-10406320.html

6.http://www.hurriyetdailynews.com/oldest-koran-fragments-found-in-birmingham-university.aspx?pageID=238&nid=85791

7.http://www.msn.com/ar-ae/news/world/ العثور-على-أقدم-صفحات-من-القرآن-في-جامعة-برمنغهام/ ar-AAdjxVV



# دەربارەی قورئانەکەی بێرمینگهام!

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل diaryismaeil@yahoo.com

کامیان ڕاسترە؟ قورئانەکەی بێرمینگهام، کە توێژەران دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمێك نزیك لە کاتی دابەزینی نیگای ئاسمانیی بۆ پەیامبەر موحەممەدﷺ، یان ئەو قورئانەی کە لەماڵەوە دەیخوێنینەوە و بە نوێترین شێواز چاپکراوە؟!

سوپاس بۆ خوای گەورە، بە ئاسانی دەڵێین: وەك یەکن. لەگەڵ کۆنیی قورئانەکەی بێرمینگهام و نوێیی ئەو موصحەفەی لە ماڵەوە قورئانی تیا دەخوێنینەوە، هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نیە، ئەمەش مایەی دڵخۆشیی ئێمە و هەموو موسڵمانانی سەر زەویە.

بەڵام ئەگەر جیاوازیەك لە نێوانیاندا بەدیکرا، کامیان ڕاستە؟ پێ دەچێت پسپۆڕانی شوێنەوار بڵێن: ئەوەی کە کۆنترە ڕاستەکەیە و ئەوەی ئەم سەردەمە، بێ گومان -لەبەر دووریی مێژوو- هەڵەیە!!

موحەممەد ئەرکۆن[1] دەڵێت: "با ئەو ئەرکە هەنوکەییانە بیری خۆمان بێنینەوە کە پێویستە بۆ هەر پێداچونەوەیەك بۆ دەقی قورئانیی.. واتە ڕەخنەگرتن لەو چیرۆکە فەرمییەی کە پێی دەوترێت سەروبۆرکردنی قورئان، ئەمە وامان لێ دەکات بگەڕێینەوە بۆ هەموو بەڵگە مێژووییەکان، جا ئەگەر سەرچاوە شیعیەکان بێت، یان خاریجیەکان، یان سوننیەکان، بەو شێوەیە هەموو سڕینەوەیەکی لاهوتی بە دوور دەگرین لەبەر خاتری لایەنێك دژی لایەنێك، دوای ئەمە ڕووبەڕووی پرسی دووبارە خوێندنەوەی ئەو بەڵگانە دەبین، هەروەها هەوڵدان بۆ گەڕان بە دوای بەڵگەی تر گەر هەبێت، وەك بەڵگەکانی دەریای مردوو کە لەم دواییەدا دۆزرانەوە"[2].. لە خوێندنەوەی ئەم بۆچوونە ماددیانەدا، کە مەبەست پێیان سەلماندنی ئەوەیە قورئان دەقێکی مێژووییە و، هیچ پەیوەندییەکی بە نیگاوە نیە و، گوایە قورئان مەرج نیە وەك ئەوەی ئێستا لای موسڵمانان دەخوێنرێتەوە، لە بنەڕەتدا وابێت، بەڵکو ئەوە ئارەزووی فەرمەنڕەواکان بووە، هەر لەبەر ئەوەشە، دوای نووسینەوەی قورئان لەسەرەتادا، بە چەندین ساڵ خاڵی بۆ دانراوە و، پاشانیش سەروبۆری بۆ کراوە، تا بە پێی ئەو مەبەستە بخوێنرێتەوە و، تەفسیر بکرێت!!

ئەوەتا ئەرکۆن جارێکی تر بە ئاشکرا تر پەردە لەسەر مەبەستە گومانیاویەکانی لادەدات، دەڵێت: "کۆکردنەوەی قورئان دوای وەفاتی پێغەمبەرﷺ دەستی پێکردووە، لەسەردەمی عوسماندا، واتە دوای 25 ساڵ.. هاوەڵان لە ژیانی پێغەمبەرداﷺ ئایەتیان نوسیوەتەوە کە بریتی بووە لە چەند نوسخەیەکی جوزئی"[3].. بۆ گومان خستنە ناو دڵەکانەوە، گوایە کێ ئەڵێت دوای پێغەمبەرﷺ هاوەڵەکان گۆڕنکاریان لە قورئاندا نەکردووە!؟

هەروەها یەکێکی وەك نەسر ئەبو زەید، کە لە هەمان قوتابخانەی ئەرکۆنە، دەڵێت: "ئەگەر ئەوەش زیاد بکەین بۆ ئەو ڕیوایەتە زۆرانەی کە باسی ون بوونی چەند بەشێك لە قورئان دەکەن و بیرچوونەوەیان لە یاد و هۆشی موسڵمانان، بۆتە زیادکردنی توندی ئەو کێشەیەی کە دەبوایە زانا کۆنەکان و شوێنکەوتوانیان بەرەنگاری ببونایەوە".. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە گوایە ڕەنگە زۆر لە دەقەکانی قورئان و پارچە نووسراوەکانی ون بوون! پاشان ئەگەر لەملاو ئەولا شتێکیان چنگ کەوت و، جیاوازیەکی -ئەگەر کەمیش بێت- هەبێت لەگەڵ ئەو قورئانەی کە لەبەر دەستماندایە، دەیکەنە گاڵە و دەڵێن: نەمان وت هەڵە و تەحریف لە قورئاندا هەیە و، کێ دەڵێت شتی زیاتریش نیە!؟ -هەر وەك قسەکانی ئەرکۆن، کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد-.

پاراستنی دەقی قورئانیی وەك هیچ دەقێکی تر نیە، کە تەنها لەسەر پەڕە نووسرابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ نوسینەوەدا لەناو دڵەکانیشدا پارێزراوە، بە جۆرێك هیچ کەسێك و، لە هیچ سەردەمێکدا، نەیتوانیوە لە دەقەکانی زیاد بکات یان کەم بکات. چونکە خوای گەورە قورئانی پاراستووە لە دڵەکاندا و پاشانیش بە ڕێنموونی کردنی هاوەڵان بۆ نووسینەوەی و پاراستنی لە دووتوێی کتێبێکدا.

ئەو قورئانەی کە لەبەر دەستماندایە ئێستا، لە دووتوێی پەڕتوکێکدا نووسراوەتەوە کۆدەنگیی (إجماع)ی هەموو موسڵمانانی لەسەرە، کە ئەو قورئانەیە (خەلیفە عوسمان) کۆی کردۆتەوە و، ئەویش لەبەر موصحەفەکەی ئەبوبەکر نوسیویەتییەوە و، خوێندنەوەی بە ڕیوایەتی بەردەوام (موتەواتیر) پێمان گەیشتووە کە تا ئەمڕۆش ئەو ڕیوایەتە لە سەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خوارەوە، کە ئەوانیش دەبێت مەرجەکانی ڕاستی خوێندنەوە (صحة التلاوة)ی لەسەر بێت ئینجا وەردەگیرێت، کە بریتین لە سێ مەرج :[4]

1. بوونی سەنەدی دروستی نەپچڕاوی بەردەوام (موتەواتیر) بۆ پێغەمبەرﷺ .
2. گونجانی لەگەڵ شێوازێك لە شێوازی زمانی عەرەبی.
3. بەپێی خەتی موصحەف بێت.

بەڵام گرنگترینیان بوونی سەنەدێکی نەپچڕاوی ڕاستی موتەواتیرە تا دەگاتە پێغەمبەرﷺ ، لەویشەوە بۆ جبریل و پاشانیش بۆ خوای گەورە.

هەر لە سەرەتای دابەزینی نیگاوە پێغەمبەر ﷺ زۆر مەبەستی بووە کە چی وەردەگرێت لە جبریل لە بیری نەچێتەوە، بۆیە جاری وا هەبووە پەلەی کردووە و لەکاتی دابەزینی نیگادا دەمی جولاندووە، بۆیە خوای گەورەی پێی فەرموو: ﴿ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ١٦ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ١٧ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ١٨ ﴾ القيامة. هەر لە سەرەتای

هاتنە خوارەوەی قورئاندا پێغەمبەرﷺ ئەو ئایەتانەی دابەزیبوون ئەیگەیاندە هاوەڵەکانی و ئەوانیش لەبەریان دەکرد و، یەکتریان فێردەکرد.

هاوەڵان لە دەمی پێغەمبەرەوەﷺ قورئانیان وەرگرتووە: ئەوەتا عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت: (كان الرجل إذا هاجر دفعه النبيﷺ إلي رجل منّا يعلمه القرآن، وكان يُسمَعُ لِمسجدِ رسول اللهﷺ ضجةً بتلاوة القرآن حتى أمرهم رسول الله أن يخفضوا أصواتهم لِئَلا يَتَغالطوا)[5]. واتە: (هەرکاتێك پیاوێك كۆچی بکردایە بۆ مەدینە، پێغەمبەرﷺ دەیدایە دەست یەکێکمان تا قورئانی فێربکات، تا کار بە ئەندازەیەك گەیشت، لەبەر زۆری ئەوانەی قورئانیان دەخوێندەوە، دەنگەدەنگێکی زۆر دروست بوو بوو لە مزگەوت، بۆیە پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردن کە دەنگیان نزمکەنەوە تا لێیان تێك نەچێت..).

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: (واللە لقد أخذتُ مِن فيّ رسولِ اللهﷺ بضعًا وسبعين سورة). واتە: (سوێند بە خوا حەفتا و ئەوەندە سورەتم لە دەمی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە)[6] هەروەها دەڵێت: (كنا مع رسول اللهﷺ وأُنزِلَتْ عليه والمرسلات، وإنا لنتلقَّاها من فِيه)[7]. واتە: (لەگەڵ پێغەمبەردا بووین کە سورەتی (والمرسلات) هاتە خوارەوە و، ئێمەش لە دەمی ئەوەوە وەرمانگرت).. هەروەها ئەحمەد لە ئیبن عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (كان رسول اللهﷺ يعلمنا القرآن، فإذا مرّ بسجود القرآن سجد وسجدنا معه)[8]. واتە: (پێغەمبەرﷺ خۆی قورئانی فێردەکردین، ئەگەر بگەیشتایە ئایەتێك سوجدەی تیلاوەی تێدابووایە سوجدەی دەبرد و، ئێمەش سوجدەمان دەبرد).

ژمارەی ئەوانەی کە قورئانیان لەبەربووە زۆر بوون.. بۆ نموونە ئەوانەی لە هەردوو ڕووداوی (بیری مەعونە) و (شەڕی یەمامە) کوژران، کە قورئانیان لەبەربوو -پێیان دەوتن: قورئانخوێنان- گەیشتبووە 140 لە هاوەڵان.

پێشەوا ئیبن جەزری دەڵێت: "پاشان پشتبەستن لە گواستنەوەی قورئاندا بە لەبەرکردنی بووە لە دڵەکاندا، نەك بە نوسینی موصحەفەکان. ئەمەش بەرزترین تایبەتمەندی ئەم ئوممەتەیە کە خوا پێی بەخشیوە.. خوای گەورە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە قورئان بۆ پاراستنی پێویستی بەوە نیە لە پەڕەیەکدا بنوسرێتەوە کە بە ئاو بشۆرێتەوە، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا بخوێنرێتەوە وەك لە وەسفی ئوممەتەکەیدا هاتووە: (أناجيلُهم صدورهم) ئەوەش بە پێچەوانەی ئەهلی کتێبەکانە کە ناتوانن کتێبەکانیان بپارێزن ئەگەر نەنوسرابێتەوە لە کتێبدا، ناتوانن لەبەر بیخوێننەوە بە تەماشاکردن نەبێت)[9].

هەروەها جگە لە لەبەرکردنی لە لایەن هاوەڵان و دەماودەم کردنی و گرنگیدانیان پێی.. پێغەمبەری خواﷺ هەر لە سەرەتای دابەزینی نیگاوە، ئەو ئایەتانەی کە دادەبەزین داوای لە هاوەڵان دەکرد بینوسنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نوسەرانی نیگای[10] هەبوو، کە لەبەر دەستی پێغەمبەرداﷺ قورئانیان بۆ دەنووسییەوە.. ئەمە جگە لەوەی هاوەڵان خۆیان -ئەوەی نووسین و خوێندنەوەی دەزانی- موصحەفیان بۆ خۆیان دەنووسی.. بەم شێوەیە هیچ ئایەتێك دانەبەزیبوو کە لە سەردەمی پێغەمبەرﷺ خۆیدا بە نووسراوی نەپارێزرابێت.

هەروەها خەلیفە ئەبوبەکر- لە کاتی نوسینەوەی قورئاندا- بە زەیدی وت: (كُنْتَ تَكْتُبُ الوَحْيَ لِرَسولِ اللهِﷺ). واتە: (تۆ کاتی خۆی قورئانت بۆ پێغەمبەر دەنوسیەوە).

ئەو شتانەی کە قورئانیان لەسەر دەنووسییەوە بریتی بوون لە: پێستی ئاژەڵ و، پەلی پانی دارخورما و، تەنکە بەرد و، پارچە تەختە[11].

بەڵام کۆکردنەوەی قورئان لە دووتوێی پەرتوکێکدا لە دوای شەڕی یەمامەوە بوو -کە ساڵی 12ی کۆچی بوو- و ماوەی نزیکی ساڵێکی خایاند[12]. نوسینەوەی قورئان ئەم جارەیان لەسەر کاغەز بووە: ئیبن شەهاب دەڵێت: "دوای ئەوەی بەسەر موسڵماناندا هات لە شەڕی یەمامەدا و، ئەبوبەکر ترسا لەوەی هەندێك لە قورئانی نوسراوە ون بێت و، خەڵکی هاتن و ئەوەی نوسیبوویان و لەبەریان بوو هێنایان.. تا لەسەردەمی ئەبوبەکردا هەموو قورئان نوسرایەوە لەسەر پەڕە -کاغەز- و ئەبوبەکر یەکەم کەس بوو کە قورئانی کۆکردەوە لە پەڕەدا"[13].

بۆ بنەبڕکردنی جیاوازیی لە خوێندنەوەی قورئاندا و، ئاشناکردنی موسڵمانان و، پێویستیی بوونی سەرچاوەیەکی ڕاست و متمانەپێکراو، خەلیفە عوسمان -بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی گەورە هاوەڵان- فەرمانیدا بە نوسینەوەی چەند نوسخەیەك لەو قورئانەی کە لە سەردەمی ئەبوبەکردا کۆکرابووەوە. فەرمانیدا بە زەیدی کوڕی سابت و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاص و عەبدولڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشام، بە نوسینەوەی لە چەند موصحەفێکدا. پاشان ئەو نوسخانەی نارد بۆ شارە سەرەکییەکان، تا بکرێتە تاکە سەرچاوە بۆ قورئانخوێنان و مامۆستایان و، سوتاندنی هەر نوسراوێکی تر کە لای خەڵکە، هەر کەسێك هەبێت، چونکە هەندێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان موصحەفی خۆیانیان هەبووە و تێبینی خۆیانیان لەسەر تۆمارکردبوو. لێرەشدا گومانبەرەکان ئەو پڕوپاگەندانە بڵاو دەکەنەوە کە گوایە ئەمەش جارێکی تر کارێکی سیاسی بووە و، دەسەڵاتداران پێی هەستاون تا ئەو دەقانەی لە بەرژەوەندی خۆیاندا نیە لای بەرن لە موصحەفەکاندا!

مەککی ئەبوتالب دەڵێت: "هەندێك لە هاوەڵان موصحەفی تایبەتی خۆیان هەبووە و، هەندێکیان لە لێواری پەڕەکانی چەند وشەیەکی تەفسیریان لەسەر دەنووسی"[14]. جا ئەگەر دوای خۆیان خەڵکی پەی بەو موصحەفانە برد و، خوێندیانەوە و، نەزانێت ئەوەی کە نوسراوە هەمووی قورئانە، بە تایبەتی کاتێك زانیان کە ئەوانە موصحەفی هاوەڵە بەڕێزەکانە، لەوانەیە بکەوێتە هەڵەوە!.

کۆکردنەوەی قورئان تاکڕەویی پێشەوا عوسمان نەبوو، بەڵکو ڕەزامەندی گەورە هاوەڵانی لەسەر بووە، نەك وەك ئەوەی کە هەندێك بڵاوی دەکەنەوە.. ئەبوبەکری ئەنباری لە سوەیدەوە، لە غەفلەوە، دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: (سَمِعْتُ عَلِيَّ بنَ أبي طالِبٍ -كَرَّمَ اللهُ وَجْهَهُ- يَقولُ: اتَّقُوا اللهَ وَإيّاكُمْ وَالغُلُوَّ فِي عُثمانَ، وَقَولَكُمْ: حُرّاقُ المَصاحِفِ، فَوَاللهِ مَاحَرَقَها إلاّ عَنْ مَلَإٍ مِنّا أَصْحابِ رَسولِ اللهِ). واتە: (گوێم لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە، دەیوت: خەڵکینە لە خوا بترسن و زیادەڕەوی مەکەن لە عوسماندا، پێی مەڵێن قورئانی سوتاندووە، سوێند بە خوا ئەو کارەی کردووە بە ئامادەبوونی گەورە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ).. عومەری کوڕی سەعید دەڵێت: (قَالَ عَلِيُّ بنُ أَبِي طَالِبٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: لَوْ كُنْتُ الوَالِيَ وَقْتَ عُثمَانَ، لَفَعَلْتُ فِي المَصاحِفِ مِثْلَ الذي فَعَلَ عُثمانُ). واتە: (عەلی وتوویەتی: ئەگەر والی بوومایە لە کاتی عوسماندا، منیش هەر ئەوەم لە موصحەفە زیادەکان دەکرد کە عوسمان کردی)[15].

کەواتە ئەگەر یەکێك لەو نوسراوانەی کە لە مێژوودا نوسراونەتەوە و، لەسەر ئەصڵی قورئانە عوسمانیەکان نەنوسرابێتەوە و، بەر هەڵمەتی سوتاننەکان نەکەوتبێت

بیدۆزێتەوە، ئەو کات جیاوازیی هەبێت لەگەڵ قورئانە عوسمانیەکان، دەیکەنە بەڵگە لەسەر بوونی هەڵە لە قورئاندا و، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شێواندن (تەحریف) بەسەر قورئاندا هاتووە!! چەندین هەوڵیشیان لەو بارەیەوە داوە، لەوانە هەندێك لە رۆژهەڵاتناسان، بۆ نموونە: ریجیس بلاشیر دەڵێت: (بە هەر حاڵ ئەم نووسینەوەیە -نووسینەوەی قورئان- بە شێوەیەکی جوزئی بووە و هۆی جیاوازیی بووە، جگە لەوەی دواکەوتووانە بووە بە تایبەتی لەبەر ناجێگیری ئەو ماددە و رێگایانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ ئەو نووسینەوەیە)[16]. یان گۆڵد زیهەر دەڵێت: موسوڵمانان هەڵەیان کردووە لە شوێنی ئایەتی 7ی سوورەتی (الفتح) کردوویانە بە ئایەتی 61 لە سوورەتی (النور) و ئێستا لەو شوێنەی کە تیایدایە لەقە و پەیوەندی بە پێش و پاشی خۆی نییە[17].

هۆکاری ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر قورئانی پیرۆز، جیاواز لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوژمنانیش دەزانن قورئان گرنگترین پەرتووکە و، تەنها ئەو دەتوانێت جارێکی تریش موسڵمانان لە خەو هەڵسێنێتەوە..

(گلاد ستۆن)، یەکێك بوو لە دیارترین رێگەخۆشکەری ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، دەیوت: "تا ئەم قورئانە بمێنێت ئەوروپا ناتوانێت دەستبگرێت بە سەر رۆژهەڵاتدا، بەڵکو خۆشی لە ئاسایشدا ناژی"[18]..

(لۆرد کرۆمەر)ی نوێنەری باڵای بەریتانی لە میسر، دەڵێت: "هاتوم تا 3 شت بسڕمەوە: قورئان و کەعبەو ئەزهەر"[19]..

حاکمی فەرەنسی لە کاتی داگیرکردنی جەزائیردا، دەیوت: "ئێمە ناتوانین بەسەر جەزائیرییەکاندا سەربکەوین تا ئەوان قورئان بخوێننەوە و بە عەرەبی قسەبکەن"[20].

حاخامی گەورەی ئیسرائیل مۆردەخای ئەلیاهو دەڵێت: "ئەو کتێبەی کە پێی دەڵێن قورئان گەورەترین و تاکە دوژمنی ئێمەیە، ئەو دوژمنەیە کە ئامرازە سەربازییەکانمان ناتوانن بەرەنگاری بێتەوە"[21].. چەندینی تریش.

کەواتە ئێمەی موسڵمان متمانەیەکی پتەومان هەیە بەوەی کە ئەم قورئانە هەر ئەو قورئانەیە کە لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ نوسراوەتەوە و، پاشان لە سەردەمی (خەلیفە ئەبو بەکر)دا کۆکراوەتەوە لە دووتوێی موصحەفێکدا و، پاشانیش لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا چەند وێنە (نوسخە)یەکی لێ گیراوەتەوە و، دواتریش، بە درێژایی مێژوو نوسخەی لێ گیراوەتەوە..

هەر هەمان قورئانیشە کە لە سەرەتای دابەزینی نیگاوە، لەسەردەمی هاوەڵانەوە، دەماودەم پێمان گەیشتووە، بۆیە کاتێك پارچە قورئانێکی کۆن دەدۆزرێتەوە، حەقە لە خۆمان بپرسین: کێ ئەو نوسخەیەی نوسیوەتەوە —نەوەك زانا نەبێت بە قورئان، یان ناحەز بێت- هەروەها لەسەر چ نوسخەیەك نوسیویەتیەوە، چونکە قورئان لەسەر نوسخەیەکی ئەصڵی پێش خۆی دەنوسرێتەوە، نەك تەنها لەبەر، نەبادا هەندێکی لەبیر کردبێت..

تا ئێستاش، کاتێك موصحەفێك چاپ دەکرێت، لیژنەی تایبەتی بۆ دەبەسترێت و، دەبێت ئاماژە بەوە بکەن کە لەسەر چ موصحەفێك نوسراوەتەوە و، بە چ ریوایەتێك و، پشتیان بە چ سەرچاوەیەك بەستووە لە ژمارەی ئایەتەکان و، شوێنی وەستانەکان و شێوازی نوسینەوەی موصحەف و... تا دوایی، کە ئەوەش لە کۆتایی هەموو موصحەفێکدا دەنوسرێت.

### پەراوێزەکان:

1- یەکێکە لە مۆدێرنیستەکان (الحداثيون)، کە مەزهەبێکی فیکریی ئەدەبی عەلمانیە، لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی رۆژئاوایی دروست بووە، وەك مارکسی و فرۆیدی و داریونی.. ئامانجی سڕینەوەی سەرچاوەکانی ئایینە.. بنواڕە: الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة، 2/ 867.

2- تأريخية الفكر العربي الإسلامي/ محمد أركون/ ترجمة: هاشم صالح، مركز الإنماء القومي والمركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب ، ط2، 1996م: 290- 291.

3- بنواڕە: إتقان البرهان في علوم القرآن/ د. فضل حسن عباس، دار النفائس، الأردن، ط2، 2010م، 1430هـ ، 2/ 371.

4- قطر من غيث النفع في أصول وكلمات القراءات السبع/ د. محمد نبهان مصري، دار ابن حزم، بيروت، لبنان، ط1، 2010م، 1431هـ: 10.

5- مناهل العرفان في علوم القرآن/ محمد عبدالعظيم الزرقاني، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان، ط2: 1/ 174.

6- البخاري في كتاب فضائل القرآن، باب القراء من أصحاب النبي.

7- البخاري: تفسير القرآن (4646)، مسلم: السلام (2234)، أحمد (1/458).

8- البخاري: الجمعة (1025)، مسلم: المساجد ومواضع الصلاة (575)، أبو داود: الصلاة (1412)، أحمد (2/157).

9- مناهل العرفان: 1/ 175.

10- نووسەرەکانی نیگا: ئەو هاوەڵانەن کە بە فەرمی لەبەر دەستی پێغەمبەری خواداقورئانیان دەنووسییەوە کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکی 60 کەس، لەوانەش: ئەبو بەکر و، عومەر و، عوسمان و، عەلی لە کۆچکردووەکان و، زەیدی کوڕی سابت و، ئوبەیی و... لە پشتیوانان.

11- الإتقان في علوم القرآن/ جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، حققه وعلّق عليه وخرّج أحاديثه: فوّاز أحمد زمرلي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، 1427هـ، 2007م، 156- 157.

12- تأريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه/ محمد طاهر بن عبدالقادر الكردي المكي الخطاط، 44.

13- فتح الباري 9/ 16، ولطائف الإشارات 1/ 57: الإتقان: 157.

14- الإبانة عن معاني القراءات/ أبي محمد مكي بن أبي طالب القيسي القيرواني ثمّ الأندلسي القرطبي، تحقيق: فرغلي سيد عرباوي، لبنان، ط1، 2011: 31.

15- مناهل العرفان، 1/ 188.

16- القرآن، نزوله، تدوينه، ترجمته، وتأثيره/ ريجيس بلاشير، ترجمة: رضا سعادة، دار الكتاب اللبناني، ط1، 1974م، ص29 لة كتيبى : القرآن الكريم والقراءة الحداثية، دراسة تحليلية نقدية لإشكالية النص عند محمد أركون/ د. الحسن العبّاقي، دار صفحات للدراسات والنشر، سورية، ط1، 2009م، 129 (تێبینی/ لە قسەکەی ئەرکۆن دەچێت!).

17- إتقان البرهان 2/349.

18- الإسلام على مفترق الطرق، ل41. له كتێبی: الغارة التنصيرية على أصالة القرآن الكريم/ د . عبد الراضي محمد عبد المحسن: 13.

19- الخنجر المسموم الذي طُعن به المسلمون، ل29. لة كتيَبي: الغارة التنصيرية على أصالة القرآن الكريم/ د . عبد الراضي محمد عبد المحسن.

20- قادة الغرب يقولون: دمروا الإسلام أبيدوا أهله، ل31. له کتێبی: الغارة التنصيرية على أصالة القرآن الكريم/ د . عبد الراضي محمد عبد المحسن.

21- گۆڤاری البيان ژمارە 159. لە کتێبی الغارة التنصيرية على أصالة القرآن الكريم/ د . عبد الراضي محمد عبد المحسن.

# جیاکەرەوەکانی تەشریعی قورئانی پیرۆز لە میراتیدا

ن: پرۆفیسۆر ئەحمەد یوسف سلێمان.
و: مافناس دایکی لانە.

پێشەکی:

لە سەردەمی نوێدا موسڵمانان هەوڵیانداوە ئیعجازی قورئانی پیرۆز بە شێوەی تر دەربخەن جگە لە ئیعجازی بەیان، وەك ئیعجازی زانستیی ئەمەش لە پێناو زیاتر پتەو بوونی بڕوای شوێنکەوتوانی و دڵنیابوون لەوەی کە ئەو قورئانە لەلایەن خوایەکی دانای ئاگادارەوە نێردراوە هەروەها بۆ قەناعەت پێکردنی کەسانی خاوەن ویژدان لە بێباوەڕان کە دووبارە بیربکەنەوە.

یەکێك لە ئیعجازەکانی قورئان ئیعجازی یاسادانانە واتە ئیعجازی تەشریعی کە توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە، گرنگترین ڕووی ئەم ئیعجازە دانانی سیستەمێکی بێ وێنە لە دابەشکردنی میراتە لە سێ ئایەتدا کە لە (15) دێر تێپەڕناکات لە یەکێك لە سورەتەکانی قورئاندا بەهەمان شێوەی بەرزی و بێ وێنەیی کە لە ئایەتەکانی تردا هەیە، هەرچەندە میرات پەیوەندیشی بە ژمارەوە هەیە، لەم توێژینەوەیەدا ڕادەی ڕاستی ئەو گریمانەیەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێت سیستەمی میرات لە قورئانی پیرۆزدا بێ وێنەیە، باشترە لە سیستەمەکانی پێش خۆی و کاریگەرییان لە سەری نەبووە.

## جیاکەرەوەکانی سیستەمی میراتی لە ئیسلامدا:

1- خوای گەورە خۆی میراتی دابەشکردووە بەسەر خاوەن مافەکاندا و، هەموو حوکمەکان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ئەگەر هەندێك لە حوکمەکانی بە کۆدەنگی (ئیجماع) و هەندێکی تری بە لێکچواندن (قیاس) جێگیر بووە، بەڵام کۆدەنگی پشت بە دەق دەبەستێت و، لێکچواندنیش لکاندنی لقە بە دەقە سەرەکیەکەی، بەهۆی بوونی هەمان هۆ.

2- جێبەجێکردنی لە ویژدانی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە هەڵقوڵاوە وەك هەموو یاسا شەرعییەکانی دی، کەس ناتوانێت فێڵی تێدا بکات و، ویژدانی ئاسوودە بێت، تەنها مەگەر ئەو کەسە بێباوەڕ بێت.

3- پەیوەستە بە ویستی خوای گەورە نەك ویستی مردوو یان میراتگر و، تەنها موڵکە کە بەبێ مەرجی ڕەزامەندی هەردوولا دەگوازرێتەوە، ئیسلام مافی داوە بە خاوەن سامان بە وەسیەتکردن بەڵام دەبێ تەنها لە سنووری سێیەکدا ڕەفتار بکات، بەڵام ئەگەر وەسیەت بۆ کارێك بوو لە شەرعدا ڕێگای پێ نەدرابوو ئەوا وەسیەتەکەی جێبەجێ ناکرێت لەبەرئەوەی پێویستە مرۆڤ سامانەکەی بۆ چاکەی دنیا و قیامەتی بەکاربهێنێت، هەروەها نابێت وەسیەت بۆ میراتگرەکان بکرێت واتە وەسیەت بۆ میراتگر نییە.

4- دابەشکردنی میراتی لەسەر بنەمای خزمایەتییە، ئیسلام بەشی کەسی نزیك دەدات بەبێ جیاوازی لەنێوان گەورە و بچووك، بەشی منداڵی زیاتر داوە لەوانی تر، لەبەرئەوەی ئەوان تەواوکەری کەسێتی کەسی مردوون و، لە زۆربەی کاتەکاندا ئەوان لاواز و بێدەسەڵاتن، لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنها ئەوان میراتی نابەن بەڵکو لەگەڵ ئەواندا باوك و دایك و نەنك و باپیر دەیبەن هەرچەندە کەمتر لە منداڵ دەبەن.

5- لە دابەشکردنی میراتدا ڕەچاوی پێویستی کردووە، بۆ نموونە بەشی کوڕ زیاترە لە باوك لەبەرئەوەی منداڵ لە سەرەتای ژیاندایە و پێویستی زیاتری بە سامان هەیە و، هەندێك جار بەشی نێرینە دوو ئەوەندەی مێینەیە بەهۆی پێویستی زیاتری نێرینە بەیارمەتی بەهۆی زۆریی ئەرکەکانی سەرشانی.

6- دابەشکردنی میراتی لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی سامانە بۆئەوەی لەدەستی یەك کەسدا کۆنەبێتەوە و، بەووش سامان لە دەستی کەسانێکی کەمدا بمێنێتەوە کە لەوانەیە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن و بەویستی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆیە سیستەمی ئیسلام سامان بڵاودەکاتەوە، پاشان دووبارە کۆی دەکاتەوە و پاشان جارێکی تر بڵاوی دەکاتەوە بەم شێوەیە.

7- ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت گرتووە لە میراتدا، بەشی ئەو کەسانەشی داوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە بە خاوەن سامان دەگەن، وەك منداڵی دایك، ئەم سیستەمە دادپەروەرانە ڕێکەوتووە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤ و، لەگەڵ واقعی ژیاندا ئەمەش ئاشکرا دیارە کاتێك بەراوردی دەکەین بەهەر سیستەمێکی تر لە نەفامی کۆن و ئێستادا لەسەر هەموو زەوی.

8- ئەم سیستەمە ناوازەیە تەنها لە سێ ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باسکراوە (النساء: 11، 12، 176) بە شێوەیەکیش کە هۆش و ویژدان دەدوێنێت، پێش حوکمەکانی ئەم سیستەمەش چەند ئایەتێك هاتووە بۆ ئامادەکردنی دەروونەکان بە قبوڵکردنی ئەم حوکمانە (لە ئایەتی 7 هەتا 10 لە سورەتی النساء)، دوای حوکمەکانیش دوو ئایەت هاتووە بۆ هاندان بە پەیڕەوکردن و هەڕەشەکردن لە سنوور بەزاندن (النساء: 13،14).

9- حوکمەکانی میراتی لەو حوکمە جێگیرانەیە کە گۆڕانکاری قبووڵ ناکات و، لە هەموو شوێنێکیش دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

پشت بە خوای گەورە لە ئەڵقەکانی داهاتوودا باس لە ڕووەکانی ئیعجاز لە میراتیی لە ئیسلامدا دەکەین.

سەرچاوە: کتێبی (الاعجاز التشریعي في المیراث)، أحمد یوسف سلیمان.



# موعجیزاتی قورئانی

## هەشتەم: تایبەتکاریی «پاراوی»

ن. : مامۆستا سەعیدی نوورسی
و. : فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا
Faruq_r@hotmail.com

قورئانی پیرۆز هەندێ لە کارە دەراسا و ناوازەکانی خوای گەورە لە دنیادا، باس دەکات، تاکو زەینەکان بۆ تەسدیق و دڵانیش بۆ باوەڕکردن ئامادە ببن سەبارەت بە کارە دەراساکانی خۆی کە سەر بە دواڕۆژن.. یاخود ئەو کار و فرمانە خواییەیە سەرسووڕهێنانەی کە لە دواڕۆژ و قیامەتدا ڕوو دەدەن بە جۆرێك باس دەکات کە قەناعەت و دڵنیاییمان بداتێ، بەهۆی ئەو هاووێنە زۆرانەی کە لە دنیادا دەیانبینین. بۆ نموونە:

﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾﴾

تا کۆتایی (سوورەتی یاسین)، لێرەدا قورئانی پیرۆز کێشەی حەشر بە حەوت یان هەشت شێوەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەچەسپێنێت و بەڵگەی لەسەر دەهێنێتەوە..

لە سەرەتادا "دروستبوونی یەکەم جار" پێشچاو دەخات و، دەفەرموێ: ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەبینن کە لە ئاوی مەنی دروست دەبن و پاشان دەبن بە زەروو، پاشان بە پارچەیەك گۆشت و ئنجا بە مرۆڤ.. ئیتر چۆن "دروست بوونەوەی دووەم جار" بە دوور دەزانن کە کتومت وەك دروستبوونی یەکەم وایە تەنانەت لەچاو یەکەمدا ئاسانتریشە؟..

پاشان بە: ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾ یس، ئاماژە بۆ ئەو چاکە و نیعمەت و بەخشیانە دەکات کە خاوەندی حەق بەم مرۆڤەی بەخشیون. کەواتە ئەو کەسەی ئەم چەشنە نیعمەتانەی پێ بەخشیون، هەرگیز دەستبەرداریتان نابێت تا هەر وا بێ لێپرسینەوە بڕۆنە ناو گۆڕەکانتان و تیایدا بخەون و هەڵنەسنەوە.. پاشان بە هێما دەفەرموێ: ئێوە زیندووکردنەوە و سەوزبوونەوەی درەختە مردووەکان بە چاوی خۆتان دەبینن، ئەدی بۆچی بەلاتانەوە دوورە کە ئەو ئێسکانەی وەك تەختە و داری بێگیانیان لێ هاتووە ژیانیان تێدا پەیدا ببێتەوە و بۆچی قیاسی ئەو ئێسکانە ناکەنە سەر درەختە مردووەکان؟..

پاشان ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی ئاسمانەکان و زەویی بەدی هێناوە، لە زیندووکردنەوە و مراندنی مرۆڤدا — کە بەری درەختی زەوی و ئاسمانەکانە — کۆڵەوار و دەستەوسان بێت؟.. یان ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی کە هەموو کارێکی درەخت بەڕێوە ببات و چاودێریی بکات، بەڵام بەری ئەو درەختە پشتگوێ بخات و فەرامۆشی بکات بۆ کەسانی تر؟ ئایا لەو گومانەدان: "درەختی بەدیهاتووان" کە هەموو بەشێکی بە هەویری "دانایی" شێلراوە، بۆ بێ مەبەستی و بێهوودەیی وازی لێ بهێنرێت و دەستی لێ هەڵبگیرێت و بەر و ئەنجامەکانی پشتگوێ بخرێت؟! کەواتە ئەو کەسەی دوایی لە حەشردا زیندووتان دەکاتەوە، هەر ئەو کەسەیە کە کاروباری ئاسمانەکان و زەویی بەدەستە و، سەرجەمی بوونەوەرانیش چەشنی سەربازی گوێڕایەڵ ملکەچی فەرمانی ئەون و، هەموو ئەوانەی بە تەواوەتی و لە ڕێی فەرمانی: (كُنْ فيكون)ەوە بۆ کار و فرمانەکانی خۆی ژێربار خستووە.. ئەو کەسەی کە بەدیهێنانی بەهاری بەلاوە بە ئەندازەی بەدیهێنانی یەك تاقە گوڵ و دروستکردنی سەرجەمی زیندەوەرانیش بەلای توانستیەوە بە قەدەر دروستکردنی یەك دانە مێش ئاسانە.. جا کەسێ کە خاوەنی توانستێکی وەهابێت هەرگیز پێیناوترێت: (مَنْ يُحيِ العظام)؟

پاشان بە دەستەواژەی: ﴿فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾ یس، دەری دەخات کە: هەر تەنها خوای گەورەیە کاروبار و کلیلی هەموو شتێکی بەدەستە و بەوپەڕی ئاسانیی چەشنی هەڵگێڕانەوەی لاپەڕەی کتێب، شەو و ڕۆژ و زستان و هاوین ئاڵوگۆڕ دەکات و، دنیا و قیامەتیش لای ئەو وەک دوو مەنزڵ وان کە دەرگای یەکێکیان دابخات و ئەوی تریشیان بکاتەوە. جا مادەم وایە، ئەوا ئەنجامی گشت ئەو بەڵگانەی پێشوو بریتییە لە: ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە هەر ئەویشە کە لە گۆڕەکانتاندا زیندووتان دەکاتەوە و بەرەو حەشر دەتانداتەبەر و لە دیوانی خاوێنی خۆیشیدا حسابی خۆتان دەداتێ.



بەم جۆرە، دەبینیت ئەم ئایەتانە (بەوەی کە: هاووێنەی حەشریان لە دنیادا، خستەڕوو) زەین و دڵانیان بۆ وەرگرتنی کێشەی حەشر ئامادە کرد. هەندێ جاری تریش قورئانی پیرۆز کارە قیامەتی‌یەکان بە شێوەیەک باس دەکات کە چاوی هەستی مرۆڤ بکاتەوە و ئاماژەی بۆ هاوچەشنەکانی ئەو کارە سەر بە قیامەتییانە بۆ بکات کە لە دنیادا هەن تاکو ڕێی ئینکاری کردن لە مرۆڤ بگرێت و بەدوورزانین لە زەینیدا لابدات. بۆ نموونە:

﴿ إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ ٢ وَإِذَا ٱلْجِبَالُ سُيِّرَتْ ٣
وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ٤ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ٥ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ٦
وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ٧ وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ٨ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ٩ وَإِذَا
ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ ١٠ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتْ ١١ ﴾ التكوير، تا کۆتایی سوورەتەکە.

﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ ١ وَإِذَا ٱلْكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتْ ٢ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ٣
وَإِذَا ٱلْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ٤ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ٥ ﴾ الانفطار، تا کۆتایی سوورەتەکە.

﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ ١ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ٢ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ٣ وَأَلْقَتْ
مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ٤ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ٥ ﴾، تا کۆتایی سوورەتەکە.

دەبینیت ئەم سوورەتانە بە تەرز و شێوازێک لە ئاڵوگۆڕە مەزن و کاروبارە گەورە پەروەردگاری‌یەکانی سەر بە حەشر دەدوێن کە دڵی مرۆڤ پابەندی سەرسووڕمانێکی گەورە و عەقڵیشی گرفتاری سەرسامی‌یەکی مەزن دەکەن.. بەڵام هەر ئەوەندەی مرۆڤ لە پایز و بەهاردا هاووێنەی ئەو ڕووداوانە بە چاوی خۆی دەبینێت، ئەوا بەوپەڕی ئاسانی وەری دەگرێت و باوەڕی پێ دەکات.

جا لەبەر ئەوەی تەفسیرکردنی ئەم سێ سوورەتە درێژە دەکێشێت، ئەوا بۆ نموونە تەنها وشەی: ﴿ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ ﴾ وەردەگرین و لە بارەیەوە دەدوێین:

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە: لە ڕۆژی حەشردا هەموو کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر لاپەڕەیەکدا تۆمار کراون و دەخرێنە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە شتێکی سەیر و سەرسووڕهێنەرە، عەقڵ پەیی پێ نابات. بەڵام سوورەتەکە هەروەک ئاماژە بۆ حەشری بەهارانە دەکات و، هەروەک خاڵ و لایەنەکانی تریش لە دنیادا هاووێنەیان هەیە، بە هەمان جۆر "خستنەڕووی لاپەڕەی کردەوەکانی مرۆڤیش" هاووێنەیان لەم دنیایەدا ئاشکرایە، ئەوەتا هەموو: بەر و، گیا و، درەختێک خاوەنی کردەوە و، فەرمانبەری و، بەندایەتی و، تەسبیحاتی تایبەتیی خۆیانن، بە شێوەیەک کە ناوە جوانەکانی خوای گەورەیان پێ دەربکەوێت.

ئنجا سەرجەمی ئەم هەموو کارانەش لەگەڵ مێژووی ژیانی ئەم بەر و گیا و درەختەدا لە یەکبەیەکی ناوک و تۆوەکانی‌دا تۆمارکراون و هەر هەموویشیان جارێکی تر لە بەهارێکی تر و جێیەکی تردا دەردەکەونەوە. واتە هەروەک یەکبەیەکی ئەوانە بەوپەڕی ڕوونی و ڕەوانی و بە شێوە و شکڵە ڕواڵەتی‌یەکەی، کارەکانی باب و باپیرانی پێشووی دەردەخات، بە هەمان جۆر و لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پەلەکان و دەمکردنەوەی گەڵا و بەرەکانی، لاپەڕەی کردارەکانی خۆیشی بڵاو دەکاتەوە و دەیانخاتە ڕوو.

بەڵێ، ئەو کەسەی کە هەر لە بەرچاوی خۆماندا بەوپەڕی دانایی و، پارێزگاری و، پەروەردەکاری و، نەرمونیانی، ئەم کارە ئەنجام دەدات، هەر ئەویشە کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ ﴾.

بۆ خۆت بەم چەشنە خاڵەکانی تریش قیاس بکە بۆ سەر ئەمە و، گەر توانا و هێزی هەڵێنجان (استنباط)یشت هەیە، ئەوا فەرموو بۆ خۆت هەڵبگۆزە.

**هەندێ جاری تریش قورئانی پیرۆز کارە قیامەتییەکان بە شێوەیەك باس دەکات کە چاوی هەستی مرۆڤ بکاتەوە و ئاماژەی بۆ هاوچەشنەکانی ئەو کارە سەر بە قیامەتییانە بۆ بکات کە لە دنیادا هەن تاکو ڕێی ئینکاری کردن لە مرۆڤ بگرێت و بە دوورزانین لە زەینی لا بدات**

وا بۆ یارمەتی‌دانت ﴿ إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾یش باس دەکەین:

وشەی: "كُوِّرَتْ" کە لەم ڕستەیەدا هەیە، واتای: "پێچانەوە" و "کۆکردنەوە" دەگەیەنێت و، نموونەیەکی گەلێ ڕوون و ئاشکرایە. سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بۆ هاووێنەشی لە دنیادا، دەکات:

یەکەم: خوای گەورە پەردەکانی: نەبوون و، "اثیر" و، ئاسمانی لەسەر گەوهەری ئەو "خۆر"ە لاداوە کە چەشنی چرا دنیای ڕووناک کردووەتەوە و لە گەنجینەی میهرەبانیی خۆیەوە هێناویەتە ئەم دنیایە. جا هەرکات ئەم دنیایە تەواو بوو و دەرگاکانی داخران، ئەوا خواوەند ئەو گەوهەرە بە بەرگەکانی خۆی دەپێچێتەوە و کۆی دەکاتەوە.

دووهەم: "خۆر" کاری ئەوەی پێ سپێرراوە کە بەیانیان تیشکی ڕووناکی بڵاو بکاتەوە و، ئێوارانیش بیانپێچێتەوە و سەرلەنوێ کۆیان بکاتەوە. بەم چەشنە، شەو و ڕۆژ کارەکانیان بە نۆرە لەسەر زەوی ڕادەپەڕێنن، ئنجا کە لە کارەکانیان بوونەوە شمەک و کەرەسەکانیان کۆ دەکەنەوە. یان لەوانەیە "مانگ" تا ڕادەیەک پەردەیەک بێت بۆ (وەرگرتن و بەخشینەکانی ئەو خۆرە). واتە هەروەک ئەم کارمەندە ئەرک پێ‌سپێرراوە لە ڕێی ئەم هۆیانەوە شمەکەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە و دەفتەری تۆماری کارەکانی دەپێچێتەوە، دەبێ بە هەمان جۆریش ڕۆژێک بێتە پێشەوە کە بە تەواوەتی ئەرک و کارمەندی‌یەکانی ئەستۆی تەواو ببن، با هیچ هۆیەکیش بۆ لەکارخستنی لە ئارادا نەبێت.

لەوانەیە ئەو دوو پەڵە بچووکەی کە گەردوونناسان بە ڕووی خۆرەوە دەیبینن و هەردەم لە فراوانبووندان، ئەوە دەربخەن کە: خۆر بە فەرمانی خوای گەورە و لە ڕێی فراوانبوونی ئەو دوو پەڵەیەوە وردە وردە ئەو ڕووناکی‌یەی خۆی کۆ بکاتەوە و بیپێچێتەوە کە بە فەرمانی خوای گەورە بەسەر زەوی‌دا بڵاوی کردبووەوە، ئنجا پەروەردگاری خاوەن عیززەتیش پێی بفەرموێ: (ئالێرەدا کاری تۆ لەگەڵ زەوی‌دا کۆتایی پێ هات.. هەر ئێستا ڕاپەڕە و بڕۆ بۆ دۆزەخ ئەوانە بسووتێنە کە تۆیان دەپەرست و، کارمەندێکی گوێڕایەڵ و ملکەچی وەک تۆیان بە سووکی سەیر دەکرد و، تۆمەتی خیانەت و بێوەفاییان دەدایە پاڵ)! بەم شێوەیە "خۆر" فەرمانی پەروەردگاریی: ﴿ إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ لەسەر ڕووە پەڵاوی‌یەکەی خۆی دەخوێنێتەوە!



# سەبارەت بە قورئان وتوویانە

## ئەڵقەی شەشەم

نووسین و ئامادەکردنی: دکتۆر عیمادەدین خەلیل
وەرگێرانی: فارووق ڕەسوول یەحیا Faruq_r@hotmail.com

### سێرۆیا

«هێنری سێرۆیا Henri Serouya» خۆرهەڵاتناسێکی فەرەنسییە. لە بەرهەمەکانی: «موسي بن ميمون: ترجمة وآثاره وفلسفته»، «الصوفية والمسيحية واليهودية»، «فلسفة الفكر الاسلامي».

**لە وتەکانی:**

«قورئان سرووشێکە لە لایەن خوای گەورەوە، شێوازی مرۆڤ نزیکی نابێتەوە. لە هەمان کاتیشدا شۆرشێکی «بیروباوەر»ە کە دان نە بە پاپا و نە بە هیچ کۆڕێکی زانایانی دیان و قەشەکاندا نانێت، چونکە هیچ ڕۆژێک ئیسلام لەوە نەترساوە کە بیری بە حەکەم کردنی عەقڵی فەلسەفی لە دژی هەڵبستێت.

خۆ ئەگەر بەراوردێکی ئیسلام بە ئایینی یەهوودی و مەسیحی بکەین، چەند هێڵێکی جیاکار دەبینین کە بە تەواوی لەگەڵ ئەواندا، بە تایبەت لەگەڵ مەسیحییەتدا وەک یەک دەرناچن. چونکە سیستەمی مەسیحی و یەهوودی لە هی ئیسلام جیان، ئەوەتا لە ئیسلامدا بۆشایی نییە لە نێوان بەدیهێنەر و مرۆڤی بەدیهێنراودا، کەچی ئەم بۆشاییە لای جوولەکە و مەسیحییەکان بە هۆکارەکان پڕ کراوەتەوە. خۆ هیچ کام لەم شتانە لەگەڵ ئیسلامدا یەک ناگرنەوە.

محەممەد ﷺ پێغەمبەرێکە لە لایەن خواوە ڕەوانە کراوە، هیچ کات نکوولیی دەرنەبڕیوە لە بانگەوازی هەریەک لە مووسا و عیسا -درووديان لەسەر بێت- بەڵکو هەمموو تەقالایەکی لەوەدا بوو کە بە پێی ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ئەو دوو بانگەوازە پاڵفتە بکات. قورئان لە یەکەم ساڵی نازڵبوونیەوە هێرشی کردە سەر بڕوای سێکوچکەیی و، هۆشیاریی دا کە «عیسا» جگە لە پیاوێک کە کوڕی مەریەمە - نەک کوڕی خوا- شتێکی دیکە نییە و، وتنی ئەوەش کە خوا کوڕی هەبێت «شیرک»ێکی هێندە گەورەیە کە وەختە ئاسمانەکان پەرت بکات و زەوی قڵیش ببات و چیاکانیش دووچاری هارین ببن. «روح القدس»یش تەنها مەلائیکەیەکی وەک جیبریلە، ڕۆڵی ئەوەیە کە بانگەوازە پیرۆزەکە بۆ عیسا و محەممەد ﷺ بگوێزێتەوە. «مەریەم»یش ئافرەتێکی داوێن پاک و خاوێنە، نەک دایکی خوا»[1].

### شاد

«بەشیر ئەحمەد شاد» ساڵی 1928ز لە بنەماڵەیەکی فەلەی هیندی لە دایک بووە. باوکی موبەششیرێکی نەسرانی بووە و، هەوڵی داوە کوڕەکەی لەسەر هەمان ڕێباز پێبگەیەنێت. ساڵی 1974ز خوێندنی تەواو کردووە و، وەک موبەششیر لە «لاهور» دەستی کردووە بە کارەکانی. بەڵام دوای بیست ساڵ لێکۆڵینەوە، بە تەواوی قەناعەتی بە ئایینی نەسرانی نەما و، ساڵی 1967ز موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.

**هەندێ لە وتەکانی:**

1- کاتێ ئیمانم بە یەکتاپەرستی هێنا، کەوتمە گەڕان بە دوای ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن «قورئان» کتێبی خوای گەورەیە و دواهەمینی کتێبە ئاسمانییەکانە. من گەلێ سوپاسی خوا دەکەم کە ڕێی چارەسەری ئەم کێشەیەی بۆ ئاسان کردم. چونکە قورئانی پیرۆز تاقانە کتێبە کە دان بە کتێبە ئاسمانییەکانی دیکەدا دەنێت، کەچی دەبینین هەندێکی ئەوان دان بە هەندێکیاندا نانێن. لە ڕاستیدا ئەمەش یەکێکە لە تایبەتکارییەکانی قورئانی پیرۆز کە دواهەمینی کتێبە ئاسمانییەکانە»[2].

2- قورئانی پیرۆز تاقانە کتێبی ئاسمانییە کە هەزاران کەس لە شوێنە جیاجیاکانی سەرزەویدا لەبەریان کردووە و لەو ڕێیەوە پاراستوویانە، کەچی دەبینین کتێبە پیرۆزەکانی (ئایینەکانی) تر تەنها بە خەتی چاپکراو پارێزراون. خۆ ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک کتێبە چاپکراوەکان نەمێنن، هەر قورئان تەنیا کتێبی خوا دەبێت کە لە سنگی مرۆڤەکاندا پارێزراو دەبێت..

بەم جۆرە، قورئان مافی ئەوەی هەیە شانازی بکات بەوەی کە لە دەستکاری پارێزراوە و، لەو ڕۆژەوە کە وەحی هێناویەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ تا ئێستا یەک پیتی لێ زیاد و کەم نەبووە. هیچ ناسازی و هەڵەیەک لە هیچ جۆرێکی (نووسینەکانی) قورئاندا نییە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە نوسخەکانی ئێستای سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکانی تر پڕن لە دەستکاری و گۆڕانکاری. ئەمەش هۆکارێکی باوەڕهێنانمە بە ئیسلام»[3].

### ڤاگلێری

«لاورا ڤێچە ڤاگلێری Laura Veccia Vaglieri» ئافرەتە توێژەرێکی هاوچەرخی ئیتالییە. لێ براوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن و نوێی ئیسلام و، فیقهی زمان و ئەدەبیاتی.

ئەمەش ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: «قواعد العربية» دوو بەرگ (1937 - 1941ز)، «الإسلام» 1946ز، «دفاع عن الإسلام» 1952ز، هەروەها چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەش کە لە گۆڤارە ناسراوەکانی «خۆرهەڵاتناسی»دا بڵاو کراونەتەوە.

**هەندێ لە وتەکانی:**

1- موعجیزەی هەرە گەورەی ئیسلام ئەو «قورئان»ەیە کە لە ڕێی ڕیوایەتی جێگیر و نەپچڕاو چەندین هەواڵمان بۆ دەگوێزێتەوە کە بە دڵنیایی ڕەها وەسف دەکرێن.

قورئان کتێبێکە هەرگیز ڕێگایەک بۆ لاسایی

کردنەوەی نییە، هەموو یەکێکی دەستەواژەکانی گشتی و هەمەلایەنەن، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەیەکی گونجاوی هەیە، نە هێندە دوور و درێژە لە پێویست زیاتر بێت و نە هێندەش کورتە کە لە پێویست کەمتر بێت. شێوازەکەشی ڕەسەن و تاقانەیە. لەو ئەدەبی عەرەبییەی گەیشتووەتە دەستمان و هی سەردەمانی پێش قورئانن، هیچ جۆرە شێوازێکی هاوشێوەی قورئان نییە. ئەو کاریگەرییەش کە قورئان لە دەروونی مرۆڤدا دروستی دەکات تەنها لە ڕێی بەرزیی سەلیقەی خۆیەتی و بە بێ هیچ هاوکارێکی دەرەکی و خستنە پاڵی شتێکی دیکەیە. هەموو یەکێکی ئایەتەکانی لە هەمان ئاستی ڕەوانبێژیدان تەنانەت لەو کاتانەشدا کە باس لە بابەتگەلێک دەکات کە دەبوو کاریان بکردایەتە سەر ئایەتەکان و زایەڵەیان، وەک بابەتەکانی وەسیەت و نەهی و هاوشێوەیان. «قورئان» چیرۆکی پێغەمبەران – درووردیان لەسەر بێت – و، وەسفەکانی سەرەتا و کۆتایی جیهان و، سیفەتەکانی خوا و لێکدانەوەیان دووپات دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی هێندە سەرنج ڕاکێش کە کاریگەرییان لاواز ناکات.. هەروەها لە بابەتێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ بابەتێکی دیکە، بێ ئەوەی هێز و پێزی خۆی لەدەست بدات. ئێمە لە شێوازی ئەم قورئانەدا دەکەوین بەسەر «قووڵی» و «سازگاری»دا پێکەوە، کە دوو سیفەتن بە پێی عادەت (لە بەرهەمێکدا) کۆ نابنەوە، چونکە جێبەجێ بوونی هەموو وێنەیەکی ڕەوانبێژیی بە تەواوی تێدا دەبینیت. ئیتر چۆن دەکرێت ئەم کتێبە دەستەوسانکارە کاری محەممەد ﷺ بێت، کە ئەو عەرەبە نەخوێندەوارەیە دوو سێ بەیت نەبێت زیاتری نەهۆنیوەتەوە کە ئەوانیش هیچ بەهرەیەکی شیعری پیشان نادەن»[4]؟

2- هێشتا هەر بەڵگەیەکی دیکەشمان بۆ سەرچاوە خواییەکەی قورئان لە بەردەستدایە لەم حەقیقەتەدا، کە بریتییە لەوەی: بە درێژایی ئەو سەدە درێژخایەنانەی نێوان نازڵبوونی و هەتا ئەمڕۆ، دەقەکەی بە پاک و خاوێنی و بێ هیچ دەسکارییەک ماوەتەوە. بە پشتیوانیی خوا هەتا گەردوونیش بمێنێت بەو حاڵی پاک و خاوێنی و دەسکاری نەکراوییەی دەمێنێتەوە»[5].

3- «ئەم کتێبەی کە ڕۆژانە بە پانتایی و درێژیی جیهانی ئیسلامی دەخوێنرێتەوە، هیچ هەستێکی بێزاری ناخاتە دەروونی ئیمانداراەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕێی خوێندنەوەی دووپاتبوو «قورئان» ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر خۆی لای ئیمانداران خۆشەویست دەکات.

قورئان هەستێکی قووڵی سام و شکۆمەندی دەهاوێتە دەروونی ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە یان گوێبیستی دەبێت. مرۆڤ بە ئاسانی و بێ هیچ گرفتێک دەتوانێت لەبەری بکات. تەنانەت لەمڕۆدا و لەگەڵ پاشەکشێی شەپۆلی ئیمانیشدا هەزاران کەس دەبینین کە دەتوانن هەموو قورئان لەبەر بخوێننەوە. هەر تەنها ژمارەی ئەوانەی کە لە میسردا قورئانیان لەبەرە زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی کە لە هەموو ئەورووپادا دەتوانن ئینجیل بخوێننەوە»[6]!

4- «بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام نە لە ڕێی «هێز»ەوە بووە و، نە بە هەوڵ و تەقالای دانەبڕاوی موبەششیرەکان. بەڵکو ئەو تەنها شتەی کە بووەتە هۆی ئەو بڵاوبوونەوەیە لەوەدایە کە ئەو کتێبەی موسڵمانەکان پێشکەشی گەلە ژێرکەوتووەکانیان کرد و سەرپشکیان کردن لە وەرگرتن یان لە وەرنەگرتنیاندا: کتێبی خوایە.. وشەی حەقە.. گەورەترین موعجیزەیە کە محەممەد ﷺ توانیویەتی پێشکەشی کەسە ڕاڕاکانی سەر ئەم زەوییەی بکات»[7].

5- سەبارەت بە هەر شتێک کە پەیوەندیی بە بەدیهێنانی گەردوونەوە هەبێت، ئەوا قورئان وێڕای ئاماژەدانی بە حاڵەتی بنەڕەتی و بناغەی جیهان، هیچ سنوورێک لە بەردەم هێزەکانی ژیریی مرۆڤدا دانانێت، بەڵکو ڕێگا بە ڕەهایی و کراوەیی دەخاتە سەر پشت، تاکو ژیرییەکان ئەو ڕێگایە بگرنەبەر کە دەیانەوێت»[8].

## ڤاییز

«لیۆپۆڵد ڤاییز Leopold Weiss» بیریار و ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی نەمسایە، موسڵمان بووە و خۆی ناوناوە «محەممەد ئەسەد». لە کتێبە بەنرخەکەیدا «الطريق إلى مكة» درێژەی گەشتی خۆی بەرەو ئیسلام باس کردووە. ساڵی 1927ز لە شاری حەیدەر ئابادی هیندستان لەگەڵ نۆ موسڵمانێکی دیکەدا بە ناوی «ولیەم بیکتۆڵ» گۆڤاری «الثقافة الاسلامية»ی دەرکردووە کە تیایدا گەلێ هەڵەی خۆرهەڵاتناسانی لە بارەی ئیسلامەوە ڕاست کردووەتەوە. ئەمەش ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: «وەرگێڕانی صەحیحی بوخاری بۆ زمانی ئینگلیزی، «أصول الفقة الإسلامي، الطريق إلى مكة، منهاج الإسلام فى الحكم، الإسلام على مفترق الطرق».

**هەندێ لە وتەکانی:**

1-«بەم جۆرە و بە ئاماژەدان بە هۆشیاری و ژیری و زانیاریی مرۆڤ، قورئان دەستی کرد بە نازڵبوون»[9].

2-«ئەلیسای خێزانم – بە وێنەی من – بە تێپەڕبوونی کات پتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو پێکەوە نووسانە نادیارەی نێوان ڕێنماییە ڕەوشتییەکانی قورئان و ڕێنماییە عەمەلییەکانی. خوا لە ڕوانینی قورئانەوە داوای ملکەچییەکی نابینایانەی لە مرۆڤ نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ژیریی مرۆڤدا دواوە کە: خوا لە چارەنووسی مرۆڤەوە دوور نییە، بەڵکو لە ڕەگی لامل نزیکترە لێیەوە. قورئان هیچ هێڵێکی جیاکەرەوەی نەکێشاوە لە نێوان ئیمان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکاندا»[10].

3- «ئێستا و بە شێوەیەک کە دەمقاڵێ هەڵناگرێت تێدەگەم ئەو کتێبەی گرتبووم بە دەستمەوە کتێبێک بووە لە لایەن خوای گەورەوە بە وەحی هاتووە. خۆ هەرچەندە زیاد لە سیازدە سەدەیە لە بەردەستی مرۆڤدا دانراوە، کەچی قورئان بە ئاشکرا چاوەڕوانی هاتنەدیی شتی ئەوتۆ بووە کە مەگەر لەم سەردەمە ئاڵییە ئاڵۆزەی ئێمەدا توانرابێت وەک حەقیقەتێک بێتەدی.

خەڵکانی هەموو سەردەمێک پێشبڕکێیان بۆ زۆرکردنی ماڵ و مناڵ و سامان بە خۆیانەوە بینیوە، بەڵام هیچ کاتێکی پێشتر ئەم پێشبڕکێیە بۆ زۆرکردن نەگەیشتووەتە ئەوەی کە تەنها حەزێکی پەتی بێت بۆ خاوەندارێتیی شتەکان و، ببێتە یاری و ڕابواردنێک ڕێ لە بینینی شتی تر بگرێت، وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ زیاتر لەچاو دوێنێ و سبەینێش زیاتر لەچاو ئەمڕۆدا ڕوودەدات. ئێستا تێگەیشتم کە ئەمە[11]تەنها حیکمەتێکی مرۆیی کەسێک نەبووە کە لە ڕابوردوویەکی دووری ناو دوورگەی دووری عەرەبدا ژیابێت. چونکە ئەم مرۆڤە چەندەش تا ئەم ڕادەیە حیکمەتی لەم جۆرەی هەبێت، هێشتا هەر بە تەنیا خۆی ناتوانێت پێشبینی بۆ ئەو سزایە بکات کە ئەم سەدەی بیستەمە پێی تایبەتمەندە. لە ڕاستیدا لە قورئانەوە دەنگێک لەگەڵ مندا دەدواکە زۆر گەورە تر بوو لە دەنگی محەممەد ﷺ »[12].

---

(١) فلسفة الفكر الإسلامي: ٣٢ - ٣٣.

(٢) رجال ونساء أسلموا: ٧/١٩-٢٠.

(٣) هەمان سەرچاوە: ٧/٢٠.

(٤) دفاع عن الإسلام: ٥٦ -٥٧.

(٥) هەمان سەرچاوە: ٥٨ - ٥٩.

(٦) هەمان سەرچاوە: ٥٩.

(٧) هەمان سەرچاوە: ٥٩.

(٨) هەمان سەرچاوە: ٦٠.

(٩) الطريق إلى مكة: ٣٠٣.

(١٠) هەمان سەرچاوە: ٣١٨.

(١١) ئاماژە بۆ سوورەتی «التكاثر»ی قورئانی پیرۆز دەکات کە بە ئیعجازێکی غەیبی هەواڵی لە قەیرانی سەدەی بیستەم داوە.

(١٢) هەمان سەرچاوە: ٣٢٨ - ٣٢٩.

## ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی:

# (وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ ...) شەق بوونی گوێ و چاو

ن: د.کاوە فەرەج سەعدون drkawa_sadoon@yahoo.com

لە ئەنجامی تێڕوانینی زانایان و پزیشکان لە قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەلەی مرۆڤ یەکێک لەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەی کە مرۆڤ سەرسام دەکات بریتییە لە ڕووداوی دروستبوونی چاوەکان و گوێکانە لە کۆرپەلەدا، ئەمانە بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی لە کۆرپەلەی مرۆڤدا دروستدەبن، و هیچ کەسێک ناتوانێت تەصەوری دروستبوونیان بکات ئەگەر بە چاوی خۆی نەیبینێت.

لەلایەکی ترەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە کە پێغەمبەرمان ﷺ لە هەندێک پاڕانەوە و لەکاتی کڕنووش بردنیدا دەیفەرموو: (عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ....... وَإِذَا سَجَدَ قَالَ « اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ».......) (رواه مسلم)، واتە: پێغەمبەر ﷺ لە کاتی کڕنووش بردندا ئەم نزایەی دەخوێند: خوای گەورە بۆ تۆ کڕنووشم برد و باوەڕم بە تۆ هێناوە و خۆم تەسلیمی تۆ کردووە، ڕوخسارم کڕنووشی برد بۆ ئەو کەسەی کە دروستی کردووە و وێنەی کێشاوە و بیستن و بینینی لێوە شەق کردووە و دروستکردووە (واتە چاوەکان و گوێکان)، پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە باشترینی دروستکەرانە.

دەربڕینێکی سەرنج ڕاکێشە کە دەبینین ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە بیستن و بینین لە ڕوخسارەوە بە شێوەی شەقبوون دروستدەبن، ئەوەی ڕوونیدەکەینەوە ئەوەیە ئەم فەرموودەیە بەهێنانی دەستەواژەی (شەقبوون) ئیعجازێکی زانستی و ئیعجازێکی هەواڵدان لەخۆی دەگرێت.

کۆرپەلەزانی نوێ بۆمان باسدەکات کە 3 کرداری سەرەکی هەیە لەکاتی دروست بوونی چاوەکان و گوێکاندا:

1-کردارێکی دروستبوون لەڕێی جیابوونەوەی ئەندامێک لە ئەندامێکی تر و دەرهێنانی لێیەوە.

2-کردارێکی دروستبوونی چاڵاییەک.

3-کردارێکی لەتبوون و درانی پەردەکان.

لە زمانی عەرەبیدا ئەو وشەیەی کە تەعبیر لەم هەموو کردارانە دەکات و هەموو ئەو مانایانە کۆدەکاتەوە بریتییە لە وشەی شەق کردن (شَقَّ):

- لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: (واشتقاق الحرف: أخذه منه) واتە: شەق کردن و دەرهێنانی پیتێک لە پیتێکی تر مانای: دەرهێنان دەگەیەنێت.

- لە (معجم مقاييس اللغة)دا هاتووە: (شَقَّ : يدلُّ علي انصداع في الشَّيء) واتە: شەق کردن مانای دروستبوونی درز و چاڵایی لە شتێکدا دەگەیەنێت. هەروەها لە (لسان العرب)دا هاتووە: (والشَّقُّ: الصَّدع البائن) واتە: شەق بریتییە لە چاڵاییەکی (قڵشێکی) ئاشکرا.

- دەربارەی مانای سێیەم: لە (لسان العرب)دا هاتووە: (شقّ الثياب: مَزَّقَه تَمزيقاً) واتە: شەق کردنی جل بریتییە لە لەت و پەت کرن و دڕاندنی، کەواتە هەر سێ مانا زانستیەکەی زاراوەی شەقکردن لە زمانی عەرەبیدا دەدرێتە پاڵ وشەی (شقّ).

با ئێستا بچینە سەر درێژەی بابەتەکە، تا بزانین لە ڕووی کۆرپەلەزانییەوە ئەوەی کە ڕوودەدات لە بواری دروستبوونی گوێکان و چاوەکان چییە و ئایا ئەو مانایانەی بەسەردا دەچەسپێت؟

### لە بواری دروستبوونی چاوەکاندا:

یەکەم جار لە بەرزایی سەری کۆرپەلەکەدا دوو چاڵایی بچووک پەیدادەبن کە ناودەبرێن بە چاڵایی بینین (Optic Sulcus) ئەمانە لە بەشی پێشەوەی هەردوو لای بۆری دەماریی یان توێی دەماری (Neural Folds) لە ڕۆژی 22دا دروستدەبن، کە پاشان هەردوو بۆری دەماریی یەکدەگرن و مێشکی پێشەوە (Forebrain)ی کۆرپەلەکە دروستدەکەن، لە هەمان کاتدا ئەو دوو چاڵاییەی کە لە هەردوولای بۆرییەکەدا بوون ئەستوور دەبن و هەر یەکەیان قەدێکی بینین (Optic Stalk) دروستدەکەن، کە هەریەکەیان نزیک دەبێتەوە لە سەر ڕووی پێست لە هەردوو لای مێشکی کۆرپەلەکەوە، پاشان بە شێوەی توورەکەی بینین دەردەکەون لەسەر ڕووی پێست، کۆتایی ئەم قەدە بۆ ناوەوە دەچەمێتەوە، لێرەوە شێوە توورەکەییەکەی دەگۆڕێت بۆ چاڵاییەک کە لە کووپ دەچێت و پێی دەووترێت کووپی بینین (الكأس البصرية Optic Cup).




ئەم وێنانە گەشە کردنی چاو ڕوون دەکاتەوە، دەبینین کە چۆن بلقی هاوێنەی چاو لە چینی دەرەوەوە شەق دەبێت و جیادەبێتەوە و دەچێتە ناو چاڵایی کووپی بینینەوە

لەگەڵ چەمانەوەی کۆتایی ئەم قەدە بۆ ناوەوە کرداری لۆچ بوونی پێست (یان ئیکتۆدێرمی دەرەوە) بەسەریدا ڕوودەدات بۆ دروست کردنی بڵقی هاوێنەی چاو (Lens Vesicle) کە لە سەرەتادا بەنووساویی بە پێستەوە دەمێنێتەوە، لە کردارێکی تردا ئەم بڵقە (هاوێنەیە) کە لە پێستەوە دروست بووە لێی جیادەبێتەوە و شەق دەبێت و لە پێست دەهێنرێتە دەرەوە و دەچێتە ناو چاڵایی کووپی بینینەوە.




لەم هێلکارییانەدا دەبینین کە چۆن پەردەی داپۆشەری ڕەشێنەی چاو شەق دەبات و دەکرێتەوە و نامێنێت لە هەفتەی (٢٠)دا. لەم هێلکارییانەدا دەبینین چۆن توورەکەی بینین لە چینی دەرەوە جیادەبێتەوە و شەق دەبێت و نوقم دەبێت لەناو چاڵایی بینیندا، وەك فەرموودەکەی پێغەمبەر دەفەرموێت: {وشق سمعه وبصره ...}

لەگەڵ ئەمانەشدا چینێک لە میزۆدێرم کە ئەم هاوێنەیە دادەپۆشێت و پێیدەووترێت پەردەی پارێزەری هاوێنەیی (Iridopupillary Membrane)، ئەم پەردە پارێزەرە شەق دەبێت و کونێک دروست دەکات لە پێشەوەی هاوێنەدا (کە لەدواییدا (Iris) یان کونی ڕەشێنەی چاو دروست دەکات)*.

لە کۆتاییدا هەردوو پێڵووەکان کە لە هەفتەی دەیەمدا پێکەوە دەنووسێن، لە هەفتەی (26)دا لەت دەبن و شەق دەبن و دەکرێنەوە بۆ دروستکردنی هەردوو پێڵووی سەرەوە و خوارەوە لە هەر چاوێکدا.




چەند دیمەنێکی ڕاستەقینەی دروست بوونی چاوەکان لەرێی شەقبوونەوە

## لە بواری دروستبوونی گوێکاندا:

گوێی مرۆڤی پێگەیشتوو لە سێ بەش پێکهاتووە:یەکەم:گوێی ناوەوە (Inner Ear)،دووەم:گوێی ناوەڕاست (Middle Ear)،سێیەم:گوێی دەرەوە (Outer Ear).

گوێی ناوەوە بە هەمان ڕێگەی دروستبوونی هاوێنەی چاو دروست دەبێت، بەڵام لە بەشی پشتەوەی مێشکەوە (Hindbrain)، کە چاڵاییەکی بچووک بەناوی چاڵایی گوێ (Otic Pit) لە چینی ئیکتۆدێرمی دەرەوە دروست دەبێت، ئەم چینە بەسەر خۆیدا لوول دەخوات و دەبێتە هۆی جیابوونەوە و شەق بوونی بڵقێکی پێست کە لێیەوە دەردەهێنرێت و بەرەو ناوەوە کۆچ دەکات و توورەکە یان بڵقی بیستن دروستدەکات، (Otic Vesicle) ئەم توورەکەیە پاشتر گەشە دەکات بۆ دروست کردنی پێکهاتەکانی گوێی ناوەوە: (Membranous Labyrinth) و (Bony Labyrinth).




قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونی گوێ؛ کە لە چینی دەرەوە توورەکەی بیستن (Otic Vesicle) جیادەبێتەوە و شەق دەبێت، بە پێی فەرموودەی: وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ ..




لەتبوون و شەقبوونی داپۆشەری گوێی دەرەوە و کرانەوەی لە سەرەتای دروست بوونیدا

ئێسکەکانی گوێی ناوەڕاستیش دروست دەبن و شەق دەبن لە: کرکراگەی یەکەم کەوانەوە (First Arch Cartilage) کە پاشان ئەم کەوانەیە ئێسکەکانی چەناگە دروست دەکات، هەروەها لە کرکراگەی کەوانی دووەمیشەوە (Second Arch Cartilage) بە چەند ڕێگەیەکی ئاڵۆز دروستدەبن.




**Figure 17-2.** Schematic transverse sections through the region of the rhombencephalon showing the formation of the otic vesicles. (*A*) 24 days, (*B*) 27 days, and (*C*) 4½ weeks. Note the appearance of the stato-acoustic ganglion.

دروست بوونی پێکهاتەکانی گوێی ناوەوە




**Figure 17-3.** (*A* and *B*) Development of the otocyst showing a dorsal utricular portion with the endolymphatic duct, and a ventral saccular portion. (*C*, *D*, and *E*) The cochlear duct at 6, 7, and 8 weeks, respectively. Note the formation of the ductus reuniens and the utriculosaccular duct.

قۆناغە سەرەتایییەکانی دروست بوونی گوێ و شەق بوونی لە چینی دەرەوە (بڵقی بیستن)، هەروەها دروست بوونی پێکهاتەکانی گوێی ناوەوەش روون کراوەتەوە.

گوێی دەرەوەش لە ئەنجامی زیادبوون و گەشە کردنی خانەکانی چینی ئیکتۆدێرم بۆ ناوەوە دروست دەبێت، ئەم بارستە خانەیە چینێکی بەهێز و پتەو دروست دەکەن کە پێیدەووترێت (داخەری گوێی دەرەوە)، پاشان ئەم چینە داخەرە لەت و پەت دەبێت و ڕێڕەوێک دروستدەکات کە لە درز و شەقێکی ئاشکرا دەچێت و پێیدەووترێت کەناڵی گوێی دەرەوە (External Acoustic Meatus).

لەمانەوە بە تەواوەتی بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ماناکانی وشەی (شَقَّ) زۆر بە جوانی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ کرداری دروستبوونی چاو و گوێ لە کۆرپەلەی مرۆڤدا، جارێک بەوە یەکدەگرێتەوە کە لە ئەنجامی پەیدابوونی چاڵاییەکەوە دەبن و، جارێکی تر لە ئەنجامی دروستبوونی ئەندامێک لە ئەندامێکی ترەوە و، جارێکی تریش لە ئەنجامی لەتبوون و دڕانی پەردەکانەوە دەبێت.

لەدوای ڕوونکردنەوەی ئەم کردارانە کە زانستی نوێ دوای سەدان ساڵ لێکۆڵینەوە و تەنها لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئەم ڕاستییانە، لە کۆتاییدا بەلاغەت و ڕەوانبێژیی و ووردەکاریی فەرموودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ بۆدەردەکەوێت و، بۆمان دەسەلمێت کە دەبێت ئەم فەرموودە پیرۆزە کە ئیعجازێکی زانستی ئاشکرای تێدایە وتەی پێغەمبەرمان بێت، چونکە هیچ کەسێک و هیچ شارستانیەتێک پێش پێغەمبەر و لە سەردەمی ئەودا و دوای ئەویش بە سەدان ساڵ ئاگاداری ئەم بابەتە نەبوون و شتی وایان باسنەکردووە، کەواتە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (...وشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ...) بۆ دروستبوونی گوێ و چاو لە مرۆڤدا، ئەمە زانیاریی مرۆڤی ئاسایی ئەو سەردەمانە نییە بەڵکو دەبێت نیگایەک و ئیلهامی ئەو پەروەردگارە بێت کە دروستکەرە و ئاگاداری هەموو نهێنییەکانە لە ئاسمانەکان و زەوی و لەناو لەشی مرۆڤیشدا.

* بڕوانە: کتێبی کۆرپەلەزانی پزیشکی (Langman's Medical Embryology)/ لاپەڕە (326).


سەرچاوە:

- لە کتێبی (ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا)، نووسینی: د.کاوە فەرەج سەعدون، چاپی یەکەم 2008 وەرگیراوە، بەسوود وەرگرتن لەم سەرچاوانە:
- إعجاز القرآن فيما تخفيه الأرحام/ كريم نجيب الأغرّ/ دار المعرفة- بيروت/ الطبعة الأولى- 2005.
- موسوعة الإعجاز العلمي في الحديث النبوي/ الجزء الثاني- خلق الإنسان/ أ.د. أحمد شوقي إبراهيم/ الطبعة الثانية- 2004.
- The Developing Human–ninth edition \ Keit.L.Moor & T. V. N. Persaud.
- Langmans Medical Embryology\ T.W.Sadler\ 10th edition.


# لەنێوان دوو بەشــــدا


ن: د.کاوە فەرەج سەعدون


خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ۝٥ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ۝٦ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ۝٧ ﴾الطارق، واتە: کەواتە با ئادەمیزاد تەماشا بکات و سەرنجبدات، کە لە چی دروستکراوە؟! دروستکراوە لە ئاوێکی هەڵقوڵاو و دەرپەڕیو (**کە مەنی پیاو و هێلکۆکەی ئافرەتە، هەردووکیان هەڵدەقوڵێن بۆ پێکهێنانی ئادەمیزاد بە ویستی خوا**)، لەنێوان بڕبڕەکانی پشت و ئێسکەکانی سینەدا دەردەچێت.

لەبارەی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزەوە (**کە دەفەرموێت: لە نێوان بڕبڕەی پشت و قەفەسی سنگ دەردەچێت**) زانایانی ڕاڤە دوو بۆچوونیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن: ئەو شتەی لەم نێوانەوە دەردەچێت مەبەست لێی مرۆڤە بە گشتی، کە لە نێوان (**الصلب والترائب**)دا دروست دەبێت، هەندێکی تریان دەڵێن: مەبەستی ئەو ئاوەیە کە مرۆڤی لێوە دروستدەبێت، بەم پێیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزەیەکی تر هەیە کە دەفەرموێت: مرۆڤ لە بەشێك ئاوی دەرپەڕیووەوە دروستدەبێت کە ئەم ئاوە لە چەند ئەندامێکەوە دەردەچێت و ئەم ئەندامانە سەرەتا لە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکان (**الصلب و الترائب**)دا دروست دەبن.

کەواتە ئەوەی لە ئایەتە پیرۆزەکەوە تێدەگەین، وەك ئیعجازێکی نوێ و تەحەددایەك ئەوەیە، کە دەفەرموێت: کۆئەندامی زاووزێی پیاو و ئافرەت سەرەتا لە کۆرپەلەدا لە نێوان بڕبڕەی پشت و ئێسکەکانی سنگدا دروست دەبن لە پشتدا، زانستی ئەمڕۆ دۆزیویەتەوە، کە لە کۆرپەلەدا ئەو خانانەی هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گون لەپیاودا دروستدەکەن لەگەڵ ئەو خانانەی کە گورچیلەکان دروستدەکەن لە داهاتوودا سەرەتا لە ناوچەی چینی ناوەڕاست (Mesoderm)وە لە کۆرپەلەدا جیا دەبنەوە و دروستدەبن، کە دەکەونە نێوان چینی سەرەوە یان دەرەوە (Ectoderm) کە ئەمەیان بڕبڕەی پشت و دەمارە پەتك دروستدەکات لە داهاتوودا و چینی خوارەوە یان ناوەوە (Endoderm) کە لە داهاتوودا ئێسکەکانی قەفەسی سنگ (**پەراسووەکان**) دروستدەکات، ئەم چینە (**چینی ناوەڕاست**) تەنێکی لێوە دروس دەبێت، کە پێکهێنەری گورچیلەکان و گونەکان یان هێلکەدانەکان دەبێت و دەکەوێتە ئەم لاولای بڕبڕەی پشتی سەرەتاییەوە، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی دروستبوونی کۆرپەلەدا ئەندامەکانی زاووزێی مرۆڤ (**هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گونەکان لەپیاودا**) کە وەك وتمان سەرەتا لەگەڵ گورچیلەکانن لە نزیکی پشتی مرۆڤدا و، پاشان دێنە خوارەوە بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان.

کەواتە بنچینەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە دەردەچێت، کە دەکەوێتە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکانەوە و، دوایی لەڕێی ئاوێکی دەرپەڕیووەوە کە لە گونەکان و هێلکەدانەکانەوە دەردەپەڕێت دروستدەبێت.

بەڕاستی ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەر و پڕ لە ئیعجازە، چونکە کێ لەو سەردەمەی پێغەمبەردا ﷺ ئەم شتانە بە خەیاڵیشیدا دەهاتن، بەم شێوەیە ڕاستییە زانستییەکان و ئایەتەکانی قورئان یەکدەگرنەوە، کە هیچ سەیر نییە چونکە دروستکەری ئەم ڕاستییانە هەرئەوە کە قورئانی پیرۆزیشی بۆ ناردووین بە پێغەمبەردا ﷺ: ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ۝١٤ ﴾الملك.


سەرچاوەکان:1- علم الأجنة في القرآن والسنة - الشيخ عبد المجيد الزنداني ومجموعة من العلماء الغربيين.2-مطابقة علم الأجنة في القرآن والسنة- د.ناطق النعيمي. 3- مجلة الإعجاز - العدد-2 هيئة الإعجاز العلمي.

# پرۆفیسۆر گۆرینگەر و ئیعجازی کۆرپەلەزانی



پرۆفیسۆر (جی. سی. گۆرینگەر)

و: خالید حەسەن بەرزنجی

لە دیمانەیەکی ڤیدۆیدا شێخ عەبدول مەجید زیندانی لەگەڵ پرۆفیسۆر (جی . سی . گۆرینگەر) دا دەڵێت: ئەوە پرۆفیسۆر جی . سی . گۆرینگەرە مامۆستای کۆلێجی پزیشکیی بەشی توێکارییە لە زانکۆی (جۆرج تاون) لە (واشنتۆن)، بەم پرۆفیسۆرە گەیشتین و لێمان پرسی: ئایا لە مێژووی کۆرپەلەزانیدا باس لەوە کراوە کۆرپەلە بە چەند قۆناغێک دروستدەبێت؟

ئایا لەو پەرتوکانەی تایبەتن بە باسی کۆرپەلەزانی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و دوای ئەویش بە چەندین سەدە، هیچ ئاماژەیەکیان تێدایە بۆ ئەو قۆناغانە؟

یان دابەشکردنی قۆناغەکان، هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە نەزانراوە؟

لە وەڵامدا وتی: بێگومان یۆنانیەکان گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی کۆرپەلە داوە و، ژمارەیەک لەوان هەوڵیانداوە وەسفی کۆرپەلە بکەن چی بەسەر دێت و چی تێدا ڕوودەدات.

پێمان وت: بەڵێ ئێمە ئەوە دەزانین، کە چەند تیۆرێکی زانایان هەبووە، وەک ئەرستۆ و جگە لەو، بەڵام ئایا باس لەوە کراوە کە چەند قۆناغێک هەیە؟ چونکە ئێمە دەزانین قۆناغەکان هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە نەزانرابوو هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش نە چەسپا.

دوای وتووێژێکی درێژخایەن، وتی: نەخێر.

وتمان: ئایا هیچ زاراوەیەک هەیە بۆ ئەو قۆناغانە وترابێت، وەک ئەو زاراوانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون؟

وتی: نەخێر.

وتمان: ڕات چیە بۆ ئەو زاراوانەی کە هەموو قۆناغەکانی کۆرپەلەی گرتۆتەوە؟

دوای وتووێژێکی زۆر، توێژینەوەیەکی لە کۆنگرەی پزیشکی هەشتەمی سعودی پێشکەش کرد، سەبارەت بەو قۆناغانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون کە چەند مرۆڤایەتی لێیان بێ ئاگا بوو، هەروەها سەبارەت بە گشتگیری و وردی ئەو زاراوانەی قورئانی پیرۆز کە بەکاریهێناوە بۆ کۆرپەلە بە دەستەواژەی کورت و دەربڕینی پوخت ڕاستییەکی زۆر لەخۆ دەگرن.

پرۆفیسۆر لە کۆنگرەکەدا ڕای خۆی وت: «بێگومان ئەمە وەسفی گەشەکردنی مرۆڤایەتیە هەر لە پێکهاتنی نوتفەی تێکەڵاوە هەتا دەبێتە بارستەیەکی ئەندامیی. بەڕاستی ئەم وەسف و ڕوونکردنەوە ڕۆشن و گشتگیرانە بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر لە هەمووشیاندا نەبێت، بۆ چەندین سەدە لەمەوپێش دەگەڕێنەوە پێش ئەوەی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی لە زانیاریە کۆنەکاندا تۆمار بکرێن.»

لێکۆڵینەوەکەی (پرۆفیسۆر گۆرینگەر) سەریکێشا بۆ دۆزینەوەیەکی زانستی نوێ، کە ئەو گومانەی گاورەکان بەردەوام دەیوروژێنن، دەرەوێنێتەوە.

گاورەکان دەڵێن عیسا (سەلامی خوای لێبێت) لە دایکەوە دروستبووە ئەی باوکی کوا؟

ئەم گومانە بڵاودەکەنەوە، نازانن دروستکراوی تر هەیە بە بێ باوک، قورئانی پیرۆز وەڵامیان دەداتەوە و نموونەی ئادەمیان بۆ دێنێتەوە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٥٩﴾ آل عمران.

واتە: بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەک نموونەی ئادەم وایە کە لە خاک دروستی کرد و لەوەودوا فەرمانی داو پێی وت: ببە (بە ئینسان) ئەویش بوو.

ئێمە سێ جۆر دروستکراو دەبینین:

ئادەم دروستکراوێکە بەبێ باوک و دایک.

حەوا دروستکراوێکە بەبێ دایک.

عیسا سەلامی خوای لێبێت دروستکراوێکە بەبێ باوک.

ئەوەی توانیویەتی ئادەم (سەلامی خوای لێبێت) بە بێ باوک و دایک دروستبکات، بە توانایە عیسا (سەلامی خوای لێبێت) بە بێ باوک دروستبکات، لەگەڵ ئەوەشدا گاورەکان بەردەوام دەمەقاڵەیانە، ویستی خوای پەروەردگاریش وایە بەڵگە لەدوای بەڵگەیان بۆ دەربخات.

ئەی گاورەکان، بۆچی لەسەر ئەمە گومانتان هەیە؟

دەڵێن: لەبەرئەوەی هەرگیز دروستکراوێک نابینین، بێ باوک یان بێ دایک بێت.

لەکاتێکدا زانست دەریخستووە ئێستا هەندێک لەو زیندەوەر و بونەوەرانەی نەوە دەخەنەوە، بەبێ پیتاندنی نێرینە لەدایک دەبن.

بۆ نموونە هەنگ: هەموو نێرینەکانی بریتییە لە هێلکەی نەپیتێنراو بە ئاوی نێرینە و، ئەو هێلکەیەی بە ئاوی نێرینەش دەپیتێنرێت دەبێتە مێیەی کارکەر، بەڵام نێرینەکان تەنیا لە هێلکەی شاژن بەبێ تۆوی نێرینە دروستدەبن و لەسەر ئەوەش نمونەی دیکە زۆرن، تەنانەت ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی زانستیەوە مرۆڤ گەیشتۆتە ئەوەی هەندێک هێلکەی زیندەوەر بتروکێنێت و گەشە بکەن بەبێ پێویستبونی پیتاندنی نێرینە.

ئەوەش (پرۆفیسۆر گۆرینگەر)ە باسی ئەمەمان بۆ دەکات:

ئەگەر بە جۆرێکی تربابەتەکە باسبکەین، هێلکەی نەپیتراوی زۆرێک لە زیندەوەرە (وشکاوەکیەکان و شیردەرە بچوکەکان) دەتوانرێن بە هۆکاری میکانیکی وەک دەرزی لێدان یان بە هۆکاری ماددی وەک بزواندنی گەرمی (الصدمة الحرارية) یان بەهۆکاری کیمیایی و بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی جیاواز چالاک بکرێن، کە ئەم جۆرە گەشەکردنەی کۆرپەلەش بە سروشتی دادەنرێت.

کەواتە گومانی گاورەکان لە کوێدایە؟

دەڵێن: ئەستەمە دروستکراوێک هەبێت تەنیا لە دایکەوە بێت و باوکی نەبێت.

ئەم بەڵگەیەش پێشکەشدەکرێت تا ببێتە پێوانە بۆ بەراوردکردنەکانی دواتر.

ئیتر ئەم شک و گومانە بۆ؟

پەروەردگار وەڵامی بنبڕ و پێویستی داونەتەوە و نموونەی ئادەمی هێناوەتەوە، کە باوەڕیان پێیەتی و باوک و دایکیشی نیە، ئێوە سەرتان دەرناچێت لە دروستکراوێک تەنیا لەدایکەوە بێت و باوکی نەبێت، بەڵام خوای گەورە نموونەی دروستکراوێکتان پیشاندەدات کە باوک و دایکی نیە و باوەڕیشتان پێیەتی. کە ئادەمە (سەلامی خوای لێبێت).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٥٩﴾ آل عمران.

ویستی خواش وایە پێشکەوتنی زانستی بەڵگەی ترمان لەسەر ئەم ڕاستیەی قورئان پێشکەشبکات، بەو جۆرە ئەم کتێبە پیرۆزە و ئایەتەکانی ڕۆشنتر دەبنەوە و، نەوە دوای نەوە گەورە زانایان زیاتر لەو کتێبە تێدەگەن و تێری لێناخۆن، چونکە سەرسوڕهێنەرەکانی تەواونابن.

سەرچاوە: کتێبی (انه الحق).

–هەروەها ئەم وتووێژە ڤیدۆییە بە ژێر نوسکراوی کوردی لە چەناڵی یوتوبی هەیڤ سەیر بکەن:

http://www.youtube.com/user/Haivkurd

# لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت:



## پێشبڕکێی بەرزکردنەوەی تەلارەکانی عەرەب و بڵندتربوونی باڵەخانەکانی مەککە لە چیاکانی

ئەندازیار خالد حسن علی khalidbarznjy@gmail.com

**لە چەند فەرموودەیەکدا هاتووە:**

(لا تقوم الساعة.. حتى يتطاول الناس في البنيان) (صحيح البخاري).

(إذا رأيتَ العالةَ الحفاةَ العُراةَ يتطاولونَ في البناءِ وكانوا ملوكًا. قال: ما العالةُ الحفاةُ العُراةُ؟ قال: العُرَيْبُ (رواه مسلم وابن حبان والبيهقي).

(وإذا رأيت الحفاة العراة الصم البكم ملوك الأرض فذاك من أشراطها) (صحيح مسلم).

(وإذا رأيت رعاء البهم يتطاولون في البنيان فذاك من أشراطها) (صحيح مسلم).

(سئل من أصحاب الشاء والحفاة الجياع العالة؟ قال(صلى الله عليه وسلم) العرب)) رواه أحمد وصححه الالباني).

پوختەی ئەم فەرموودانە: ئەگەر بینیت شوانی مەڕ و ماڵات و وشتر و پێخاوس و بێبەرگ و هەژار و نەزان و ناحاڵی و هەرچی و پەرچی عەرەبە دەشتەکییەکان، پێشبڕکێی بەرزکردنەوەی بیناکان دەکەن و بوون بە پاشا، ئەوە نیشانەی نزیکبوونەوەی قیامەتە.

(ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی)لە کتێبی (جامع العلوم والحکم) لە ڕاڤەی ئەم فەرموودانەدا دەڵێت:

(والمراد: أن أسافل الناس يصيرون رؤساءهم، وتكثر أموالهم حتى يتباهون بطول البنيان وزخرفته وإتقانه) واتە: هەرچی و پەرچی خەڵکی دەبێتە سەرۆکیان و سەروەت و ماڵیان زیاد دەکات هەتا بە بەرزی و زەخرەفەی بیناکانیان کەشخایەتی دەکەن.

**ڕووی ئیعجازی ئەم فەرموودانە:**

دیاردەی تەلارە بڵندەکان و پێشبڕکێکردن لە بەرزکردنەوەیان، دیاردەیەکی زۆر نوێیە، لە ئێستا لە جیاکەرەوەکانی سەردەمی تازەیە، بەڵام پێغەمبەرﷺ 14 سەدەیە ئاماژەی بۆ کردووە، ئایا کەس بیری بۆ ئەوە دەچێت هەژار و شوانی مەڕ و وشتر و پێپەتی، پێشبڕکێی بەرزکردنەوەی تاوەر و تەلارەکان بکات؟! هەژارێک پێڵاوی نەبێت لە پێی بکات و پۆشاکی تەواوی نەبێت خۆی پێداپۆشێت، خواردنی نەبێت بیخوات، چۆن توانای دروستکردن و پێشبڕکێکردنی ئەو تاوەرە بەرزانەی هەیە؟! بەڵام لەسەردەمی تازەدا بە چاوی خۆمان بینیمان کاتێک خوای گەورە نیعمەتی نەوت و غازی ژێر زەوی دا بە وڵاتە عەرەبەکان، ئیعجازی ئەم فەرموودەیە دەرکەوت، ئەوانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەوپەڕی برسێتی و هەژاری و شوانی مەڕ و وشتر بوون، لە کۆتایی هەمان سەدەدا پێشبڕکێی بەرزکردنەوە و گەورەکردن بینا هەور بڕەکانیان کرد!

**بەرزترکردنەوەی بیناکانی مەککە لە چیاکانی:**

لە فەرموودەیەکی مەوقوفەدا هاتووە، کە هاوەڵی پێغەمبەرﷺ عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص فەرمویەتی: فإذا رأيت مكة قد بعجت كظائم ورأيت البناء يعلو رؤوس الجبال فاعلم أن الأمر قد أظلك) أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (١٤٣٠٦) بإسناد لا بأس به.

واتە: ئەگەر مەککەت بینی کەناڵی ئاویی و نەفەقی زەویان لێداو، بینیت بیناکانیان لە چیاکان بەرزتر کردەوە، بزانە قیامەت بووە بە سێبەرت واتە زۆر نزیکبوەتەوە.

زانایانی فەرموودە دەڵێن ئەگەر هاوەڵێکی پێغەمبەر لەسەر بابەتێکی غەیبی قسەی کرد حوکمی مەرفوعی هەیە چونکە هاوەڵان لە خۆیانەوە زانیاری غەیبیان نەوتووە، ئەگەر لە

پێغەمبەریان نەبیستبێت.

هەروەها لە موسەنەدی ئیبن جەعد (1/311) بەم ڕیوایەتە هاتووە: حدثنا علي أنا شريك عن يعلى عن أبية أن عبد الله بن عمرو قال له: كيف أنتم إذا هدمتموها؟! وأشار إلى الكعبة. قلت: ومن يفعله؟ قال: أنتم. قلت: ونحن يومئذ على الإسلام؟ قال: نعم، ثم تبنى فتعود أحسن ما كانت. قال: قلت: ثم ماذا؟ قال: ثم ذكر علي بن الجعد ها هنا كلمة لم أفهمها، ويعلو البنيان على رؤوس الجبال، فإذا رأيت ذلك فقد أظلك الأمر (بعجت كظائم) وەک لە (تاج العروس) و (لسان العرب)دا هاتووە (أي حفرت قنوات) واتە هەڵکەندنی کەناڵ.

لە (معجم اللغة العربية المعاصر) و (المعجم المعاني)دا هاتووە: بعّج الأرض وغيرها: بعجها، شقّها وأخرج ما بداخله. واتە: بڕین و دەرهێنانی ئەوەی لە ناویەتی.

لە (المعجم الرائد) و (المعجم الغني) و (الصّحّاح في اللغه)دا هاتووە: الكظيمة: بِئْرٌ مُتَّصِلَةٌ بِبِئْرٍ أُخْرَى وَبَيْنَهُمَا مَجْرىً فِي بَاطِنِ الأَرْضِ.

واتە: بیرێک بە بیرێکی ترەوە گەیانرابێت و لە نێوانیاندا ڕێڕەوێکی ژێر زەوی هەبێت.

**ڕووی ئیعجازی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیەش دەبێتە ئیعجازێکی غەیبی چونکە لە ئێستادا مەککە نەفەقی ڕێگایی زۆری لێدراوە و کەناڵی ئاویی بە شێوەیەکی فراوان و بینای بەرزی تێدا کراوە، کە هەندێکیان لە ئاستی چیاکانی دەوروبەری بەرزترن، بە




نموونە تاوەرەکانی بەیت کە حەوت تاوەرن و دەکەونە سەر چیای بابل، بەرزترینیان 601م بەرزە و کاتژمێرەکەی لەخۆگرتووە و لە ڕووی بەرزییەوە بە چوارەمین تاوەری جیهان دەژمێررێت، 135م لە چیای (ئەبو قوبەیس) بەرزترە، زەوی بورجەکانیش 330م لەسەر ئاستی دەریاوەیە، واتە 930م لەسەر و ئاستی دەریاوەیە، لە کاتێکدا بەرزترین چیا، چیای (سەورە) کە لوتکەکەی 720م و چیای نور 642م چیای (خەندەمە) 420 لەسەرو ئاستی دەریاوەن.

بێگومان لەسەردەمی پێغەمبەردا کەس خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە بینای هێندە بەرز دەکرێت لە چیاکانی شاری مەککە بەرزتربن، بۆیە ئەم هەواڵەش دەبێتە بەڵگەیەکی تری ڕۆشن لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ لەم فەرموودەیەدا باس لە هەڵکەندنی نەفەقی زەوی و کەناڵی ئاوی دەکات، شایانی باسە لە ئێستادا ژێر زەوی مەککە تۆڕێکی فراوان لە نەفەقی ڕێگاوبان و کەناڵی ئاویی تێدایە و بەردەوام لە فراوان کردنیدان و زیاد لە 60 نەفەقی هاتوچۆ بە زیاتر لە 30کم درێژی لێدراوە کە 50 دانەیان بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێلە و 10 دانەشیان بۆ هاتوچۆی پیادەیە، لە ڕاستیدا ئەستەمە کەسێک پێش چواردە سەدە خەیاڵی برینی ئەو چیا سەختانەی کردبێت بە تایبەتی کە بەردی چیاکانی مەککە لە ڕەقترینی بەردەکانە، چونکە گرانێتین و بە ئامێری زۆر تایبەت نەبێت، نابڕێت.

لە ئەسەرێکی تردا لەسەر زاری هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ (عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص) هاتووە کە وتویەتی:

حَدَّثَنَا بَكْرُ بْنُ خَلَفٍ، قَالَ: ثنا الْمُؤَمَّلُ، قَالَ: ثنا شُعْبَةُ، قَالَ يَزِيدُ بْنُ أَبِي زِيَادٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ، قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرٍو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: «يَا مُجَاهِدُ إِذَا رَأَيْتَ الْمَاءَ بِطَرِيقِ مَكَّةَ وَرَأَيْتَ الْبِنَاءَ يَعْلُو أَخْشَبَيْهَا، فَخُذْ حِذْرَكَ.

هەروەها بەم شێوەیەش هاتووە:

وَحَدَّثَنِي جَدِّي، عَنْ مُسْلِمِ بْنِ خَالِدٍ، عَنِ ابْنِ خُثَيْمٍ، عَنْ يُوسُفَ بْنِ مَاهَكٍ، قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، فِي نَاحِيَةِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، إِذْ نَظَرَ إِلَى بَيْتٍ مُشْرِفٍ عَلَى أَبِي قُبَيْسٍ، فَقَالَ: «أَبَيْتٌ ذَلِكَ؟» فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَقَالَ: «إِذَا رَأَيْتَ بُيُوتَهَا يَعْنِي بِذَلِكَ مَكَّةَ قَدْ عَلَتْ أَخْشَبَيْهَا، وَفُجِّرَتْ بُطُونُهَا أَنْهَارًا، فَقَدْ أَزِفَ الأَمْرُ».

لە تەفسیری سەنعانی بە ئەم جۆرە هاتووە:

فقد روى عبدالرزاق الصنعاني في تفسيره (٢٠٧/٣)، عبد الرزاق عن معمر عن يزيد بن أبي زياد عن مجاهد عن عبد الله بن عمرو قال): إذا رأيت البناء ارتفع إلى أبي قبيس وجرى الماء في الوادي فخذ حذرك).

پوختەی واتە: ئەگەر بینیت بیناکانی مەککە لە دوو ئەخشەبەکە یان لە چیای (ئەبی قوبەیس) بەرزتربوونەوە، ئیتر کار لە کار ترازەوە و قیامەت هاتوتە پێش.



دوو ئەخشەبەکە (الأخشبين) هەردوو چیای (ئەبی قوبەیس)ە کە 420 م بەرزە و چیای قوعەیقەعانە (چیای قەرن)، کە بەرزیەکەی 430م ە.

---


سەرچاوە:

1- ماڵپەڕی (الدرر السنية) بۆ وەرگرتنی فەرموودەکان.

2- بەرنامەی گوگڵ ئێرس.

3-http://quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=1250

4- http://www.alriyadh.com

5- https://ar.wikipedia.org/wikiمكه

6- http://www.skynewsarabia.com

http://www1.holymakkah.gov.sa/Amana_Projects/Tunnels/tunnels.php

# تیشکدانی ئیعجازی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژگاری دۆزینەوە زانستییەکاندا/بەشی دووەم

ن: د.کاوە فەرەج سەعدون/ پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سنگ drkawa_sadoon@yahoo.com

**نموونەی شەشەم: ئاماژەکان لە سوونەتدا بۆ زانستی بۆماوەیی:**

بە گەڕانەوە بۆ ڕساستیە زانستیەکانی کۆرپەلەزانی و بۆماوەزانی (Genetics)، دەبینین ئەم زانستانە بۆیان سەلماندووین لە زیندەوەرەکاندا دوو جۆر سیفەتی بۆماوەیی هەیە: 1- سیفەتی زاڵ (Dominant): ئەوەیە کە ئەگەر تەنها لە یەکێک لە باوانەوە (دایک یان باوکی زیندەوەرەکەوە) بۆی بمێنێتەوە ئەوا بەمسۆگەری لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا دەردەکەوێت.2- سیفەتی بەزیوو (Recessive): ئەوەیە کە ئەگەر لە دایک یان لە باوکیەوە بە تەنها بۆی بمێنێتەوە، ئەوا لە کۆرپەلەکەدا ئەو سیفەتە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە ئەو سیفەتە بەزیوە لە هەردوو دایک و باوکەکەدا هەبێت و بۆ منداڵەکە بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا بە مسۆگەری دەرکەوێت.

پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی، دەبینین ئەم ڕاستیە لە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ ئاماژەی پێدراوە، ئەوەتا دەبینین کاتێک پێغەمبەرﷺ لە پەروەردگار دەپاڕایەوە، لە یەکێک لە نزاکانیدا دەیفەرموو: (مَتِّعْنا اللّهُم بِأَسْماعِنا وَأَبْصارنا وَقُوَّتِنا أَبَداً ما أَحْيَيْتَنا، وَاجْعَلْهُ الوارِثَ مِنّا) حديث حسن رواه الترمذي و النسائي، واتە: ئەی پەروەردگار خۆشیمان پێ ببەخشە بە گوێکانمان و بە چاوەکانمان، و بە هێز و قووەتمان هەتا لە ژیاندا ماوین و، کە مردین ئەمە بکە بە سیفەتێکی زاڵ بۆ نەوەکانی پاش خۆمان، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە کە دەفەرموێت: (وَاجْعَلْهُ الوارِثَ مِنّا) کە بە (اسم فاعل) هێناویەتی، واتە مەبەستی پێغەمبەرﷺ ئەوەیە: ئەو سیفەتانە خۆیان بکەر(فاعل) بن و سیفاتەکان لە نەوەکانی داهاتوودا بە دڵنیاییەوە دروست بکەن، کە وەک وتمان ئەم بۆچوونە بە وشەی زانستی بۆماوەزانی ئەمڕۆ پێی دەڵێن سیفەتی زاڵ.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَرضي الله عنه : أَنَّ أَعْرَابِيًّا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ امْرَأَتِي وَلَدَتْ غُلاَماً أَسْوَدَ وَإِنِّي أَنْكَرْتُهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ : « هَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ »، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «مَا أَلْوَانُهَا»، قَالَ: حُمْرٌ، قَالَ: « فَهَلْ فِيهَا مِنْ أَوْرَقَ »، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : « فَأَنَّى هُوَ »، قَالَ: لَعَلَّهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ : « وَهَذَا لَعَلَّهُ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ»] رواه مسلم، واتە: پیاوێکی دەشتەکی هات بۆلای پێغەمبەر و پێیوت: خێزانەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە کە من ڕەش نیم و لە من ناچێت! پێغەمبەرﷺ (بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئەم بابەتەی لا ئاسان بکات) لێی پرسی: تۆ وشترت هەیە؟ ئەویش وتی: بەڵێ، پاشان پێی وت: ڕەنگیان چۆنە؟ ئەویش وتی: سوورن، وتی: باشە سپی ڕەنگیان تێدا نییە؟ وتی: بەڵێ سپی تێدایە، پێغەمبەرﷺ پێیوت: ئەوە تۆ چۆن دەیبینیت (ئاوا وشترێکی سپی لە نێوان ئەو وشترە سوورانەدا لەدایک بووە)؟ کابرا وتی: لەوانەیە ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ڕەگێکی پێشتر بێت و بۆ ئەم مابێتەوە، پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: دەبزانە لەوانەیە ڕەنگی منداڵەکەشت هەر بریتی بێت لە ڕەگێکی بۆماوەیی پێشترتان و بۆ ئەم ماوەتەوە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە دوو ئاماژەی بۆماوەیی گرنگی تێدایە کە زۆر تازە دۆزراونەتەوە لەم ڕۆژگارەدا، ئەوانیش ئەوەیە کە:1- سیفەت هەیە بەزیوە. 2- سیفەتی تریش هەیە کە لە وەچەیەکدا دەردەکەوێت پاشان چەند وەچەیەکی تر دەپەڕێنێت و لە وەچەکانی داهاتوودا دەردەکەوێتەوە.

لە فەرموودەیەکی تریشدا هەمان ئەو بۆچوونە هاتووە کە زۆر سیفەت هەیە لە باوک و دایکەوە بۆ نەوەکانیان دەگوێزرێنەوە کە دەفەرموێت: [تَخَيَّرُوا لِنُطَفِكُم فَإِنَّ العِرْقَ دَسّاس...] واتە: بزانن کێ هەڵدەبژێرن ببێت بە هاوسەرتان لەبەر ئەوەی کە ڕەگی خراپ هەروەک ڕەگی چاک بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە، کەواتە ئەو سیفەتانەی کە مرۆڤ هەیەتی بەهۆی بۆماوەوە لە باو و باپیرانیەوە بۆی دەگوێزرێتەوە بەهۆی جینەکانی سەر کرۆمۆسۆمەکان.




(وێنەی 1)

## نموونەی حەوتەم: ئیعجازی پزیشکی لەو فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ کە کلێنچکە (عجب الذنب)ی کردووە بە بنچینەی دروست بوونی مرۆڤ:

لە چەند فەرموودەیەکیدا پێغەمبەر ﷺ باسی کلێنچکەی کردووە کە بەشێکی گرنگی لەشی مرۆڤە و، بە بەردی بناغەی دروستبوونی کۆرپەلەی مرۆڤی داناوە، بەروونی باسی ئەوەی کردووە کە مرۆڤ لەمەوە دروست دەبێت، وەک لەم فەرموودانەدا:

- (كُلُّ ابْنِ آدَمَ يَأْكُلُه التُّراب إلاّ عَجْبَ الذَّنَب، مِنْهُ خُلِقَ وَمِنْهُ يُركب) (رواه مسلم)، واتە: هەموو بەشێکی مرۆڤ زەوی دەیخوات و دەیرزێنێت تەنها بەشێکی ئێسکێک نەبێت کە هەرگیز زەوی ناتوانێت بیفەوتێنێت، لەم ئێسکەوە ئادەمیزاد دروست بووە و هەر لەمیشەوە زیندوو دەبێتەوە.
- (كُلّ ابْن آدَمَ تأْكُلُ الأرضُ إلاّ عَجْب الذَّنَب مِنْه خُلِقَ وفيه يُرَكَّب) (رواه ابوداود).

زانایانی زمانەوانی سەبارەت بە (عَجْب الذَّنَب) دەڵێن: (هو العظم الذي في أسفل الصلب عند العجز) واتە: بریتییە لەو ئێسکەی کە لە کۆتایی بربڕەی پشتدا هەیە (واتە ئێسکی کلێنچکە)، ئەم ئێسکە لە ئاژەڵانیشدا هەیە و کلک دروست دەکات، فەرمووەدەکە وشەی (الذَّنَب)ی بەکارهێناوە بە مانای (کلك)، کە ئەوە دەگەیەنێت کۆرپەلەی مرۆڤ پێشتر کلکی هەبووە و لە دواییدا دەپووکێتەوە.

ئەم فەرموودانە چەند ئاماژەیەکی زانستیی زۆر نوێی تێدایە، یەکەمیان: مرۆڤ کلکی هەیە، دووەمیان: کۆرپەلەی مرۆڤ لەم کلێنچکەوە دروست دەبێت، سێیەمیان: شوێنی دروستبوونی کۆرپەلە لە کۆتایی ئەم کلکەدایە، چوارەم: ئەم شوێنە بریتییە لە ئێسک، پێنجەم: کۆتایی ئەم کلکە زۆر بچووکە (بڕوانە وشەی (حَبَّة خَردَل) کە لە فەرموودەکاندا بەکارهاتووە)، شەشەم: یەکەم شتێک کە لە کۆرپەلەکەدا دروستبوونی تەواو دەبێت بریتییە لەم کلکە کە پاشان مرۆڤ و هەموو ئەندام و شانەکانی لێوە دروست دەبێت.

### کلێنچکە لە زانستی کۆرپەلەزانیدا (شریتی سەرەتایی):

تازەترین توێژینەوەی زانستی کۆرپەلەزانی روونی کردۆتەوە کە کلێنچکەی مرۆڤ لە سەرەتادا بریتییە لە ئەندامێکی بچووک پێیدەوترێت: شریتی سەرەتایی (Primitive Streak)، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم شریتە سەرەتاییەی کۆرپەلە، چینەکانی لەش و ئەندامەکانی کۆرپەلە و کۆئەندامی دەماری کۆرپەلەکە پێکدێنێت، دوای ئەم شریتە سەرەتاییە هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت جگە لە جێماوەیەک نەبێت، کە لە مرۆڤی پێگەیشتوودا پێی دەڵێن ئێسکی کلێنچکە (Coccyx).

### پێکهاتنی شریتی سەرەتایی:

لە چواردەهەمین رۆژدا دوو خەپلەکەی کۆرپەلە درێژ دەبنەوە هەتا شێوەیەکی هەرمێیی وەردەگرن، سەرە پانەکەی بەشی پێشەوەیەتی بەڵام بەشە کۆتاییەکەی باریک دەبێتەوە، خانەکانی چینی ئیکتۆدێرمی دەرەوە لە ناوچەی کۆتاییدا چالاک دەبن و سەرەنجام دەبنە پێکهێنەری شریتی سەرەتایی (Primitive Streak)، بۆ یەکەمجار لە پانزەهەمین رۆژی دوای پیتاندنی هێلکەکەدا دەردەکەوێت و، پێکهاتووە لە خانەی شێوەداسی لە کۆتایی چینی دەرەوەی دیسکی کۆرپەلەکەدا.




(وێنەی 2)

لە سەرەتای هەفتەی سێیەمدا و دوای پێکهاتنی شریتی سەرەتایی دابەشبوونێکی خێرا و گەشەکردنێکی بەپەلە لە خانەکانی ئەم شریتەدا ڕوودەدات و، دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی و دوایی هێڵێکی راست پێکدێنێت، هەردوو لای راست و چەپی کەمێک بەرز دەبنەوە و کۆتاییەکەشی بەرزتر دەبێت وگرێی سەرەتایی (Primitive node) دروستدەکات، لە کاتی درێژ بوونەوەی ئەم شریتەدا لە ناوەڕاستیدا ڕێڕەوێک دروست دەبێت کە پێیدەووترێت چاڵایی سەرەتایی (Primitive groove)، لەم ڕێڕەوەوە خانەکانی شریتی سەرەتایی دەچنە ناو دیسکی کۆرپەلەکەوە لەڕێی کونێکەوە کە پێیدەوترێت کونی سەرەتایی (Primitive pit)، لێرەوە شریتی سەرەتایی دروستبوونی تەواو دەبێت کە دەکەوێتە بەشی کۆتایی دیسکی کۆرپەلەکەوە، کاتێک شریتی سەرەتایی دروست دەبێت ئیتر دەتوانرێت تەوەرەی پێشەوە بۆ دواوەی کۆرپەلەکە بزانرێت و پێشەوە و دواوەی دیاری دەبێت، هەروەها بەشی پشتی و سکی و راست و چەپی جیادەکرێتەوە، کەواتە لێرەوە خاڵی شەشەممان لە ئاماژە زانستییەکانی فەرموودەکان بۆ روون دەبێتەوە کە دروستبوونی ئەم کلکە پێش دروستبوونی کۆرپەلەکە دەکەوێت.

پاش دروستبوونی شریتی سەرەتایی بە ماوەیەکی کەم کۆچی خانەکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە بەناو ڕێڕەوەکەدا ڕوو دەدات، و دیسکی کۆرپەلەکە جیادەبێتەوە بۆ سێ چین، خانە دروستبووەکان لە شریتی سەرەتاییەوە لە کونی سەرەتاییەوە دەچنە ناو کۆرپەلەکەوە و بەلای راست و چەپدا بڵاو دەبنەوە، دوایی ئەم خانە کۆچکردووانە دەبنە پێکهێنەری چینێکی نوێ لە کۆرپەلەکەدا، کە پێیدەووترێت چینی ناوەڕاست یان (میزۆدێرم Mesoderm).



(وێنەی 3)

ئەم چینە نوێیە (میزۆدێرم) پاش ماوەیەکی کەم کاردەکاتە سەر چینی هایپۆبلاست (Hypoblast) و دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەم چینە و دروستبوونی چینێکی نوێ کە جێیدەگرێتەوە و پێی دەووترێت ئیندۆدێرم (Endoderm)، زۆر بە کورتی دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی پێکهاتنی شریتی سەرەتایی و زیادبوونی دابەشبوونە چالاکیەکەیدا، دیسکی کۆرپەلەکە درێژ دەبێتەوە و هەر سێ چینەکەی لەشی دروست دەبن و لە یەکتری جیادەبنەوە.

لە ناسراوترین ئەو زانایانەی باسی شریتی سەرەتاییان کردووە هەردوو زانای ئەڵمانی (هانس سپیمان) و (هیلدا مانگۆڵد)ن، کە هەستان بە توێژینەوە لەسەر شریتی سەرەتایی و بۆیان دەرکەوت کە کرداری دروستبوونی کۆرپەلەکە ڕێکدەخات، و، ناویانان ڕێکخەری سەرەتایی (Primary organizer)، ئەم دوو زانایە هەستان بە برینی ئەم بەشەی کۆرپەلەیەک و چاندنی لە کۆرپەلەیەکی تری ئاژەڵدا کە لە هەمان تەمەندا بوو لە هەفتەی سێیەم و چوارەمدا، ئەوەبوو ئەم پارچە چێنراوە بووە هۆی دروست بوونی کۆرپەلەیەکی تری لاوەکی لە کۆرپەلە سەرەکیەکەدا، ساڵی 1935ز زانای ئەڵمانی سپیمان خەڵاتی (نۆبڵ)ی وەرگرت لەسەر ئەو دەستپێشخەریەی بۆ دۆزینەوەی شریتی سەرەتایی و چاندنی، بەڵام دەبینین پێغەمبەر ﷺ پێش 1400ساڵ باسی کاری ئەم شریتەی کردووە، بەڵام بە زاراوەی جیاواز و ناوی (عجب الذنب)ی لێناوە کە فەرموویەتی (منه خلق) واتە مرۆڤ لەمەوە دروست بووە .

لەبەر ئەم گرنگیەی شریتی سەرەتایی لیژنەی (وارنک Warnock) لە پەرلەمانی بەریتانیادا (کە تایبەتە بە پیتاندنی دەستکرد لە دەرەوەی منداڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە) کردوویەتی بە نیشانە و قۆناغی جیاکەرەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکاری لەسەر کۆرپەلە دوای پیتاندنی دەستکرد، پێش پەیدابوونی ئەم شریتە لیژنەکە ڕێگا بە تاقیکردنەوە دەدات لەسەر کۆرپەلەی مرۆڤ، بەڵام پاش پەیدابوونی ئەم شریتە (کە لیژنەکە بە سەرەتای پەیدابوونی ڕاستەقینەی مرۆڤی داناوە) لیژنەکە هەموو جۆرە تاقیکاریەکی لەسەر کۆرپەلەی مرۆڤ قەدەغە کردووە لە ڕۆژی چواردەیەمی دروستبوونی کۆرپەلەکەوە کە لەم ڕۆژەوە شریتی سەرەتایی پەیدادەبێت.

(د. کیس مور) لەم بارەوە دەڵێت: بەشی هەرە زۆری گەشە کردن و درێژبوونەوەی تۆپەڵە خانەکەی کۆرپەلە دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی خانەکان لە شریتی سەرەتاییەوە و، لەبەر ئەوەی ئەم شریتە دەکەوێتە بەشی دواوەی (بەشی کلکی) تۆپەڵە خانەی کۆرپەلەکەوە، کەواتە ئەم کلکەی کۆرپەلەکەیە کە بناغە و سەرەتای ڕاستەقینەی دروست بوونی ئەندامەکانی کۆرپەلەی مرۆڤە.

کەواتە دروستبوونی شریتی سەرەتایی بریتییە لە سەرەتایەکی جیابوونەوەی شانەکانی کۆرپەلە بۆ دروست کردنی چینە جیاجیاکان و ئەندامەکانی لەشی کۆرپەلەکە، لە ڕاستیدا ئەوەی دەناسرێت بە قۆناغی دروستبوونی ئەندامەکان (Organization) تەنها دوای پەیدابوونی شریتی سەرەتایی دەست پێدەکات، کە لە سەرەتای هەفتەی 4 تا کۆتایی هەفتەی 8 دەخایەنێت، بە شێوەیەک کە کۆرپەلەکە لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا هەموو کۆئەندامە سەرەکییەکان و ئەندامەکانی تێدا دروست بووە و، تەنها وردەکاریەکانیان و گەورەبوون و گەشەکردنی ئەم ئەندامانە ماوە، کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ڕوودەدەن.

### سەرەنجامی شریتی سەرەتایی:

لێرەدا کاتی پرسیارێک هاتووە کە دەڵێت: ئایا ئەم بەشەی کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت بەڕاستی کلکە؟ و سەرەنجام چی لێدێت؟




ئەگەر سەیری (وێنەی 4) بکەین کە گەشەکردنی کۆرپەلە ڕوونەدەکاتەوە، دەبینین بە جوانی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەدرێتەوە، کە بۆمان دەردەخات چۆن ئەم بەشەی دواوەی کۆرپەلەکە لوولدەخوات بۆ ئەوەی کلکێک دروست بکات.



– وێنەیەکی ڕاستەقینەی کلکێک کە بۆ کۆرپەلەکە دروستدەبێت لە هەفتەی چوارەمدا.
٢ – لەم وێنەیەدا دەبینین کە چۆن کلکەکە نامێنێت لە هەفتەی حەوتەمدا.

ئەگەر سەیری (وێنەی 5)یش بکەین وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەم کلکە دەبینین لە کۆرپەلەیەکی چوار هەفتەدا و، نەمانی ئەم کلکە لە هەفتەی حەوتەمدا.

پاش دروستبوونی ئەندامانەکان لێیەوە و تەواو بوونی کاری ئەم شریتە، لە هەفتەی چوارەمدا، سەرەنجام ئەم شریتە دەست دەکات بە پووکانەوە و، تەنها لە کۆتایی بڕبڕەی پشتی کۆرپەلەکەدا دەمێنێتەوە، (د. کیس مور) دەڵێت: شریتی سەرەتایی دوای ئەم کردارانە زۆر بە زوویی دەچێتەوەیەک و لە قەبارەدا بچووک دەبێتەوە و دەبێت بە ئەندامێکی ناگرنگ لە ناوچەی کۆتایی بڕبڕەی پشتدا (لە ئێسکی کلێنچکەدا) ، کەواتە لەبەرئەوەی شریتی سەرەتایی بریتیە لە هۆکاری گەشەکردنی کۆرپەلە، و لە مرۆڤی گەورەدا شوێنەوارەکەی تەنها بریتییە لە ئێسکی کلێنچکە، سەرەنجامی گشتی دەتوانین بڵێین کە بەشێکی ئەم کلێنچکەیە بنچینەی دروستبوونی مرۆڤە، بە تەواوەتی وەک فەرموودەکان ئاماژەیان پێداوە!.

هەروەها لەگەڵ پووکانەوەی ئەم شریتە سەرەتاییە لە ئێسکی کلکدا (کلێنچکە)، ئەم کلکە خۆیشی دەست دەکات بە پووکانەوە و بە تەواوەتی نامێنێت لە هەفتەی حەوتەم و هەشتەمدا، دەربارەی ئەمە (د. لارس هامبیرگەر) لە کتێبی (مندالێک لەدایک دەبێت)دا دەڵێت: (ئێمە تەنها چەند برگەیەکی بچووکی کلکمان بۆ دەمێنێتەوە دوای لەدایکبوونمان، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە کاتی دروستبووونماندا کلکمان هەبووە)، هەروەها ناوچەی کلێنچکە ناوچەیەکی ئێسکیە و، لەبەرئەوەی کە شریتی سەرەتایی دەبێت بە بەشێک لەم ناوچەیە ئەوا دەتوانین بڵێین: لە گەورەدا شریتی سەرەتایی یان (عجب الذنب) بریتیە لە ئێسککێک! هەروەها شریتی سەرەتایی لە ئێسکی کلێنچکەدا شوێنەوارێک دروست دەکات کە زانایان دەڵێن ئەوەندە بچووکە کە حیسابی بۆ ناکرێت و بەچاو نابینرێت، کە دەقاودەق ئەمەیە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ داوە کە هەموو لەشی مرۆڤ پاش مردن دەرزێت و نامێنێت تەنها بەشێکی کەمی ئەم کلێنچکەیە نەبێت کە بەچاو نابینرێت (واتە: عجب الذنب)، فەرموویەتی: ئادەمیزاد لەمەوە دروست بووە و، هەر کاتێک پەروەردگار وویستی لێبێت لە ڕۆژی دوایدا لەشی مرۆڤەکان لەو بەشە کەمەی ئێسکی کلێنچکەوە دروستدەکاتەوە، ئەمەش بە تەواوەتی ئەو ڕاستیانەیە کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەیان پێداوە.

پەراوێزەکان:

1- بڕوانە: فەرهەنگی لسان العرب/ ماددەی (عجب).

2- لێرەدا سەبارەت بەو زاراوەیەی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە (عجب الذنب) دەڵێین: لە ڕووی کۆرپەلەزانیەوە گونجاوترین زاراوەیە بۆ وەسفکردنی ئەو بەشەی کە کۆرپەلەکەی لێوە دروستدەبێت، زۆر گونجاوترە لە زاراوەکانی (شریتی سەرەتایی) و (ڕێکخەری سەرەتایی) کە زانایانی کۆرپەلەزانی بەکاری دێنن، چونکە زاراوەی (عجب الذنب) ئاماژە دەدات بە بوونی کلک لە کۆرپەلەدا (ذنب)، و هەروەها ئاماژە دەدات بەو شوێنەی کە مرۆڤ لێوە دروست دەبێت (ئەویش بەهۆی وشەی عجب: کە بە مانای کۆتایی کلک دێت)، هەروەها ئاماژە دەدات بۆ قەبارەی ئەو شتەی کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت (ئەویش لەڕێی وشەی عجب: کە مانایەکی تری بریتیە لە بەشێکی بچووکی کۆتایی ئێسکی کلک یان بەشێکی کلێنچکە، هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەو قۆناغەی کە تێیدا ڕوودەدات کە قۆناغێکی سەرەتاییە (عجب الذنب: واتە سەرەتای کلک)، ئەم لەپێشیەی کە زاراوەکەی فەرموودەکان هەیەتی بەسەر زاراوە زانستیەکاندا خۆی لەخۆیدا ئیعجازێکی دەربڕین و بەیان کردنە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ .

3- بڕوانە کتێبی: (The Developing Human)/ دانراوی (د. کیث مور)/ لاپەڕە 75.

4- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سەرچاوەکان:

ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا- د.کاوە فەرەج سەعدون- چاپی یەکەم 2008-.

– گۆڤاری (الإعجاز): ژمارە (١)ی صفر ١٤١٦ک- تەمموزی ١٩٩٥ز- (هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة)/ بابەتی: (الإعجاز الطبي في احاديث الرسول عن عجب الذنب: د. محمد علي البار).

–إعجاز القرآن فيما تخفيه الارحام/ كريم نجيب الاغرّ/ دار المعرفة- بيروت/ الطبعة الاولي ٢٠٠٥.

- The Developing Human–ninth edition \ Keit.L.Moor & T. V. N. Persaud.
- Langmans Medical Embryology\ T.W.Sadler\ 10th edition.




## گۆڤاری هەیڤ

گۆڤاری هەیڤ دەروازە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی پسپۆڕانی هەر زانستێك هان بدات لە بواری خۆیاندا ڕامان لە قورئاندا بکەن، تا بتوانین کەمێك لە ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان بەجێ بهێنین و هێزی شایستە بۆ شوێنکەوتوانی قورئان بگەڕێنینەوە، هێزی زانیارییە جۆراوجۆرەکان، ئەوکات بە ویستی خوا بە باوەڕ و بە زانست لە دواکەوتن ڕزگارمان دەبێت و جارێکی تر بەرز دەبینەوە: ﴿...يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾﴾ المجادلة، واتە: «خوای گەورە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لە ئێوە و ئەوانەشتان زانست و زانیاریان پێدراوە چەندەها پلە و پایە بەرزیان دەکاتەوە، خواش ئاگادارە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن».




# ئاسمانی زەوی کراوە نییە!!

ن: جەمال محمد ئەمین jamalmhammad@yahoo.com

پاش ئەوەی مرۆڤ توانی بەرەو چینەکانی سەرەوەی زەوی سەرکەوێت و لەوێوە بەرەو دەرەوەی زەوی ڕێگای گرت دۆزینەوەی زۆر لە بواری فەزا و دەرەوەی زەوی دۆزرانەوە، لەو دۆزینەوانەش:

هەر کەشتییەکی فەزایی یان مووشەکێک لە جوڵەکەیدا دەبێت ملکەچی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و هاوکێشەی بیرکاریانە بێت لەکاتی دەرچوونی لەسەر زەوییەوە یان هاتنە ناو زەوییەوە و هاتنە نێو بەرگە زەوپۆشی زەوییەوە، وەک ئەوەی بە چ گۆشەیەک لە سەر زەوییەوە هەڵدرێن و بە چ ڕێرەوێک دەچن یان بێنە ناو زەوییەوە، خۆ ئەگەر سەرکردەی ئەو کەشتییە ئیتر مرۆڤ بێت یان عەقڵێکی ئەلکترۆنی بێت گوێی نەدا بەو یاسا و ڕێسایانە ئەوا یان دەبێت هەر لە دەرەوەی زەوی بە بەردەوامی بمێنێتەوە یان لە ناو بەرگە هەوای زەویدا دەسوتێت، چونکە بە پێی ئەو دۆزینەوانە ئەو بەرگە هەوایەی دەوری زەوی بەرگێکی داخراوە و لە هەندێک شوێنیەوە نەبێت بواری برینی نییە ئەو شوێنانەش وەک دەرگا وان بە ڕووی گەشتیاراندا دەکرێنەوە، بۆیە دەبێت گەشتیاران شارەزای ئەو دەرگایانە بن ئەگینا ون دەبن و ناگەنە شوێنی مەبەست. کە ئەو هەڵەیەش چەند جارێک ڕوویداوە بۆ کەشتیەوانەکان و خەریک بووە تیابچن، سەرنج بدەن بزانن چۆن زانا فەزاییەکان وەسفی گەڕانەوەی تاقمی گەشتی سەر مانگ دەکەن بۆ سەر زەوی کە ئەمە دەقی ئەو وەسفکردنەیە: لە ڕۆژی 5 شەممە ڕێکەوتی 24 تەمموزی 1969 و لە کاژێر 5 و20 خولەکی ئێوارە بە کاتی جیهانی گەشتیارانی فەزایی بە خێرایی 11 کم/چرکە هاتنە نێو بەرگە هەوای زەوییەوە لە میانەی ڕێڕەوێکەوە کە بەرزییەکەی 65 کم بوو لەسەر ڕووی زەوییەوە!.



ئەو ڕێرەوەی کە کەشتییە فەزاییەکان یان مووشەکەکان دەیگرنە بەر لە ڕێگایان بەرەو فەزا ڕێرەوێکی کەوانەیی یان چەماوەییە و بە شێوەی هێڵی ڕاست نابێت.


یۆری گاگارین

لە 12 نیسان 1961 لە هەموو دونیا ئەو هەواڵە زۆر سەیرە بڵاو بووەوە کە یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە بۆ یەکەم جار مرۆڤی ناردە دەرەوەی زەوی و ئەو هەواڵە لە هەموو هۆکانی ڕاگەیاندنی ئەو کاتەوە بەسەر سوڕماوی بڵاوکرایەوە، ئەو گەشتیارە فەزاییەش (یۆری گاگارین) بوو کە لە ناو کەشتییەکەیەوە بە دەوری زەویدا دەسوڕرایەوە بە چاوی سەری خۆی جوانی و قەشەنگی زەوی و ئاسمانی دی بۆیە دەیوت (وەی ئەوە چییە من دەیبینم

**ئایا ئەمە خەوە یان من تووشی سیحر بووم و چاوم سیحری لێکراوە)!؟**

لە پشت بەرگە هەوای دەوری زەوییەوە دونیا تاریک و نوتەکە و هیچ ڕووناکییەک نییە هەتا ئەگەر لە کاتی نیوەڕۆشدا ئەو بەرگە هەوایە بەجێبێڵیت چونکە لەو دیو بەرگە هەواوە ڕووناکی خۆر بەمجۆرەی سەر زەوی دەرناکەوێت بەڵکو خۆر وەک هەر ئەستێرەیەکی تری دوور دەردەکەوێت!!!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوۡ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعۡرُجُونَ ١٤ ﴾ الحجر.

سەرنج بدە چۆن خوای گەورە لە تەنها چەند وشەیەکی کەمدا ئەو ڕاستییە زانستییانەمان هەموو بۆ ڕوون دەکاتەوە، باسی دەرگاکانی ئاسمان دەکات: ﴿ وَلَوۡ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا ﴾ ئینجا باسی ڕێرەوە چەماوەییەکەی دەرچوون یان هاتنە نێو بەرگە هەوای زەویمان بۆ دەکات: ﴿ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعۡرُجُونَ ﴾، ئینجا باس لەو تاریکیەی دەرەوەی زەوی دەکات چونکە کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا سُكِّرَتۡ أَبۡصَٰرُنَا ١٥ ﴾ الحجر، بە مانای لە دەستدانی توانای بینینە لەو نێوەندەدا بۆیە دەڵێن لەوە دەچێت ئێمە سیحرمان لێکرابێت کە ئەوەش هەمان وتەی یۆری گاگارینە کە باسی لەو نێوەندە دەکرد.



هەموو دەزانین کە پەیامبەری ئیسلام ﷺ لە شاری قودسەوە بڵندبوونەوەی پێکرا بەرەو ئاسمان، بەدەر لەو بابەتە کە شەوڕەوی و بڵندبوونەوەی پەیامبەرە و موعجیزە بووە و من هیچی لەسەر ناڵێم، پرسیاری ئەوە دەکەم بۆچی ڕوسیا گەشتە فەزاییەکانی لە کۆماری کازاخستانەوە دەکات و لە بنکەی (**بایکۆنۆری**) ئەو وڵاتە و پارەیەکی زۆر سەرف دەکات بۆ ئەو مەبەستە؟ ئاخۆ ڕوسیا خۆی ناتوانێت هەر لە وڵاتی خۆی و لە هەر شوێنێکی ڕوسیا کە زۆر بەرفراوانە بنکەی گەشتە فەزاییەکان دروست بکات و ئیتر ئەو هەموو پارە و کرێ و باجە نەدات بە دەوڵەتێکی تر؟ وەڵامەکەی بە کورتی ئەوەیە کە لە ئاسمانی ڕوسیا هیچ دەرگایەکی کراوە بەرەو فەزا نییە هەرچەندە ڕوسیا ئاسمانێکی زۆر گەورە و فراوانی هەیە، هەروەها ئاژانسی فەزایی ئەوروپی (**ئیسا**) بۆ هەڵدانی موشەک و مانگە دەستکردەکانی دەبێت موشەکەکانی هەڵگرێت و بڕوات بەرەو ئەرجەنتین و لە دورگەی (**گۆیانا**) ی فەڕەنسییەوە هەڵیانبدات و، مەسرەفێکی هێجگار زۆر و پاسەوانییەکی زۆری بۆ دابین بکات، چونکە لە هەموو ئاسمانی ئەوروپی دەرگای کراوە نییە بەرە و فەزا، با بڕۆین بەرەو ئەمەریکا گەورەترین دەوڵەتی جیهان، ئەویش بۆ گەشتە فەزاییەکانی دەڕوات بەرە و دورگەی (**میریت**) لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی کە کەشوهەوای لەباری نییە و زۆر جار هەڵدانی مەکۆ فەزاییەکانی دوا دەکەون بەهۆی نالەباری کەشوهەوا و گێژەڵوکە و با و بۆران.

ئەوە هەمووی مەسرەفێکی هێجگار گەورەی دەوێت لە کاتێکدا ئەمەریکا بیابانی (**نیڤادا**)ی بەرفراوان و کەشو هەوا گونجاوی هەیە؟ چونکە ئاسمانی ئەمەریکا دەرگای کراوەی نییە بەرە و فەزا.

ئێستا بۆ ئەوەی لە ڕاستی بابەتەکە تێبگەین ئاماژە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەدەین کە تێماندەگەیەنێت ئاسمانی زەوی بۆشایی نییە وەک ئێمە بۆیدەچین، بەڵکو هەمووی دەرگایە وەک دەفەرموێت: ﴿ وَلَوۡ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعۡرُجُونَ ١٤ ﴾ الحجر، واتە ئەگەر دەرگایەکمان بۆ کردنەوە لە ئاسمان و پیایدا ڕۆیشتن، هەتا باسی شێوەی ڕۆیشتنکەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: (**یعرجون**) واتە بە شێوەیەکی چەماوەیی کە ئەوە ڕێڕەوی دەرچوونی کەشتییە فەزاییەکانە لە زەوییەوە. لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ أَبۡوَٰبٗا ١٩ ﴾ النبأ، واتە ئاسمان کرایەوە و دەرگاکانی خرانە سەر پشت و، یان: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ ٣٣ ﴾ الرحمن، واتە: ناتوانن لە چوارچێوەکانی زەوی و ئاسمانەکان دەربچن مەگەر بە توانایییەک و ئاگاییەکی زۆرەوە نەبێت.

ئەو ئایەتانە و شێوەکانی پێمان دەڵێن کە ئاسمان فەزایەکی کراوە نییە بە ڕووماندا، بەڵکو دەرگای هەیە و دەبێت بکرێنەوە و، یەکەم کەسیش کە ئەو ڕاستییەیان دۆزییەوە جنەکان بوون وەک خوا باسیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّا لَمَسۡنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدۡنَٰهَا مُلِئَتۡ حَرَسٗا شَدِيدٗا وَشُهُبٗا ٨ ﴾ الجن، واتە جنەکان وتیان ئێمە گەیشتینە ئاسمان و بینیمان پڕە لە پاسەوانی توند و تۆڵ و چاو تیژ و شوهب، پاسەوانەکان لەسەر دەرگاکانن و، شوهبەکانیش بە شێوەی باران دەدەن لە زەوی کە بە (**شوهبی بارانی**) دەناسرێن و لە یەک کاژێردا 10 هەزار نەیزەک دەدات لە زەوی و بەڵام زۆر شوێن و ڕووبەر هەن لەسەر زەوی کە ئەو شوهبە بارانییە نایگرێتەوە، ئەو شوێنانە وان لە ژێر دەرگاکانی ئاسمانن کە پاسەوانیان هەیە، لە بەرزی 80 کم لەسەر ڕووی زەوییەوە بارانی شوهبی دەبێت، کاتی خۆی کە (**فیلیکس**) بازەکەی دا وتیان لە بەرزی 80 کم بووە، بەڵام ئەوە زانیارییەکی هەڵە بوو و، فیلیکس خۆی ڕاستیکردەوە و وتی لە بەرزی 40 کم بووە، ئەگەر بەرزییەکە 80 کم بوایە ئەوا نەدەگەڕایەوە چونکە بەرگە زەپۆشی زەوی بەرگێکی توندو تۆڵ و قایمە: ﴿ وَبَنَيۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعٗا شِدَادٗا ١٢ ﴾ النبأ، ئەستوری ئەو بەرگە هەوایەش لە 400 کم زیاترە.

ئینجا لەسەر ئەو دەرگا ئاسمانییانە پاسەوانی زۆر توند و تۆڵ و بەهێز و وریا هەن.

ئەوانیش بریتین لەو شوهبانەی کە بەردەوام لە چاودێریکردندان نەک بەردەباران کردنی کوێرانە، قورئانی پیرۆز زۆر بە وردی باس لەوانەش دەکات وەک دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقۡعُدُ مِنۡهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمۡعِۖ فَمَن يَسۡتَمِعِ ٱلۡأٓنَ يَجِدۡ لَهُۥ شِهَابٗا رَّصَدٗا ٩ ﴾ الجن، یان: ﴿ إِلَّا مَنۡ خَطِفَ ٱلۡخَطۡفَةَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ ثَاقِبٞ ١٠ ﴾ الصافات.

ئێستا دەتوانین بزانین کە بۆچی هەردوو پەیامبەر موحەمەد و عیسا لە قودسەوە بەرزکرانەوە چونکە ئەوانیش مرۆڤ بوون و، بۆچی گەشتە فەزاییەکانی دەوڵەتە فەزاییەکان لە سەر زەوی وڵاتەکانی خۆیانەوە ئەنجام نادرێن؟

---


سەرچاوە:

http://baladnaalyoum.com/index.php?option=com_k2&view=item&id=2751:2015-07-07-13-07-35&Ite-id=1634&lang =ar

www.al3lom.com



# بەرکەوتنی نەیزەکی

و: جەمال محەمەد ئەمین/ jamalmhammad@yahoo.com

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالُواْ يَـٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ﴿٨١﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾ ﴾ هود، یان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ﴿٧٦﴾ ﴾ الحجر.

**بەڵگەی زانستی:** دەقی ئایەتەکە پەیوەستە بە رەجمکردن واتە بۆردومانکردن بە بەردی ئاسمانی، ئەوەش لە کاتێکدا کە کاریگەری ئەو بۆردومانە لەوپەڕی توندیدا دەبێت ئەویش کاتی بەیانییە، بە پێی زانستیش ئەو بەردانە لە کاتی بەیانیاندا ژمارە زۆرتر و خێراترن، چونکە لەو ساتانەدا ئاڕاستەی خولانەوەی زەوی پێچەوانەی جوڵەی ئەو بەردە ئاسمانیانە دەبێت، لە دەقەکەدا ئەو سیفەتانە دەردەکەوێت کە بە تەواوی گونجاوە لەگەڵ بۆردومانی نەیزەکی وەک بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و ورد و خاشبوونی نەیزەکەکان و دەنگی گەورەیان هەروەک زانستی گەردوونیی هێمای پێدەدا.!

**گونجان لەگەڵ ڕاستیە زانستیەکاندا:** ئەو گوزارشەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە دەربارەی بەرکەوتنی نەیزەکی impact لە هیچ سەرچاوەیەکی تر هەتا ئاسمانیش بەو وردیە هێمای پێنەدراوە، باس لە بوونی بەرد دەکات لە ئاسمان وەک دەفەرموێت:

﴿ أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ ﴾ الملک، یان: ﴿ ...إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ﴿٩﴾ ﴾ سبأ، یان: ﴿ أَفَأَمِنتُمۡ أَن يَخۡسِفَ بِكُمۡ جَانِبَ ٱلۡبَرِّ أَوۡ يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗا ثُمَّ لَا تَجِدُواْ لَكُمۡ وَكِيلًا ﴿٦٨﴾ ﴾ الإسراء.

سەرسوڕماو دەبیت ئەگەر بزانیت کە ئەو گوزارشانە بەڕادەیەکی وا بڵاوبونەتەوە لە نێو موسڵمانەکان هەتا نەخوێندەوارەکانیش بەڵام کەسێکی وەک یەکێک لە سەرۆکە کۆنەکانی ئەمەریکا بە ناوی (تۆماس جیفرسۆن) کە دەڵێت من بڕوام نییە بە بوونی بەرد لە ئاسماندا، ئەوە قسەیەکی کۆنی عەرەبەکانە لەسەردەمی نیگادا و ئێستاش دووبارە دەبێتەوە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَإِذۡ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلۡحَقَّ مِنۡ عِندِكَ فَأَمۡطِرۡ عَلَيۡنَا حِجَارَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئۡتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنفال، یان دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ ﴾ الإسراء، هەمان گومان لای نەتەوەی پەیامبەر شوعەیب (سەلامی خوای لێبێت) هەبوو، بۆیە دووچاری هەمان سزا بوون: ﴿ وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗا فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱرۡجُواْ ٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٣٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾ العنكبوت، یان: ﴿ فَأَسۡقِطۡ عَلَيۡنَا كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٨٧﴾ قَالَ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمِ ٱلظُّلَّةِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾ ﴾ الشعراء. یان دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾هود. ئەوەش هەمان سزا بووە بۆ نەوەی لوط وەک دەفەرموێت: ﴿ كَذَّبَتۡ قَوۡمُ لُوطِۭ بِٱلنُّذُرِ ﴿٣٣﴾ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ حَاصِبًا إِلَّآ ءَالَ لُوطٖۖ نَّجَّيۡنَٰهُم بِسَحَرٖ ﴿٣٤﴾ ﴾ القمر. بوونی هەموو ئەو وەسفانە لە سزای خواییدا لە گوزارشە قورئانیەکاندا بەڵگەی ئەوەن کە ئەو فەرموودانە زادەی بیری کەسێک نین لە سەدەی 7 ی زایندا ژیابێت، جوانترین وەسف بۆ دەنگێک گوێ کەڕ بکات (**الصيحة**)یە و (**الدخان**) ئەو دوکەڵەی لەبەرکەوتنی نەیزەک بە زەوی پەیدا دەبێت و مەودایەکی فراوان دەگرێتەوە و ڕووناکی خۆر دەگرێت، هەروەک ئەوەی لە تەقینەوە ناوکیەکانەوە پەیدا دەبێت، یان باس لە هەوری کەڵەکە بوو (**سحاب مركوم**) دەکات وەک دەفەرموێت: ﴿ وَإِن يَرَوۡاْ كِسۡفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطٗا يَقُولُواْ سَحَابٞ مَّرۡكُومٞ ﴿٤٤﴾ ﴾ الطور. وشەی (**حاصبا**) لە ئایەتەکانی پێشوتردا ناوی بکەرە و بە مانای کۆمەڵە بەردی ورد دێت وەک چەو کە بە خێرایی گەورە زەوی بۆردومان دەکەن ئەوەش بەڵگەی مەترسیداری ئەو بۆردومانە بەردینەیە، لە ڕووی زانستی گەردوونیەوە ئەو بەردانە پۆلێنکراون بۆ نەیزەک meteors، هەسارۆکە astriods و کلکدارەکان comets، لە قەوارەی جیاجیادا، لە قورئانی پیرۆزدا گوزارش لەو قەوارانە دەکات هەندێک جار بە وردە بەرد یان دەنکە باران ئەوە بەڵگەی ورد و خاشبوونی ئەو تەنە ئاسمانیانەیە لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە بەرگە هەوای زەوی، هەندێک جار وشەی (**كسف**) بەکاردەهێنێت بە مانای پارچەی قەوارە جیاواز و گەورە کە قەوارەی هەندێکیان دەگاتە قەوارەی شاخێک، بەڵام لەرینەوەی ڕووی زەوی کە بە (**الرجفة**) ناوزەد کراوە لە قورئانی پیرۆزدا و لە ئەنجامی بەرکەوتنی ئەو تەنە ئاسمانیانە بە زەوی، ئەوە وەسفێکی زۆر وردە و هیچ زیادڕەویەکی تێدا نییە.

لە درێژەی کارەساتی پەیامبەر لوط (سەلامی خوای لێبێت) قورئانی پیرۆز بە ڕەونەقێکی پرشنگدار باس لەو کارەساتە دەکات و دەفەرموێت: ﴿ ... إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ﴿٨١﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾ ﴾ هود، یان: ﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ﴿٧٦﴾ ﴾ الحجر. ئاخر کێ ئەو موحەمەدەی فێرکرد ئەگەر ئەو دوا پەیامبەر نەبوبێت و ناوی لە کتێبە پێشونەکاندا نەهاتبێت، کێ ئەوەی فێرکرد کە ئەو بەردانە (**مسومة**) واتە نیشانە کراو و جیاکراوەن لە بەردی زەوی؟ بە پێی تۆژینەوە نوێیەکان بوونی هێڵی دیار لە سەر ئەو بەردانە بە ڕوونی دیارە ئەوەش لە ئەنجامی گەرمی هێزی لێکخشاندنی نێوان ئەو بەردانە و بەرگە زەپۆشی زەوی، ئینجا دابارینی بە شێوەی دەنکۆڵەی ورد لە ئەنجامی ساردبوونەوەی کتوپڕی ئەو پارچە بەردانە، کێ ئەوەی دەزانی کە ئەو بەردانە ئاگرینن تا وەسفی بکات بـــــە (**من سجيل**)، ئینجا کێ ئەوەی دەزانی کە ئەو گەرمییە زۆرە بەردەکان هەڵدەوەشێنێت و بە شێوەی یەک لە دوای یەک واتە (**منضود**) بێتە خوارەوە؟ ئەمە جگە لە گوزارشی (**الصيحة**) بە مانای دەنگێکی زۆر گەورەی کەڕکار کە شەپۆلەکانی ڕاتەکاندنی shockwave دەگەنە زەوی و وێرانکاری دەبەخشنەوە پێش ئەوەی بەردەکان خۆیان بگەن و، گوزارشی هەڵگەڕانەوە وەک ئەوەی سەقفەکان بکەون و بنکەکان بەرزببنەوە وەک دەربڕینێک بۆ وێرانکاری شەپۆلی شاشبوون پاش شەپۆلە پەستاوتنەکان، وەک دەفەرموێت: ﴿ جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا ﴾، ئینجا ئەو ڕاناوەی لەم دەربرینە قورئانیەدا ﴿ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ﴾هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەکان کە ڕێرەوێکی جێگیری هەیە بەرەو زەوی نەک ڕێرەوێکی گەردوونی وەک ئەو بەردانەی لە نێوان مەریخ و موشتەریدا هەن و، کاتی دابەرینی بەردەکانیش بەیانیانە چونکە لەو کاتانەدا ئاڕاستەی جوڵەی زەوی پێچەوانەی ئاڕاستەی جوڵەی بەردەکانن تا خێرایی بەرکەوتنیان لەوپەڕی زۆریدا بێت بە پێچەوانەی ئێواران کە خێراییەکانیان لێک دەردەکرێن. جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو گوزارشە قورئانیە زانستیانە و گوزارشی ئینجیل لۆقا:17-29 کە دەڵێت: ”**کاتێک لوط هاتە دەرەوە ئاگر و گۆگرد داباری لە ئاسمانەوە و هەمووی لەناوبردن**“، خۆ ئەگەر ئەو گوزارشە بە وردتر باسی لەو کارەساتانە بکردایە ئەوا هەر نەدەگەیشتە ئەو وردکاریەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی پێگەیشتبوو، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو دوای هاتنی مەسیح (**سەلامی خوای لێبێت**) پشتڕاستی ئەوەیان کردەوە کە ئەو پێشبینی کردبوو وەک ئەوەی فەرمووی: ”**من هەندێک شت دەزانم ئەگەر ئێستا بیدرکێنم ئێوە بەرگەی ناگرن، هەرکات ئەو گیانە ڕاستەقینە هات ڕێنومایتان دەکات بۆ هەموو ڕاستیەکان، چونکە ئەو لە خۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو قسە لە هەموو ئەوانە دەکات کە دەیبیستێت و، ئاگادارتان دەکات بە ڕووداوی وا کە بەڕێوەیە بێت، ئەوە باس لە نەمرودی من دەکات و مافی خۆمم دەداتێ و ئاگادارتان دەکات**“ یوحەنا: 16 – 12 – 15.

بەڵێ ئەو ڕۆژانە هات و قورئانی پیرۆز دابەزی و وردەکاری و درێژەی هەموو دیاردە و ڕووداوەکانی ڕوونکردەوە بۆ یەکێک کە چاو و دڵ بەستراو نەبێت وەک دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ أَن يُفۡتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾یونس.

سەرچاوە: کتێبی (هذا محمد رسول الله وبراهين رسالته/ د. عبدالله المصلح).



# هەنگوین و شیفا

## بەشی دووەم

ئا: د. بەهێز محمد صالح محمود
bahezmuhammed@hotmail.com

لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا کە لە گۆڤاری هەیڤ ژمارە 38 دا بڵاوکرایەوە، باسی ڕەنگە جیاوازەکانی هەنگوینمان کرد و، ئیعجازی قورئانمان لە ڕەنگە جیاوازەکانی هەنگویندا ڕوونکردەوە و، ئەوەشمان سەلماند کە شیفا لە هەنگویندا پەیوەندی بە ڕەنگی هەنگوینەکەوە هەیە، لەم ئەڵقەیەشدا باسی بەشێکی تری ئایەتەکە دەکەین، کە ئایا بۆچی پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿...يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ...﴾ ﴿٦٩﴾ النحل، واتە: لە سکییەوە **شلەیەك** دەردەچێت.. دەبینین نەیفەرمووە لە سکیەوە **هەنگوین** دەردەچێت، ئەویش لەبەرئەوەیە کە هەنگ بە تەنها هەنگوین دروست ناکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا چەندەها ماددەی تر دروستدەکات کە ئەوانیش هیچیان کەمتر نین لە هەنگوین و ئەوانیش شیفایان تێدایە:

1- شلە (خواردن)ی شایانە دروست دەکات کە کرمۆکەکانی هەنگ و شاژنی دوارۆژ لەسەری دەژین.

2- ژەهری هەنگیش دروست دەکات کە لەگەڵ چزووەکەیدا دەیدات بە دوژمنەکانیەوە.

3- ماددەی مۆم کە لە سکییەوە بە شلی دەردەچێت.

4- ماددەی (پرۆپۆلیس) کە کەتیرەیەکە شانەکانی پێ جێگیر دەکات.

5- ماددەی (بیپۆڵین) کە پڕۆتینە لە سکی هەنگدا درووست دەبێت.

لێرەوە ئیعجازێکی گەورەی ئایەتەکە ئاشکرا دەبێت کە نەیفەرمووە بەتەنها هەنگوین لە سکی هەنگەوە دێتە دەرەوە، چونکە لە سکی هەنگەوە چەندین ماددەی جیاوازی چارەسەرکەر دێتە دەرەوە، کە لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئان بۆ سەرووەری پێغەمبەران نەزانراوە، تەنها لە سەدەی بیستەمدا بەهای گەورەی چارەسەرکەری هەموو ماددەکانی بەرهەمهاتووی سکی هەنگ زانراوە و دۆزراونەتەوە.

دوای چەندین لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەم ماددانە کە بەرهەمی زانراوی هەنگن، پێکهاتە و سوودە جۆراوجۆرەکانیان دەرکەوت کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

1- هەنگوین: لەبەرئەوەی هەنگوین بە گشتی زۆربەی ماددە کانزاییەکان و، شەکرەکان کە هەر پێنج جۆر شەکری سەرەکی و، زۆربەی ڤیتامینەکانیشی تێدایە، واتە هەنگوین زیاتر کاربۆهیدراتە و، پڕۆتین و هۆڕمۆنی کەمترە لە پێکهاتەکانی تری، لەبەرئەوە هەنگوین لەناو لەشدا سوودەکانی جۆراو جۆر و هەمەلایەنە و، خوای گەورەش بە شیفا لە ئایەتەکەدا ناوی بردووە... سوودەکانی هەنگوین زۆر زۆرە بە نموونە بۆ بە هێزکردنی بەرگری لەش و میکرۆبە کوشندەکان لەناو دەبات و بەسوودیشە بۆ کێشەکانی پێست، چەندین سوودی تری زۆریش کە پشت بە خوا لە داهاتوودا باسی هەندێکیان دەکەین.

2- شلەی (خواردنی) شایانە: ئەمە زیاتر لە هۆڕمۆن و پڕۆتین پێك هاتووە لەگەڵ ماددەکانی تری پێکهاتەی هەنگوین، ئەمەی کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە ئەمەیە، بەڵام بە تەواوی هەموو پێکهاتەکانی نەزانراوە و، ماددەیەکی سرووشتییە و ناتوانرێت لە کارگەکاندا درووست بکرێت. چەندین سوودی هەیە بە نموونە بۆ گەشەی ئێسکەکان و تازەکردنەوەی خانەکان و بەهێزکردنی یادەوەری و ڕێکخستنی هۆڕمۆنەکان و...تاد.

3- ژەهری هەنگ: کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی



له سەنتەرە پزیشکییەکاندا بە نموونە نەخۆشی جومگەکان.

4- مۆم: کە لە چوار ڕژێنەوە لە سکی هەنگەوە دەردەچێت و، سەرەتا ڕەنگی سپییە و دواتر کە لەگەڵ هەلاڵە یەکدەگرێت ڕەنگی زەرد و قاوەیی وەردەگرێت، لە سوودەکانیشی ماددەیەکی وزە بەخشە.

5-ماددەی (پرۆپۆلیس): کەتیرەیەکە ڕەنگی قاوەیی مەیلەو ڕەشە، شانەکانی پێ جێگیر دەکات و، بەکارهێنانی لە ڕووی پزیشکییەوە بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە، بەکاردەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی سیستمی بەرگری لەش...

6- ماددەی (بیپۆڵین): ئەم ماددەیە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دەنکە هەلاڵەکان لە ئەنجامی مژینی شیلەی گوڵەکان و هەندێك ئەنزیمی ناو سکی هەنگەکە لەگەڵ هەنگوین ئەم ماددەیە پێك دێت پێی دەوترێت bee pollen، کە لە زانستی پزیشکیدا بە (گەنجینەی خۆراك) ناسراوە و، زیاتر لە 25-40%ی لە پرۆتینە و، یەکێك لە هەرە سوودە گرنگەکانی ئەمیش بۆ بەهێزکردنی بەرگری لەش و لە دژی میکرۆبەکوشندەکان بەکاردێت...

**ڕوویی ئیعجاز:**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیعجازی ئایەتەکانی سوورەتی (النحل) تەنها لەوەدا نییە کە دەڵێت هەنگوین شیفای تێدایە، بەڵکو:

1- خوای گەورە بە ئاشکرا باسی هەنگوینی نەکردووە لە ئایەتەکەدا کە فەرموویەتی: ﴿يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ﴾و، نەیفەرمووە (یخرج عسل) واتە هەنگوین لە سکی دێتە دەرەوە، کەواتە ئەوەی لە سکی هەنگ دێتە دەرێ جۆراوجۆرە، خوای گەورە بۆ مرۆڤی جێهێڵاوە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانە بکات کە دێنە دەرێ، وەك: هەنگوین و شلەی شاهانە و کەتیرە و مۆم... تاد.

2- هەر وەك چۆن لە ڕەنگە جیاوازەکانی هەنگویندا شیفا هەبوو کە ئایەتەکە ئاماژەی پێ دەکات، بە هەمان شێوە لەو ماددە جیاوازانەشدا کە لە سکی هەنگەوە دێنە دەرەوە بەگشتی شیفا و چارەسەر هەیە: لە هەنگویندا، لە شلەی شاهانەدا، لە پرۆپۆلیسدا و، لە مۆمەکەشدا شیفا هەیە، تەنانەت لە ژەهری هەنگیشدا چارەسەر هەیە..!

3- خوای گەورە کە فەرموویەتی: ﴿يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ﴾ و، نەیفەرمووە (یخرج من بطنه) واتە بە کۆ باسی سکی هەنگی کردووە نەك بە تاك، ئەمەش هەرچەندە ئیعجازێکی بەرز و بڵندی داڕشتنی وشەکانی قورئانە، لەهەمان کاتدا وردی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکانی قورئانیشە، لەو کاتەدا چۆن زانراوە سکی هەنگ لە چەند بەشێك پێکهاتووە؟ لەم کتێبەدا بەم شێوەیە باسکراوە
The biology of honey bee .by Mark L.Winston

honey bee abdomen is composed of nine to ten segments internally

واتە سکی هەنگ پێکهاتووە لە نۆ بۆ دە بەش لە ناوەوە!! بۆیە هەر وشەیەکی یاخود هەر پیتێك یا وشەیەك لە قورئانی پیرۆزدا دارایی چەندەها نهێنین چونکە ئەم قورئانە تەنها لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیوە.

**سەرچاوە:**

کتێب:

1- Miracle of honeybee..edited by Tam Mossman 2007

2-The biology of honey bee .by Mark L.Winston:

**ماڵپەڕەکان:**

1-http://www.healthline.com/health/propolis-an-ancient-healer

2- http://www.webmd.com/balance/bee-pollen-benefits-and-side-effects

3-http://www.webmd.com/vitamins-supplements/ingredientmono-305-beeswax.aspx?activeingredientid=305&activeingredientname=-beeswax



# خۆشتن بە ئاوی سارد کۆئەندامی دەمار ئاگادار دەکاتەوە و بەرگری لەش زیاد دەکات و ماسوولکەی دڵ چالاك دەکات




ن: د. عبدالوهاب القرش/ دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکاندا.

و. بەدەستکارییەوە: هاوژین طالب رضا.

hawzhin@gmx.de


مرۆڤەکان هەمیشە لە نێوان دوو حاڵەتدان، یان خۆشگوزەرانن یان لە نارەحەتییدان.. لە بەرامبەریشدا دوو حاڵەتی تریان هەیە: یان سوپاسگوزارن یان ناشوکر و بەدبەختن... (ئەیوب پێغەمبەر) سەلامی خوای گەورەی لێ بێت بە هەردوو بارەکە تاقیکرایەوە.. خۆشگوزەرانی و نارەحەتیی، خوای گەورە خۆشگوزەرانی کرد ئەویش سوپاسگوزار بوو، نارەحەتیشی کرد لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، ئەویش بە ئارام بوو ﴿ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ٤٤ ﴾ ص. ئەیوب -سەلامی خوای گەورەی لێ بێت- پێغەمبەری خوایە و لە نەوەی ئیبراهیمە؛ لە دنیادا خوای گەورە زۆر دەوڵەمەندی کرد بوو؛ بەخششی زۆری پێ دابوو؛ منداڵ و کەسوکاری زۆریشی هەبوو. لە هەموو حاڵێکدا بەردەوام بۆ لای خوای گەورە دەگەڕایەوە و زۆر سوپاسگوزار بوو.

بەڵام لە تەمەنی پیریدا خوای گەورە تاقیکردەوە و هەموو بەخششەکانی دنیای لێ وەرگرتەوە و منداڵ و نەوەکانی بۆ لای خۆی بردەوە. بەوەش ئەیووب دەستکورت و هەژار کەوت. سەرەڕای ئەوەش ئەیوب -سەلامی خوای گەورەی لێ بێت- تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر هات. نەخۆشییەکانی ئەیوب -سەلامی خوای گەورەی لێ بێت- ئەوەندە درێژەی کێشا، خەڵکی دەوروبەری وردە وردە تاقەتیان نەما. تەنها خێزانی نەبێت بە وەفا بوو، بەردەوام سەری لێ دەدا و خزمەتی دەکرد.

بێگومان بەڵا و بەسەرهاتەکانی ژیان بەڵگە نین لەسەر بەدبەختی، خۆشگوزەرانی و نارەحەتییەکانی دنیاش بە کاری چاکە و خراپەکارییەوە پەیوەست نین. چونکە دنیا شوێنی تاقیکردنەوەیە و کێڵگەی ئاخیرەتە. ئەنجامی ئارامگرتنیش پاداشتە و چەندجار بوونەوەی خۆشی و چاکەکانە. ئادەمیزادیش بە پێی ئیمانی تاقی دەکرێتەوە؛ ئەگەر لە ئیمانەکەیدا پتەو بوو، ئەوە بەڵاکەی گەورە دەبێ؛ ئەگەر لە ئیمانەکەشیدا نەرم بوو، ئەوە بە پێی ئیمانی تاقی دەکرێتەوە. بەو شێوەیە بەڵا لە کۆڵ باوەڕدار نابێتەوە هەتا هەموو گوناهەکانی لێ هەڵدەوەرێنێت. لەبەرئەوەی پێغەمبەرانیش لە هەموو کەس باوەڕیان پتەوترە، بۆیە لە هەموو کەس توندتر تاقی کراونەتەوە.

بەو شێوەیە نەخۆشییەکەی ئەیوب درێژەی کێشا، بە جۆرێک هیچ ئەندامێکی لەشی بە ساغی نەما و هەمووی لە ئیش کەوت. تەنها دڵ و دەمی نەبێت کە یادی خوای گەورەی پێ دەکردن. لەگەڵ ئەو بەڵایەشدا ئەیوب -سەلامی خوای گەورەی لێ بێت- خواپەرستیی خۆی دەکرد و لە ئارامگرتن بەردەوام بوو. بەیانی و ئێوارە، شەو و ڕۆژ یادی خوای گەورەی دەکرد و چاوەڕێی پاداشتی پەروەردگاری دەکرد.

ئارامگرتن و سوپاسگوزاریی ئەیوب -سەلامی خوای گەورەی لێ بێت- خەڵکی سەردەمی خۆی سەرسام کردبوو. بە جۆرێک هەتا سەردەمی ئەمڕۆشمان نموونە بە ئارامگرتنی ئەیوب دەهێنرێتەوە، هەر بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وەسفی دەکات بە: ﴿ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ٤٤ ﴾ ص، واتە: (بە ڕاستی بەندەیەکی چاک و ڕێک و پێک بوو، بێگومان ئەو تەوبەکارە و هەمیشە دڵی لای پەروەردگارە.)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٨٣ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ٨٤ ﴾ الأنبياء، واتە: کاتێک کە ئەیوب هانا و هاواری بۆ پەروەردگاری برد، - پاش ئەو هەموو نەخۆشی و بەڵایەی کە بەسەریدا هات بە شێوەیەک تا گەیشتە ڕادەی بریندارکردنی هەست و نەستی- ئەوسا زۆر بە زەلیلی و دڵ شکاویەوە، وتی: ئەی پەروەردگارم بە ڕاستی من کەمێک ئازار و ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبان تر و بە ڕەحم تری، ئەمجا ئێمەش نزامان گیرا کرد و بەهانایەوە چووین هەموو نەخۆشی و ناخۆشییەکانمان لە کۆڵ کردەوە، هەموو ماڵ و منداڵمان بە ژمارەی ئەوانەی مردبوون پێ بەخشییەوە و ئەوەندەی تریش لەگەڵیدا، ئەوەش بزانە ئەوە

ڕەحمەتێکی تایبەت بوو لە لایەن ئێمەوە بۆ ئەو و، یادەوەریشە بۆ بەندە خوا پەرستەکان.

لە نزاو پاڕانەوەکەی ئەیوب پێغەمبەردا سەلامی لێ بێت ئەدەب و شێوازی دوعا کردن فێر دەبین، کە بەندە دەبێت چۆن لە بەردەم خوای خۆیدا بپاڕێتەوە و بە کوڵ لە ناخی دەروونییەوە بە ئەدەبەوە هاواری لێ بکات، دەبینین لە پاڕانەوەکەیدا هەموو ناڕەحەتییەکانی بە وشەی: (مَسَّنِيَ) دەردەبڕێت، (المس: هو الاصابة الخفيفة) لە زمانی عەرەبیدا (مس) بە بریندارى یان زەرەرێکی کەم و زۆر ئاسان دەووترێت. بەو شێوەیە هەموو نەخۆشییەکان و ئازارە دەروونی و لاشەییەکان لەبەردەم ئارامیی و خۆڕاگریی ئەیوبدا بچووک و کەم دەردەکەون، ئێمە گەورەیی ئەو بەڵا و ناڕەحەتییانەی ئەیوبمان لە وشەی (ٱلضُّرُّ)دا بۆ دەردەکەوێت (مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ)، وشەی (ٱلضُّرُّ) ئەگەر پیتی (ض)ە کە فەتحە بێت ئەوا مانای: الضرر في كل الشيء. زیان و زەرەر لە هەموو شتێک دەگرێتەوە.. گشت زەرەر و زیانێک، ئەگەر پیتی (ض)ەکەش بۆر (ضَمه) ی لەسەر بێت ئەوە: (خاص بما يصيب النفس من مرض وهزال) ئەو ئازار و بریندارییە دەگرێتەوە کە بەهۆی نەخۆشی و لاوازییەوە کار لە دەروونی مرۆڤ دەکات. (ئەلف و لام)ی تەعریفیش لە وشەی (ٱلضُّرُّ)دا ئەوە دەگەیەنێت کە تاقیکردنەوەکان و ئازارەکان لە لەشی ئەیوبدا جێگیر ببوون، بە شێوەیەک وەک ئەوەی هەرچی ئازار هەیە تووشی لەش و دەروونی ئەو هاتبێتن، ئەمە جگە لەوەی کە پێشتر ماڵ و سامان و منداڵەکانیشی تیا چووبوون و، هیچ کەسێکی نەمابوو، خۆشی بەو شێوەیە نەخۆش و بەساڵا چوبوو، لە گەڵ ئەوەشدا دەبینین کە چۆن بە جوانترین شێوەی بەندایەتی و ڕێز و ئەدەبەوە هاوار و نزاکانی دەباتە لای پەروەردگاری خۆی، داوای هیچ لە خوای گەورەی خۆی ناکات و تەنها حاڵی خۆی زۆر بە کەمی بە دوو وشە باس دەکات و, تەنها دەڵێت: پەروەردگار تۆ لە هەمووان بە بەزەیی تری: (وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ)، لێرەدا دەبینین خوای گەورە بەو پەڕی بە بەزەیی وەسف دەکات، وشەی (أَرۡحَمُ) لە عەرەبیدا بۆ (تەفزیلە) واتە ئەو پەڕ و تەواوترین سۆز و بەزەیی کە هی پەروەردگارە و بەرامبەری نییە و زۆر زیاترە لە سۆز و بەزەیی بەندەکانی، جا ئەگەر دڵسۆزی هاوار و نزا و پاڕانەوەی بە کوڵ و ئەدەب بە یەکەوە کۆ ببنەوە، با وشە و ڕستەکانیش کەم بن، ئەوە خوای گەورە خاوەنەکەی بێ ئومێد ناکات و، لێی وەردەگرێت و قبوڵی دەکات، ئەوەتە یەکسەر بە دوای نزا و پاڕانەوەکەی ئەیوبدا دەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖ ۝٨٤﴾.

واتە: (ئێمەش نزاکەمان گیرا کرد و بە هاواریەوە چوین و هەموو ناخۆشی و نەخۆشییەکمان لە کۆڵ کردەوە). بیر لە وتەی خوای گەورە: (مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖ) بکەرەوە لە (مَا)ە کەدا کە (إسم الموصول)ە نادیاری دەبینین و، لە (مِن) ەکەشدا ڕوونکردنەوە و بەیان دەبینین ئەوەش بۆ گەورەکردنی زەرەر و زیانەکەیە لەبەر گەورەیی و زۆری زیانەکە و جۆراو جۆرییەکەی، (ضُرّٖ) یش نەکیرەیە واتە خوای گەورە پاڕانەوەکەی ئەیوبی قەبووڵ کرد و شیفای بۆ نارد لە هەموو ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی جەستە و دەروونی هاتبوون و هەموو خۆشییەکانی ژیانیشی بۆ گەڕاندەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ۝٤٢﴾ ص، فەرمانی بە ئەیووب کرد قاچی بە زەویدا بدات.

ئەویش قاچی بە زەویدا کێشا و کانییەک ئاوی لەژێر پێدا بۆ خۆشتنی و خواردنەوەی هەڵقوڵاند. پاشان فەرمانی پێ کرد کە خۆی بەو ئاوە بشوات و؛ لە کانییەکە ئاو بخواتەوە، بەو شێوەیە خوای گەورە شیفای بۆ هەموو نەخۆشییەکانی نارد. هەروەها هەموو بەڵاکانی تریشی لەسەر هەڵگرت و هەموو بەخششەکانی جارانی پێ دایەوە و دوو ئەوەندەی جارانیش منداڵی پێ بەخشییەوە؛ هەتا ئادەمیزاد بزانێت ئەوە ئەنجامی ئارامگرتنە بۆ خوای گەورە.

خوای گەورە بە دەستەواژەی (مُغۡتَسَلُۢ) کە (اسم مفعول)ە وەسفی ئاوەکە دەکات واتە خۆی پێ دەشۆرێت، هەروەها دەفەرموێت: سارده (بارد)، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەو ئاوە هۆکاری شیفای هەموو نەخۆشی و برینەکانی ئەیوبە. هەردوو وشەی (بَارِدٞ) لەگەڵ (وَشَرَابٞ) بە (تەنوین) هاتوون کە ئەمە لە عەرەبیدا بۆ گەورەکردنە چونکە بۆ ئەیوب گەورەیە و بووە مایەی شیفای ئەیوب.

**سوودەکانی ئاوی سارد لە ڕووی پزیشکییەوە:**

خوای گەورە فەرمانی کرد بە ئەیوب سەلامی خوای گەورەی لێ بێت کە بەو ئاوە ساردە خۆی بشوات و لێشی بخواتەوە: ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ۝٤٢﴾ ص، واتە: ئەوە ئاوێکی ساردە بۆ خۆشتن و خواردنەوە. زانستی تازەش ئەوەی سەلماندووە کە خۆشتن بە ئاوی سارد سوودی زۆر گرنگی هەیە لەوانە:

1- بەرگریی لەش بەهێز دەکات، بۆیە دەبینین بەساڵاچووە لەش ساغەکانی شەرقی ئاسیا لە دەریاچە ساردە نیمچە بەستووەکاندا خۆیان دەشۆن، بەوەش بەرگری لەشیان زیاد دەکات و، ئۆرگانەکانی ناوەوەی لەشیان باشتر کار دەکات.

2- کۆئەندامی دەمار ئاگادار دەکاتەوە، ئەوەش یارمەتی خێرایی کاردانەوە دەدات.

3- چالاککردنی سوڕی خوێن، کە ئاوی سارد دەبێتە هۆی چالاک بوونی لەش بە شێوەیەک کە سوڕی خوێن بە چالاکی و بە تەواوی کار دەکات، بەوەش ماسوولکەی دڵ چالاک دەبێت و بەهێز دەبێت و خوێن بەرەکان بە گوڕ تر دەبن و، ڕێگری دەکەن لە تووشبوون بە فشاری خوێن و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و، دەبنە هۆی ڕێکخستنی پەستانی خوێن.

4- چارەسەرە بۆ شێرپەنجەی مەمک، لێکۆڵینەوەیەکی ئەڵمانی ئەوەی سەلماندووە، کە ئەوانەی بە خۆشتن لە ئاوی سارددا بۆماوەی چوار هەفتە چارەسەرکران ئاستی بەرگرییان بۆ نەخۆشییەکەیان زیادی کرد.

5- چالاککردنی غودەی پەنکریاس و، زیادکردنی دەردانی هۆرمۆنی ئەنسۆلین لە خوێندا کە پەنکریاس دەریدەدات، کە ئەمەش یارمەتی خێرا سووتاندنی شەکر دەدات لە خوێندا.

6- لە ئازار کەم دەکاتەوە، چونکە یارمەتی لەش دەدات بۆ دەرکردنی هۆرمۆنی (ئەندۆرفین) کە بکوژی ئازارە، هەروەها مەزاج باش دەکات و دەمارە هەستیارەکانی دەماغیش چالاک دەکات.

7- زیادکردنی چالاکی غودەی دەرەقی و، بەرهەم هێنانی وزەی بەدیل کە دەبێتە هۆی دواخستنی دیاردەی ماندوبوون و هەست پێکردنی.

8- بەهێزکردنی پێست و، ڕێگرتن لە چرچ بوونی پێست بە تایبەت پێستی دەموچاو و، پارێزگاری کردن لە پرچ، ئاوی سارد دەبێتە هۆی بچووکردنەوەی کونی پێست و ڕێگەگرتن لە ژەهراوی بوون و، پارێزگاریکردن لە ڕەونەقی پرچ و، چالاکردنی خوێنی پێستی سەر.

ئەمانە و چەندین سوودی تریش کە بەردەوام زانست دەیان دۆزێتەوە، بە نموونە وەک: بەهێزکردنی دوور بینین.. زیادکردنی چالاکی گەدە و بەهێز کردنی ماسولکەکان.. چالاک کردنی کۆئەندامی هەناسەدان.. بەهێزکردنی مرۆڤ لە بەرگەگرتن بۆ هەواڵە پەلە و نەخوازراوەکان و، دوورکەوتنەوە لە جەڵدەی دڵ و دواخستنی مردنی لە ناکاو و، هێواشکردنەوەی مرۆڤ لەکاتی توڕەبووندا.. کەمکردنەوەی هەستی خەمۆکی.. پاککردنەوەی خوێن و ڕزگارکردنی لە ژەهراوی بوون... تاد.

سەرچاوە: گۆڤاری (الاعجاز العلمي/ ژمارە 45/ ذو الحجة 1434ك)، بابەتی (الإعجاز العلمي في سياق قصة النبي ايوب عليه السلام).




# وردیی بەکارهێنانی زاراوە قورئانییەکان بۆ قۆناغەکانی بەدیهێنرانی مرۆڤ

ن: پ. کیس مۆر، عەبدولمەجید زیندانی، د. مستەفا ئەحمەد.
و: خالید حەسەن عەلی khlidbarznjy@gmail.com ، ئاراس عومەر.

## دەستپێک:

یەکەمین هەوڵەکان بۆ قۆناغبەندکردنی گەشەی کۆرپەلەی مرۆڤایەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەردەوام بوو.

بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری و بەیەکداچوونی بەردەوامی گەشەکردنی کۆرپەلەوە جیاکردنەوەی قۆناغەکانی لای زانایان کارێکی زۆر قورس بوو. لەساڵی (1914ز) زانا مۆڵ (MOOL) کۆرپەلەی مرۆڤایەتی لە زنجیرەیەک قۆناغدا ڕێکخست.

دوای بیست و هەشت ساڵی تر لە ساڵی (1942ز) دا زانا ستریتەر (STREETER) کۆرپەی لە (23) قۆناغدا ڕێکخست و بە (ئاسۆکانی گەشەکردن)ی ناوبرد، ئەم قۆناغانەش هەتا ساڵی (1973ز) لەسەر ئاستی هەموو جیهان بەکارهات، هەتا زانا ئۆرێلی (OREILLY) سیستەمێکی وردتری بۆ پۆلێنکردنی کۆرپەلەی مرۆڤایەتی دانا، بەتایبەتیش لە ماوەی سێ هەفتەی یەکەمی دروستبووندا.

دواتر قۆناغەکانی زانا کارنیج کە لەسەر ڕووداوە جیاوازەکانی گەشەکردن و پێوەرەکانی ڕووکەشی دەرەوە بنیاتنرابوو، ڕەزامەندی جیهانی بە دەست هێنا، کە سیستەمەکەی زانیاریی ورد بە وانە پێشکەش دەکات کە گرنگی بە وردەکاری گەشەی کۆرپەلە دەدەن.

زانایان لەسەرەتای هەوڵەکانیان بۆ وەسفی هەر قۆناغێک پیتیان دانا، پاشان پیتەکانیان گۆڕی بۆ ژمارە، بەڵام ئەو پیت و ژمارانە هیچ تێگەیشتنێکی جیاکاریی قۆناغێک لە قۆناغێکی تری نەدەبەخشی.

هەتا ئەم دواییانەش جگە لە موسڵمانان، زانایان نەیانزانیبوو قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرﷺ ، زاراوەی ورد و تایبەتی گەشەی کۆرپەلەی لەخۆگرتووە.

هەروەها بە تەواوی لەو زاراوانە تێنەدەگەیشتن، چونکە زانستیانە ئاماژە بە گەشەی کۆرپەلە دەدەن، کە لە ڕابردوودا نەزانرابوون.

پرۆگرامی قورئانی بۆ دابەشکردنی قۆناغەکانی خەلقکردنی کۆرپەلە بە ڕاستی سەرسوڕهێنەرە، وەک ئاشکراشە مێژووەکەی بۆ سەدەی حەوتەم دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی (ئەرستۆ) دامەزرێنەری زانستی کۆرپەلە لە سەدەی چواری پێش زایین، بەهۆی لێکۆڵینەوە لە هێلکەی مریشک، زانی کۆرپەلەی جوچک قۆناغ بە قۆناغ دروستدەبێت، بەڵام هیچ وردەکارییەکی ئەو قۆناغانەی باسنەکردووە.

بەپێی زانیارییەکانی مێژووی کۆرپەلەزانییش، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەتا ئەم سەد ساڵەی دوایی، کەمێک نەبێت زانیاری دەربارەی قۆناغەکان نەبوو.

## یاسا تایبەتییەکانی زاراوەی زانستی:

لەکاتی دانانی یاسا بنەڕەتییەکانی زاراوەی زانستی بۆ قۆناغەکانی کۆرپەلە، زانایان جەختدەکەنەوە لەوەی زاراوەیەک دابنێن بە کرداریی وەسفی ئەو ئەو قۆناغە بکات کە کۆرپەلەکەی تێدایە.

هەروەها پێویستە هەماهەنگییەکی تەواو هەبێت لە نێوان زاراوەکە و سروشتی گەشەکردن و ئەو ڕووداوانەی کۆرپەلە کە لەو قۆناغەدا پێیدا تێپەڕدەبێت، هەتا لە بە یەکداچوونی قۆناغەکانیش دووربین، پێویستە هەر زاراوەیەک کە وەسفی قۆناغێک دەکات، سەرەتا و کۆتاییەکی ڕۆشنی هەبێت و بەپێی توانا لە بەیەکداچوونی قۆناغەکان دووربێت.

## بنچینەکانی دانانی زاراوە زانستییەکانی کۆرپەلەزانی:

1- پێویستە وەسفی ڕووکەشەکەی بکات.

2- ئەو کردارانە ڕەنگبداتەوە کە لە هەر قۆناغێکدا ڕوودەدەن.

3- لە تێکەڵکردنی سەرەتا و کۆتایی دووربێت.

بە تێڕوانین بۆ زۆر ئاڵۆزیی پێکهاتنی کۆرپەلە و چوونە ناو گەلە کردارێکی گۆڕانکاریی بەردەوام لەماوەی گەشەیدا، وا بەسوودە سیستەمێکی نوێ بۆ وەسفی قۆناغەکانی کۆرپەلە دابنێین، ئەویش بە بەکارهێنانی زاراوەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرﷺ .

ئەویش لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە پێشنیازکراوە لەسەر وەسفی گۆڕانکاریی شێوە و ڕووخسار و گۆڕانکارییەکانی ناوەوەشی بنیاتنراوە، سەرەڕای ڕوونی و گشتگیرییەکەی، هەروەک لەگەڵ پێشکەوتنی نوێی کۆرپەلەزانیدا دەڕوات.

شایانی باسە قورئانی پیرۆز یەکەم سەرچاوەیە کە باسی قۆناغە جیاکەرەوەکانی کۆرپەلە دەکات، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ﴿٦﴾ ﴾ الزمر. واتە: پەروەردگارتان ئێوە لە سکی دایکتاندا بەدیدەهێنێت بە چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەک، لەناو سێ ناوچەی تاریکدا.

هەروەک قورئانی پیرۆز بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی بەدیهێنان ناوێکی تایبەتی داناوە، هەروەک خودای زانا دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ المؤمنون. واتە: سوێند بەخوا ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە، پاشان کردمان بە (نوتفە)یەک و لە جێگەیەکی پارێزەردا جێگیرمانکرد، پاشان (نوتفە) کەمان کرد بە (عەلەقە) و ئینجا (عەلەقە) کەمان کرد بە (موزغە) و دواتر (موزغە)مان کرد بە ئێسکە پەیکەر (عیزام) و دواتریش ئێسکە پەیکەرەکەمان بە ماسولکە داپۆشی، پاشان گۆڕیمان و وامانلێکرد گەشەبکات بۆ شێوەیەکی تایبەت بەخۆی (شێوەی مرۆڤ)، بە ڕاستی خوای مەزن بەرز و پیرۆز و موبارەکە و چاکترین بەدیهێنەرە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت ئەو زاراوانە هەموو مەرجە پێویستەکانی ناونانی نمونەییان تێدایە، چونکە لەگەڵ یەکداهاتنەوە (تطابق) و ڕوونی سەبارەت هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەی تێدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوە وەسفی کۆرپەلەی مرۆڤایەتی لە قورئانی پیرۆزدا، هەرگیز ناگونجێت بۆ زانیارییەکانی سەدەی حەوتەمی زایینی بگەڕێنرێتەوە، بەڵکو تاکە دەرئەنجامی ژیرانە ئەوەیە کە خوای گەورە بە نیگا ئەو زانیارییانەی بۆ پێغەمبەرەکەیﷺ ناردووە، ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەی لە ژیانیدا هیچ چالاکییەکی زانستی لەم بوارە و هیچ بوارێکی دیکەشدا ئەنجامنەداوە.

## زاراوە قورئانییەکان بۆ قۆناغەکانی کۆرپەلە:

### A. قۆناغە بنەڕەتییەکان:

قورئانی پیرۆز جەختدەکاتەوە کە کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکیدا بە سێ قۆناغی بنەڕەتی و جیاوازدا دەڕوات، کە هەر قۆناغێک لە قۆناغێکی

تر بەماوەیەکی کاتی لێکجیادەکاتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندیی (ثم) کە خایاندنی ماوەیەک لە نێوان قۆناغەکان دەگەیەنێت.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ١٢ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ١٣ ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٤ ﴾ المؤمنون.

1- قۆناغی (نوتفە): ئەمە یەکەمین قۆناغە، لەزمانەوانیدا، واتە تنۆکێک یان بڕێکی کەم لە ئاو.

2- قۆناغی خەلقکردن (تەخلیق): قۆناغی دووەم بریتییە لە (تەخلیق) یان قۆناغی جیاکاریی، کە تێیدا گەشەی کۆرپەلە بە چەند لقە قۆناغێکی یەک لەدوای یەکدا تێپەڕدەبێت: (عەلەقە)، (موزغە)، ئێسکە پەیکەر (عیزام)، داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە (ئەلکیسائـبیللەحم) (الكساء باللحم): (دروست بونی گۆشت) ئەم لقە قۆناغانە بە ئامرازی پەیوەندیی (فائ) لێکجیاکراونەتەوە کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ بەدوایەکداهاتنی خێرایە.

پاشان ئامرازی پەیوەندیی (ثم) دێت، کە ئەوە دەگەیەنێت ئەم لقە قۆناغە یەک لە دوای یەکانە، لەیەک قۆناغی بنەڕەتیدا کۆدەبنەوە و دەتوانین ناویبنێین قۆناغی (تەخلیق).

3- قۆناغی (نەشئە): سێیەم قۆناغ پێی دەوترێ قۆناغی ماوەی کۆرپە (نەشئە)، ئەمەش دوای ئامرازی (ثم) دێت، کە واتای گەشەکردن بە بەدیهێنانێکی تر دێت.

B. لقە قۆناغەکان (ئەو ڕوداوانەی لەهەر قۆناغێکدا ڕوودەدەن):

1- لقە قۆناغەکانی (نوتفە): قۆناغی یەکەم، کە قۆناغی (نوتفە)یە، دابەشدەکرێت بۆ چەند لقە قۆناغێک:

أ- ئاوی قوڵپەدەر (ئەلمائـوددافیق) (الماء الدافق): ئەم قۆناغە وەسفی ئەو شلەمەنییانە دەکات کە بە قوڵپ و تەکان دەردەچن و گیاندارە مەنەوییەکان (سپێرمەکان)ی نێر یان هێلکۆکەی مێ هەڵدەگرن.

ب- (سولالة): (سولالة) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای "شتێکی کەم لەبڕا" و "شتێکی دەرکێشراو" دێت، هەروەها بە واتای ماسیی درێژکۆلە دێت، قورئانی پیرۆز لە وەسفی ئاوی پیاودا ئاماژە بەم قۆناغە دەدات، وەک دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ٨ ﴾ السجدة. واتە: پاشان لە پوختەیەک لە ئاوی لاوازەوە وەچەکەیمان دروستکرد.

گیانداری مەنەوییش (سپێرم) دەرکێشراوێکە لە ملیۆنان گیانداری مەنەویی ئاوی پیاو هەروەها شێوەی ماسیی درێژکۆلەش وەردەگرێت، ئەوەش هەنگاوی دووەمی دوای بە تەکان ڕۆیشتنیەتی.

ب- (نوتفەی ئەمشاج):

(نوتفە): دڵۆپ.

(ئەمشاج): ئاوێتە.

ئەم زاراوایە قۆناغی بە یەکگەیشتنی دەردراوەکانی پیاو و ئافرەت لە کەناڵی پیتاندن (جۆگەی ڤالوپ) بۆ پێکهێنانی هێلکەی پیتێنراو (زایگۆت) وەسفدەکات.

شێوەشی لە دڵۆپێکی شلە دەچێت و لە ئاوێتەیەکی تێکەڵی ئاوی ژن و پیاو پێکدێت، لەبەرئەوە وەسفەکە هەم شێوە و هەم پێکهاتەکەی دەردەخات.

دەکرێت قۆناغی (نوتفەی ئەمشاج)یش بەشبکەین بۆ چەند لقێکی تر:

i. (خەلق): پێش چوونە ژوورەوەی گیانداری مەنەوی بۆ ناو هێلکۆکە، خانەی مرۆڤایەتی بوونی نییە، بەڵام بە یەککرتنیان بڕیاری خەلقکردنی مرۆڤێکی نوێ دەدرێت، ئەویش بە دروستبوونی خانەیەک کە (46) کرۆمۆسۆمی تێدایە، کە توانای دابەشبون و زۆربونی هەیە تا مرۆڤێکی نوێ پێکبهێنێت.

دروستبوونی مرۆڤیش بە تێکەڵبوونی سپێرم و هێلکۆکە دەستپێدەکات. ئەم لقە قۆناغەش لە قۆناغی (نوتفەی ئەمشاج)، بەوە لە قۆناغەکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە کە دروستکراوەکە لێرەدا لە دوو نیوەی لێکچوودا پێکهاتووە.

ii. (بەرنامە دارشتن و ئەندازەکردن) (تەقدیر):

وەک ڕوونمانکردەوە بەدیهێنانی مرۆڤ بە یەکگرتنی سپێرم و هێلکۆکە دەستپێدەکات، بەڵام سیفەتەکانی ئەو کۆرپەلەیەی کە دروستدەبێت چین؟

ئایا لە باوک و دایک و پێشینەکانەوە چی بە میرات دەگرێت؟ ئەمەش ڕاستەوخۆ چەند کاژێرێک لەدوای لقە قۆناغی خەلق دێت.

ئەم لقە قۆناغەش وەک لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە بریتییە لە لقە قۆناغی (تەقدیر) یان لقە قۆناغی بە پرۆگرامکردنی بۆماوەماددەکان (جینەکان) وەک زانایانی کۆرپەلە بەو جۆرە وەسفیدەکەن، ئەم زاراوەیەش کە لە زانستی سەردەمدا بەکارهاتووە سەرسوڕهێنەرانە لەگەڵ زاراوەی قورئان یەکدەگرێتەوە، چونکە زاراوەی (تەقدیر) بە واتای: "پرۆگرامکردن، دیاریکردن، پلانڕێژکردن" دێت، لەم قۆناغەدا هەردوو سیفەتە زاڵەکانی کۆرپەلە و سیفاتەکانی تری کە کار لە کۆرپەلە دەکەن دیاریدەکرێن.

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەم دوو قۆناغە یەک لەدوای یەکەی (نوتفە) کردووە کە (خەلق) و دواتر (تەقدیر)ە، هەروەک خوای بەدیهێنەر دەفەرموێت: ﴿ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩ ﴾ عبس.

واتە: بە کوشت چێ مرۆڤ، چی وایلێدەکات پەروەردگاری ڕەتبکاتەوە؟ لە چ ماددەیەک پەروەردگار بەدییهێناوە؟ لە نوتفەیەک بەدیهێناوە، دواتر دەستبەجێ بەرنامەڕێژیکرد.

قورئان دەریدەخات کە پرۆسەی (تەقدیر) دەستبەجێ بەدوای پرۆسەی (خەلق)دا دێت، زانستی سەردەمیش دەریخستووە کە هەردوو قۆناغەکەش کەمتر لە (30) کاژێر دوای پیتاندنی هێلکە ڕوودەدەن.

ت- لقە قۆناغی کێڵان (حەرس) (الحرث).

دوابەدوای تەواوبوونی لقە قۆناغەکانی خەلق و تەقدیر لە قۆناغی (نوتفەی ئەمشاج)، نوتفە لە دورگەی فالوپەوە بەرەو منداڵدان دەجوڵێت، هەتا لەوێ بچێنرێت، ئەمەش وەک چۆنیتیی چاندنی تۆوە لەناو خاکدا لە کرداری کێڵاندا.

قۆناغی (حەرس) کە لە پێش خۆی و لەدوای خۆی جیاوازترە، دادەنرێت بە لقە قۆناغی کۆتایی لە قۆناغی (نوتفە)دا، چونکە دواتر بە ناوپۆشی منداڵدانەوە هەڵدەواسرێت و خۆراکی لێوەردەگرێت و شێوە و پێکهاتەکەی لە قۆناغی (نوتفە) دەردەچێت. خوای کاربەجێ باسی ئەم کێڵانەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ٢٢٣ ﴾ البقرة، واتە: هاوسەرانتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن، بۆیە بە هەرشێوەیەک بتانەوێت تۆ و بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە.

2- لقە قۆناغەکانی (تەخلیق):

لەم قۆناغەدا، کە دووەم قۆناغی سەرەکییە، خانەکان تایبەتدەکرێن بۆ پێکهێنانی ئەندام و کۆئەندامەکان کە پێشتر بوونیان نەبوو، ئەم قۆناغە لە سەرەتای هەفتەی سێیەمەوە دەستپێدەکات، کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بە چەند لقە قۆناغێکی تری جیاکەرەوەدا دەڕوات، کە ئەمانەن:

ا) لقە قۆناغی (عەلەقە): ئەم قۆناغە لە ڕۆژی پانزەیەمەوە دەستپێدەکات و لە ڕۆژی بیست و سێ یان بیست و چوارەمەوە شێوەی (عەلەقەیی) وردەوردە تەواودەبێت، (عەلەقە) لە زمانی عەرەبیدا بەم واتایانە دێت:

1- کرمی زەروو کە لە زۆنگاوەکاندا دەژی و خوێنی زیندەوەرانی تر دەمژێت.

2- شتێکی هەڵواسراو یان لکاو بەشتێکی ترەوە.

3- خوێنی مەیبو یان بەستوو.

دوو واتای یەکەم بەسەر "شێوە"ی کۆرپەلەی مرۆڤدا دەچەسپێت، چونکە شێوەی بە تەواوی

دەچێتە سەر کرمی زەروو کە لە شلەدا دەژی.
هەروەها بەهۆی ناوکەپەتکەوە بە دیواری منداڵدانەوە هەڵدەواسرێ.

ئەم دوو واتایەی وشەی (عەلەقە)یش، ڕووکەشی دەرەوەی قۆناغی کۆرپەلە بە وردترین شێوە وەسفدەکەن لەم قۆناغەدا.

واتای سێیەمیش بۆ وشەی (عەلەقە) دیارترین پێکهاتەی ناوەکی کۆرپەلە وەسفدەکات کە کاردەکاتە سەر شێوەی دەرەوەی، لە قۆناغی (عەلەقە) خوێن لە مولولەکان دروستدەبێت بە شێوەی کۆمەڵێک دورگەی داخراو و جیاکراوە، وا لەخوێنەکە دەکات بوەستێت و لە مولولەکاندا نەجوڵێت و بەوەش ڕووکەشی خوێنی مەیو دەبەخشێت، ئەم قۆناغە لە قورئانی پیرۆزدا دوای قۆناغی (نوتفە) باسکراوە، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةً ١٤ ﴾المؤمنون. واتە: پاشان (نوتفە)مان کرد بە پێکهاتوویەکی شێوە زەروو (عەلەقە).

**ب) لقە قۆناغی (موزغە):**

کۆرپەلە لە سەرەتای ڕۆژی بیست و چوار هەتا بیست و شەش لە شێوەی (عەلەقە) وە دەگۆڕێت بۆ شێوەی جوراو (موزغە)، کە ئەمەش ماوەیەکی کەمە بە بەراورد بە ماوەی گۆڕینی (نوتفە) بۆ (عەلەقە).

**وشەی (موزغە) بەم واتایانە دێت:**

1-ماددەیەک بە ددان جورابێت.

2-شتێک قەبارەکەی لە ئەندازەیەکدا بێت کە بتوانرێ بجورێت.

3-ماددەی بچوک.

لەم قۆناغەدا کۆرپەلە شێوەی ماددەیەکی جوراو وەردەگرێت، کە بەردەوام شێوەکەی دەگۆڕێت و شوێنەواری ددانیش لە هەموو شێوە گۆڕاوەکاندا دەمێنێتەوە، بەوجۆرە شێوەی کۆرپەلە لەم قۆناغەدا دەگۆڕێت و لەپەکان (somites) لە کۆرپەلەدا دەردەکەون کە شێوەی جێگە ددان لە لەشی کۆرپەلەدا دەبەخشێت. دەرکەوتنی ئەم جێگە ددانانەیش لە کۆتایی لقە قۆناغی (عەلەقە)دا گۆڕانکاریی خێرا لە لقە قۆناغی (عەلەقە)وە بۆ لقە قۆناغی (موزغە) دەگەیەنێت کە قورئانی پیرۆز بە ئامرازی پەیوەندیی (فائـ) ئاماژەپێیکردووە.

هەروەها کۆرپەلەکە لە بۆشایی منداڵداندا هەڵدەسوڕێ و ئەمدیواودیو دەکات، هەروەک چۆن پارچە جوراوێک لە بۆشایی دەمدا ئەمدیواودیو دەکات. بەمەش بەهۆی جیاکاریی شانەکانییەوە گۆڕان لە چەقی کێشکردنی کۆرپەلەکەدا ڕوودەدات.

ئەگەر بڕوانینە واتای دووەم و سێیەمی زاراوەی (موزغە)، ئەمانەش بەسەر کۆرپەلەکەدا دەچەسپێن، چونکە درێژییەکەی بە نزیکەیی (1سم) دەبێت کە قەبارەیەکە دەتوانرێت بجورێت و ددانی پێدابهێنرێت.

کۆرپەلە لە قۆناغی (عەلەقە)دا بە ڕوویەکی ساف دەردەکەوێت، بەڵام لە قۆناغی (موزغە) دا هەڵئاوسان و چەمانەوە و چاڵ و چۆڵیی زۆردەبێت، کە تێکڕا شێوەی جوراو دەبەخشێت. ناونانەکەش ڕوودانی چەند شتێک لە گەشەکردندا دەگرێتەوە کە دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لە شێوەی دەرەوەیدا، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەوە داوە کە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی جیاکاری لە ئەندامەکانی لەشدا، لە ئایەتی: ﴿...ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡ ... ٥﴾الحج. واتە: پاشان لە پارچە گۆشتێک کە بەشێکی بەدیهێنراوە و بەشێکیشی بەدینەهێنراوە.

ئەم گەشەکردنەش بە شێوەی نیمچە گەشەکردوو گەشەنەکردوو ڕاستییەکی سەلمێنراوە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زانستی کۆرپەلەزانیدا.

زاراوەی قورئانیی موزغە وەسفی قۆناغێکی نوێ و تایبەتمان پێدەبەخشێت، کە شێوەی دەرەوەی کۆرپەلە و گرنگترین کردارە ناوەکییەکان لەخۆدەگرێت.

**ت) لقە قۆناغی ئێسکە پەیکەر (عیزام):** کۆرپەلە هەتا کۆتایی هەفتەی شەشەم بە پارێزگاریکردن لە شێوە جوراوییەکەی کە شێوەی ئادەمیزادی تێدا نابینرێ دەمێنێتەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی هەفتەی حەوتەمیشدا ئێسکە پەیکەری کرکڕاگەیی لە هەموو لەشدا دەست بە دروستبوون دەکات، بەوەش کۆرپەلەکە شێوەی ئێسکە پەیکەرێکی نەرم وەردەگرێت، پێکهاتنی ئێسکی کرکڕاگەیی دیارترین دیاردەیە لەم قۆناغەدا، لە ماوەیەکی کورتیشدا لە شێوەی جوراوییەوە دەچێتە سەر شێوەی ئێسکە پەیکەر، ئەم قۆناغەش بە دەرکەوتنی ئێسکە پەیکەر جیادەکرێتەوە کە ڕووخساری ئادەمیزاد بە کۆرپەلەکە دەبەخشێت.

زاراوەی (عیزام) کە قورئان بۆ ئەم قۆناغەی داناوە، زاراوەیەکە گوزارشتێکی ورد لەم قۆناغە دەکات، بە جۆرێک ڕووکەشی دەرەوە و گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی بنیادیناوەوە و پەیوەندییە نوێیەکانی نێوان ئەندامەکانی لەش و ڕاستبوونەوەی ڕووکەشی کۆرپەلەکە دەگرێتەوە، هەروەها زۆر بە ڕوونی لە قۆناغی پێش خۆی -کە موزغە بوو- جیادەکرێتەوە، خودای کاربەجێ دەفەرموێت: ﴿ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا ١٤ ﴾المؤمنون. واتە: ئینجا پێکهاتەیەکی شێوە جوراو (موزغە)مان کرد بە ئێسکەپەیکەر (عیزام).

**پ) لقە قۆناغی داپۆشینی ئێسک بە ماسولکەکان (ئەلکیسائـ بیللەحم) (الكساء باللحم):**

ئەم لقە قۆناغە بە بڵاوبونەوەی ماسولکەکان بە دەوری ئێسکەکاندا جیادەکرێتەوە، وەک ئەوەی پۆشاکێک لەبەربکات و دەوریبگرێت، بە تەواوبوونی ئەم لقە قۆناغەش —**به گۆشت داپۆشینی ئێسکەکانیش بکرداری ڕێککردنەوە (تعدیل)**- کۆرپەلە وێنەی ئادەمیزاد وەردەگرێت، لەبەرئەوە ئەندامەکانی لەش زیاتر بە پەیوەندییەکی هەماهەنگیی پێکەوە دەبەسترێنەوە، دوای تەواو پێکهاتنی ماسولکەکانیش کۆرپەلە توانای دەستکردن بەجوڵەی دەبێت.

بەوەش کاریگەریی داپۆشینی ئێسک بە گۆشت لەم قۆناغەدا لەسەر شێوەی دەرەوەی کۆرپەلەکە دەردەکەوێت و بە گرنگترین کردارەکانی دروستبوونی کۆرپەلە دادەنرێت و بەڵگەی جیاکردنەوەیەتی لە قۆناغی پێش خۆی لە ڕووی ڕووکەش و پێکهاتەی ناوەوەی.

قۆناغی داپۆشینی ئێسکەکان بە گۆشت لە کۆتایی هەفتەی حەوتەمدا دەستپێدەکات، بە درێژایی هەفتەی هەشتەم بەردەوامدەبێت و پاش قۆناغی ئێسکە پەیکەر دێت، وەک قورئانی پیرۆز ئەمەشی ڕوونکردۆتەوە لە ئایەتی: ﴿ فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ١٤ ﴾ المؤمنون.
واتە: ئینجا ئێسکەکانمان بە ماسولکە داپۆشی.

لقە قۆناغی داپۆشین بە گۆشت لە کۆتایی هەفتەی هەشتەم تەواودەبێت و بە دواهەمین قۆناغی (تەخلیق) دادەنرێ، وەک زانایانی کۆرپەلەزانی بە کۆتا قۆناغی کۆرپەلە (EMBRYO) ناویدەبەن، دوای ئەم قۆناغەش قۆناغی کۆرپە (FETUS) دەستپێدەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی (نەشئە)، وەک لە زاراوە قورئانییەکەدا هاتووە و دەفەرموێت: ﴿ فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٤ ﴾المؤمنون. واتە: دواتریش ئێسکە پەیکەرەکەمان بە ماسولکە داپۆشی، پاشان گۆڕیمان و وامانلێکرد گەشەبکات بۆ شێوەیەکی تایبەت بەخۆی (شێوەی مرۆڤ)، بە ڕاستی خوای مەزن بەرز و پیرۆزە و چاکترین بەدیهێنەرە.

4- قۆناغی گەشەکردن بە دروستکردنێکی تر (نەشئە) (أنشأناه خلقا آخر):

وشەی (النشأة) چاوگە و لە فرمانی (نشأ)ەوە پێکهێنراوە، ئەم فرمانەش بەم واتایانەی خوارەوە دێت:

1-دەستپێکردن.

2- بەرزکردنەوە یان زیادکردنی شتێک.
3- گەورەبوون و گەشەکردن.

ئەم قۆناغە لە ژیانی کۆرپەلەدا لە دوای قۆناغی داپۆشینی ئێسک بە گۆشت دەستپێدەکات، واتە: لە هەفتەی نۆیەمەوە، ماوەیەکی کاتییش دەخایەنێت، کە لە کۆتایی ماوەی سکپڕیدا تەواودەبێت، کە بە ئامرازی پەیوەندیی (ثم) جیاکراوەتەوە لە قۆناغی پێش خۆی، چونکە (ثم) بۆ ماوەیەکی درێژتر بە کاردێت، بۆ نێوانی پۆشین بە گۆشت و گەشەکردن بە دروستکردنێکی تر.

لەم قۆناغەدا هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆرپەدا، کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ ڕوودەدەن، کە دەتوانرێ بە ڕوونی بخرێنە ژێر ئەو وەسفەی کە دەقە قورئانییەکە لە خۆیگرتووە.

لە میانەی قۆناغی (نەشئە)دا، چەند کردارێکی **گرنگ لە گەشەی کۆرپەلەدا تەواو ڕوودەدەن:**

**وەرگرتنی شێوەی جیاکەرەوەی مرۆڤ (ئەنشئە خەلقەن ئاخەر):**

ئەم گەشەکردنانەی خوارەوەش زۆر بە ئاشکرایی **لەم ماوەیەی گەشەی کۆرپەلەدا دەبینرێن:**

**i. گەشەکردنێکی خێرا:**

ئەم وەسفەش بۆ ئەم ماوەیە بەکاردێت بەهۆی گەشەکردنێکی زۆر خێرا بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێش خۆی.

**ii. گۆڕانی سروشتی کۆرپەلە و گەشەکردنی ئەندامەکانی:**

ئەم وەسفەش شانبەشانی وەسفی یەکەم دەڕوات و ئەوە دەگەیەنێت کۆرپەلەکە لە قۆناغی گەشە بۆ خەلقێکی تر دەگۆڕێت.

لە ماوەی نێوان هەردوو هەفتەی نۆیەم و دوانزەیەمدا هەریەک لەسەر و لەش و پەلەکان دەست بەڕێکبونەوە و هاوسەنگبون دەکەن، ئەمەش لە قۆناغی تەعدیلدا دەبێت. لە هەفتەی دوانزەیەمیشدا ئەندامە زاوزێ دەرەکییەکانیش دەست بە دروستبوون و جیاکاری دەکەن و ڕەگەزی کۆتایی کۆرپەلە دیاریدەکرێ.

هەروەها لە هەفتەی دوانزەیەم ئێسکە کرکراگەییەکان دەستدەکەن بە بەئێسکبوون بۆ دروستکردنی ئێسکە پەیکەر، هەروەک پەلەکان جیاکاری دەکەن و دەتوانرێ نینۆکی سەر پەنجەکانی دەست و قاچ ببینرێن.

**هەریەکەی لەمانەی خوارەوەش گەشەدەکەن:**

لەم قۆناغەدا موو لەسەر پێست دەردەکەوێت.

کێشی کۆرپەلە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەبێت.

ماسولکە خۆوییستەکان و خۆنەویستەکان پەرەدەسەنن.

لەم قۆناغەدا جوڵە خۆویستەکان دەستپێدەکەن. ئەندام و کۆئەندامەکان ئامادەی هەڵسان بە ئەرکەکانیان دەبن.

هەروەها لەم قۆناغەدا گیان بە بەردا دەکرێ، ئەویش بەپێی بەڵگەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ. دەکرێت گیان بە بەردا کردنیش بە بینینی دیاردەکانی خەوتن و هەڵسان لە خەوی کۆرپەلەکە بزانرێت. بەپێی دەقەکانی قورئان و سوننەتیش خەوتن دیاردەیەکە پەیوەندیی بە بوونی گیانەوە هەیە (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەمە سەیری بەشی 6 بکە).

بەوجۆرە وردیی زاراوەی قورئانی (النشأة خلقاً آخر) گوزارشتکردنە لە ڕووکەشی دەرەوەی کۆرپەلە و گرنگترین ڕووداوە ناوەکییەکانی ئەم قۆناغە، کە لە هەفتەی نۆیەمەوە دەستپێدەکەن و هەتا چوونە قۆناغی توانای ژیان لەدەرەوەی منداڵدان درێژدەبنەوە.

**قۆناغی (توانای ژیان):**

کەمترین تەمەن بۆ توانای ژیانی کۆرپەلە لە دەرەوەی منداڵداندا هەفتەی (22-26)ە، ئەو کاتەی کۆئەندامی هەناسەدان بۆ هەڵسان بە ئەرکەکەی ئامادەیە، بەڵام پێش ئەم ماوەیە گەشەی تەواونییە و ناتوانێت کارەکانی بکات و، کۆئەندامی دەماریش بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی لەشی کۆرپەلەکە ئامادەدەبێت.

هەفتەی (22-26)یش بە نزیکەیی دەکاتە شەش مانگی هەیڤی، قورئانی پیرۆزیش جەختیکردۆتەوە کە هەردوو قۆناغی سکپڕی و دایەنگەیی (30) مانگ دەخایەنێت، وەک دەفەرموێت: ﴿... وَحَمْلُهُۥ وَفِصَـٰلُهُۥ ثَلَـٰثُونَ شَهْرًا ... ﴿١٥﴾﴾ الأحقاف، هەروەها ڕوونیکردۆتەوە ماوەی دایەنگەیی دوو ساڵ دەخایەنێت: ﴿... وَفِصَـٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ ... ﴿١٤﴾﴾ لقمان، لەمانەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەمترین ماوەی سکپڕی کە کۆرپەلە بتوانێت ژیان بەسەرببات بریتییە لە (6) مانگی هەیڤی، هەرچەندە ماوەی ئاسایی سکپڕی نۆ مانگە (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری بەشی 6 بکە).

بۆیە پێش ماوەی ژیان (22-26 مانگی)، لە دەستدانی کۆرپەلە یان کۆتاییپێهاتنی سکپڕی بە دیاردەی لەبارچوون ناودەبرێ، چونکە کۆرپەلە توانای ژیانی نابێت.

**قۆناغی دایەنگەی منداڵدانی (الحضانة الرحمية):**

لەدوای مانگی شەش کاتێک خەلقکردنی مرۆڤ تەواودەبێت، کۆرپەلە ئامادەدەبێت بۆ ژیان و دەچێتە ناو ماوەی دایەنگەیی منداڵدان، کە لەو ماوەیەدا هیچ ئەندام و کۆئەندامێکی نوێ دروستنابێت، چونکە هەموویان پێشتر دروستبوون و ئامادەی کارکردنن، منداڵدان خۆراک و ژینگەی گونجاو بۆ گەشەی کۆرپەلە دەستەبەردەکات، لەبەرئەوە ئەم قۆناغە بریتییە لە قۆناغی دایەنگەیی، بەڵام دایەنگەیی ناو منداڵدان، ئەمەش هەتا قۆناغی لە دایکبوون بەردەوامدەبێت.

**ڕێگەخۆشکردن: لە دایکبوون (تيسير السبيل):**

ئەم قۆناغە دوای تێپەڕبوونی نۆ مانگی هەیڤی دەستپێدەکات و بە لە دایکبوونی کۆرپەلە کۆتاییدێت، لە کاتێکدا قۆناغی پێشوو بریتیبوو لە پاراستن و دایەنگەیی کۆرپەلە لە منداڵداندا، بەڵام ئەم قۆناغە وازهێنان لە کۆرپەلە و کردنەدەرەوەی لە لەش دەگەیەنێت. خودای دانا دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾﴾ عبس.

واتە: دواتر ڕێگەی (بە ناو دورگەی منداڵبووندا) بۆ ئاسانکرد.

**پوختە:**

زاراوەکانی قورئان زۆر بە وردی وەسفی ئەو ڕووداوانە دەکەن کە لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەدا ڕوودەدەن، هەروەها زۆر بە وردی بەپێی کات و شێوەی کۆرپەلە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەریدا دێت وەسفی قۆناغەکان دەکەن.

ناگونجێت پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ لە سەدەی (حەوتەم)ی زایینیدا، خۆی ئەم زانیارییانەی زانیبێت، چونکە زۆربەی ئەمانە تەنها لەسەدەی بیستەمدا دۆزراونەتەوە. تەنها دەگونجێت لەلایەن خوای بەدیهێنەر و زاناوە-کە زانیاریی دەربارەی هەموو قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ و هەموو گەردوون هەیە-، ئەم زانیارییانە بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزێنرابن.

سەرچاوەی وەرگێڕان: کتێبی (علم الأجنة في ضوء القرآن والسنة). کە 10 توێژینەوەی ئیعجازی کۆرپەلەزانی قورئان و سوننەتە و پێنج پرۆفیسۆری ناوداری جیهان لەو بوارەدە بەشدارییان تێدا کردووە لە کۆنگرەی جیهانی یەکەمی ئیعجازی زانستی پێشکەش کرا.

سەرچاوەکانی توێژەران:


1) القرآن الكريم
2) القرطبي، ط. دار إحياء التراث العربي
3) الطبري، ط. دار الفكر، بيروت.
4) أبو حيان، ط. دار الفكر، بيروت.
5) لسان العرب، ط. دار صادر، بيروت.
6) تاج العروس، ط. دار الفكر للنشر والتوزيع.
7) القاموس المحيط، ط. مكتبة ومطبعة الحلبي، مصر.
8) معجم مقاييس اللغة، ط. مكتبة ومطبعة الحلبي، مصر.
9) المعجم الوسيط، ط. دار إحياء التراث الإسلامي، قطر.
10) مفردات غريب القرآن، ط. دار المعرفة، بيروت.
11) بحث النطفة.
12- Book: The Developing Human



# بۆچیو چۆن موسڵمان بوو؟

## موسڵمان بوونی بانگخوازێکی ئوسترالی پاش ئەوەی بە ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا کاریگەر بوو!

و: سایە فارس

لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا هەندێ پرسیار سەبارەت بە ئاین بە مێشکیدا دەهات، بۆیە دەستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە کرد زۆر کتێبی خوێندەوە هەتا گەیشتە قورئانی پیرۆز، پاش تێپەڕ بوونی نۆ ساڵ بووە بانگخوازێکی ئیسلامی... لە ئێستادا لە کەناڵی (إقرأ)ی نێودەوڵەتی کە بە زمانی ئینگلیزی پەخشی بەرنامەکانی دەکات بۆ موسڵمانەکانی باکوری ئەمریکا و ئاسیا و ئوستراليا کاردەکات، لەم کەناڵەدا بەرنامەی (إسأل الشيخ) پێشکەش دەکات، لە ڕێی ئەم بەرنامەیەوە وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بەو کەسانەیە کە لە ڕۆژئاوا موسڵمان دەبن دەداتەوە، ئەویش بانگخوازی ئوسترالی (موسی تشيرانتونيو)ە، لە میانەی سەردانێکی کورتی بۆ قاهیرە پاش ئەوەی فەریزەی حەجی بەجێهێناوە ئەم پرسیارانەی ئاڕاستە کراوە:

**باسی ژیانت بکە پێش و پاش موسڵمان بوونت؟**

لە ئوستراليا لە دایك بووم و هەر لەوێش ژیاوم، باوکم بنەڕەتی ئیتاڵی و دایکیشم ئێرلەندییە، لە سەرەتای لاویمدا هەمیشە پرسیارم لەسەر ئاین لەلا گەڵاڵە ببوو، لەبەرئەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی زانیاری دەربارەی ئیسلام نەك لەبەرئەوەی ببمە موسڵمان بەڵکو لەبەرئەوەی هاوڕێیەکی بۆسنەیی موسڵمانم هەبوو هەمیشە دەیوت ئیسلام باشترین ئاینە لەم جیهانەدا، من دەمویست لەگەڵ ئەو گفتوگۆ بکەم نەك بۆ موسڵمان بوون، کاتێك دەستم بە خوێندنەوە کرد لەسەر ئیسلام چەند شتێکی هاوبەشم لە نێوان ئیسلام و مەسیحدا بینی، موسڵمان بڕوای بە پێغەمبەران (عیسا و نوح و ئیبراهیم و موسا) هەیە و هیچ جیاوازییەکیشم لە نێوان من و ئیسلام دا نەدەبینی بێجگە لە دوو شتدا نەبێت: (محمد و قورئانی پیرۆز)، کاتێك دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد وا گومانم دەبرد شتێکی ڕاست و ژیرانە نادۆزمەوە، چۆن دەکرێت ئاینێك سۆماڵی و ئەفغانی و عەرەب و ئەوانەی لە بیاباندا دەژین باوەڕیان پێ بێت ڕاست بێت؟

من بەرەو ئیسلام کێش نەبووم تا ئەو ساتەی ئیعجازی زانستیم لە قورئانی پیرۆزدا خوێندەوە، موعجیزە زانستییەکانی قورئانی پیرۆز دڵیان بردم و دیلیان کردم و پاڵنەرم بوون بۆ موسڵمان بوون، بەڕاستی من لەبەر ئەوەی ئیسلام داوای ڕەوشتی جوان و مامەڵەی باش دەکات موسڵمان نەبووم، چونکە هەموو ئاینێك داوای ئەوە دەکات، ئەوە شتێکی ئاسانە ئەگەر هەرکەسێك داوای بکات، وەك چۆن هەر نووسەرێك ئیمزای خۆی لە کتێبەکەی دەدات، بەڕای من ئایەتەکانی ئیعجازە زانستییەکەش بەهەمان شێوە ئیمزای خوای گەورەیە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن خوای گەورەوەیە نەك محمد.

کاتێك بوومە موسڵمان تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو، ئەمڕۆش (26) ساڵم، لەوکاتەدا لەکۆتا ساڵی خوێندنی ئامادەیی بووم، کە موسڵمان بووم نیوەی کاتەکەم تەرخان کرد بۆ خوێندنی ئیسلام و نیوەکەی تریش بۆ خوێندنی ئامادەییم، پێش موسڵمان بوونم منیش وەك هەرگەنجێکی وڵاتەکەم هاوڕێی کچم هەبوو و دەمخواردەوە، ئەمە ساڵێکی خایاند بۆ ئەوەی بە تەواوی بگۆڕێم، وازم لە هاوڕێ کچەکەم هێنا سەرەڕای ئەوەی کە زۆرم خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی ڕەتی کردەوە کە موسڵمان ببێت، وازم لە خواردنەوەی کحول و خواردنی گۆشتی بەراز هێنا، زۆر بە وریاییەوە گۆشتم دەخوارد، هەر پێنج فەرزی نوێژەکانم لەکاتی خۆیدا دەکرد، هەرچەندە بە داخەوە هاوڕێ موسڵمانەکانم نوێژیان نەدەکرد.

**هەڵوێستی دایك و باوکت چی بوو؟**

لە ڕاستیدا هەواڵی موسڵمان بوونم بۆ ماوەیەك لێیان شاردەوە، بەڵام ئەوان تێبینی گۆڕانی هەڵس و کەوتمیان کردبوو، سەریان سووڕدەما کە قورئانم دەخوێند، ئاین لای زۆربەی ڕۆژئاوا و ئوسترالییەکان تەنها بەشێکە لە ڕۆشنبیرییان ئەوان بە ئاینەوە پابەند نین، بۆ نموونە نەنکم لە بارەی تورکیا لێی دەپرسیم، چونکە وای دەزانی ئیسلام بەشێکە لە ڕۆشنبیری تورکیا؟

# بەڵام ئەوەی من لە ئیسلامدا دۆزیمەوە و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەكات ڕاستە و لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێت.

لە كاتی خۆیدا بە دایكمم وت تەنها گۆشتی حەڵاڵم بۆ لێ بنێت، وتی: گۆشتی حەڵاڵ هەرگیز نایەتە ماڵم، بەڵام ئێستە تەنها گۆشتی حەڵاڵ لێ دەنێت.

كاتێك زانییان ئیسلام چەند كەسایەتی و ڕەفتار و هەڵس و كەوتی بەرەو باشە گۆڕیوم و ئاسوودەم و ناخۆمەوە و تووشی كێشەیان ناكەم قبوڵیان كرد.

**هاوڕێكانی قوتابخانەت چ هەڵوێستێكیان هەبوو؟**

هەموویان لەبەر من دڵخۆش بوون، بە شێوەیەك خۆشەویسترین هاوڕێم پاش دوو هەفتە موسڵمان بوو، پاش ئەوەی باسی ئیسلامم بۆ كرد و كتێبم دەربارەی ئیسلام دایە بیخوێنێتەوە.

مامۆستاكانم گۆڕانێكی ئاشكرایان لە كەسایەتیمدا بەدی دەكرد، یەكێك لە مامۆستاكانم پێی وتم: زۆر گۆڕاوی، تۆ لە ڕابردوودا كەسێكی گێرەشێوێن و بە كێشە بوویت، ئێستە بوویتە كەسێكی زۆربە ڕەوشت و كەسایەتیت زۆر گۆڕاوە، تەنانەت شێوازی وتووێژت گۆڕاوە.

**چۆن وەڵامی تۆمەتباركردنی ئیسلام و موسڵمانان بە تیرۆرست لەلایەن ڕۆژئاواوە دەدەیتەوە؟**

كاتی ڕووداوەكەی 11ی سێپتەمبەر هێشتا موسڵمان نەببوم، بەڵام هەستم بە دڵخۆشی دەكرد، لەبەر ئەوەی یەكێكیان سەركەوت و لە ئەمریكای دا، بەڵام كاتێك موسڵمان بووم هەستم بە خراپی و نادرووستی ئەو كارە كرد، چونكە ئیسلام ڕێگەم لێدەگرێ لە كوشتنی كەسانی بێ تاوان و هەمیشە ڕاستی و هەڵەی كارەكەم فێردەكات.

بیرمە جارێك كەسێك وتی هەموو موسڵمانان تیرۆرستن، لێم پرسی هەموو موسڵمانان تەنانەت ئەو ژنە پیرەی سەر شەقامەكەش؟ بەڵگەت چییە؟ سەیری مێژوو بكە، مێژووی ئەندەلوس كاتێك موسڵمانان و گاورەكان لەیەك وڵاتدا ژیاون، یان سەیری سەڵاحەددینی ئەیوبی بكە چۆن بە چاكی و دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵ گاورەكان كردووە، ئەگەر لە مێژووی ئیسلام تێڕامێنین دەبینین چەندە پڕە لە دادپەروەری و چاكە بۆ ئاینەكانی تر، ئیتر ئەگەر موسڵمانێك هەڵەیەكی كرد ئەوا مانای ئەوە نییە هەموو موسڵمانان وابن، بەڵام لێرەدا ڕۆڵی ئەزهەر دێت لە گۆڕینی وێنەی ئیسلام و موسڵمانان لە ڕۆژئاوا، چەندە بە ئاواتی خوێندنی (أصول الفقه و الشريعه الاسلاميه)م لە ئەزهەر.

**چۆن هەستت بەجیاوازی كرد بۆ ئازادی پێش و پاش موسڵمان بوونت؟ ئایا ئیسلام ئازادی لێ زەوت كردوویت؟**

پێش موسڵمان بوونم لە مێشكمدا پرسیار دەربارەی پرۆگرامی ڕاست بۆ ئازادی دووپات دەكردەوە، ئایا شیوعی ماركسییە؟، بە دیراسەكردنم بۆ ئەو بیر و ئایدیانە، زانیم هەر یەكێكیان چەند یاسایەكی هەیە دەربارەی ئەوەی دەیكات و نایكات پێت ڕادەگەیەنێ، ئازادیی ڕەها نادۆزیتەوە لەلای هیچ لایەنێكی سیاسی و ئاینی و ئایدیایی، تەنانەت ئەو كەسانەی بێ بەرنامەن و گوێ بەهیچ شتێك نادەن و بانگەشەی ئازادی ڕەها دەكەن یاسایان هەیە.

خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەوانەدا نەبوونی ئازادی ڕەهایە لە دواكەوتنی ئارەزووەكان و غەریزەكان دا، پێویستە سیستەمێك بوونی هەبێت، بۆیە ئەو پرسیارەی كە پێویستە هەموو كەسێك بیكات ئەوەیە ئایا ئەو سیستەمە ڕاستە كامەیە؟ بە ڕای من وەك موسڵمانێك وای دەبینم ئیسلام ئەو سیستەمە ڕاست و پتەوەیە كە ئازادییە تایبەت و گشتییەكانی ڕێكخستووە، چونكە بۆ هەر شتێك هۆكار و ڕوونكردنەوەی پێویست دەدات، من ئازادییەكی ڕاستەقینەم لە ئیسلامدا دۆزییەوە ئەویش ئازادی دڵ و عەقڵە، هەر پرسیارێك بە مێشكمدا بێت وەڵامە ڕاستەكەی لە ئیسلام دا دەدۆزمەوە، ئەو ساتەی دەچیتە ئامێزی ئیسلامەوە ئازاد دەبیت لە ڕاڕایی و دوودڵی. دڵت بە دوای دونیادا سەرگەردان نابێت و خاوەنی دڵ و عەقڵ دەبیت لەیەك كاتدا. ئیسلام پێمان دەڵێت نەوەی ئادەم تەنها بە بوونی پارە و سامان بەختەوەر نابێت، ئەگەر هێندەی دۆڵێك زێڕی پێ بدرێت، بۆ دۆڵێكی تریش چاو دەگێڕێت و... هتد.

كاتێك كە نوێژ دەكەیت هەست بە ئارامی و دڵنیایی و ئازادی دەكەیت، هەموو ترسەكانت دەڕەوێنەوە، موسڵمان ئازادییەكی ڕاستەقینەی هەیە، لەبەر ئەوەی خاوەنی بۆچوونێكی ڕاستەقینەیە لەم جیهانەدا ڕوانینێكی ڕوونی بۆ نهێنی بوون و ئەوەی دوای مردن ڕوودەدات هەیە، جیاوازییەكی گەورە هەیە لە نێوان ڕۆشتن بە تونێلێكی تاریك كە نازانی لە كوێ كۆتایی دێت لەگەڵ ڕۆشتن بە تونێلێكی ڕووناك كە دەزانیت لە كۆتاییەكەی چی چاوەڕێت دەكات.

سەرچاوە:

گۆڤاری (الاعجاز العلمي) ژمارە/ 41، شەعبان 1433ك.



# باڵندەکانیش قسە دەکەن

ن: ئەندازیار عبدالدائم الكحيل          و: زانیار أنور أحمـد

لە هەواڵێکی نوێدا لە بەرواری (29-6-2015) لێکۆڵینەوە زانستییەکان گەیشتنە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر کە زانایان ئەنجامیاندا، ئەویش لەسەر توانای پەیوەندی و زمانێکی تایبەت بوو لە نێوان ئەم جۆرە باڵندەیە خۆیاندا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە زانکۆی ئەکستری بەریتانی و زیورخی سویسری پشتڕاستیکردۆتەوە، ئەو دەنگەی باڵندەی (الكستناء الملكي) دەریدەکات (کە لە سویسرا دەژیت) وەکو ژاوەژاوێکی بێ مانا دەردەکەوێت، بەڵام بەو شێوەیە نییە، بەڵکو کۆمەڵە دەنگێکی ڕێکخراوی نەپچڕاوە کە باڵندەکان لە ڕێگای ڕێکخستنیانەوە چەندەها پەیام دەگەیەنن بە باڵندەکانی چواردەوری هەمان جۆری خۆیان.


enceDaily
e for the latest research news
Mobile
Breaking
ealth ▾ Physical/Tech ▾ Environment ▾ Society/Education ▾ Quirky ▾
e News
from research org
ement of human language discovered in bird babble
dy deciphers bird sounds to reveal language precursors in babbler birds
June 29, 2015
University of Exeter
Stringing together meaningless sounds to create meaningful signals was previously thought to b preserve of humans alone, but a new study has revealed that babbler birds are also able to com in this way.
343 | 120 | 21 | in 26 | Total shares: 510
TOPICS
FULL STORY
rain
uage Acquisition
Development
ption
Animals
lu Research

ماڵپەڕی (ساینس دەیلی) کە هەواڵەکەی بڵاو کردۆتەوە لە لێکۆڵەر (سابرینا ئنگستر) لە زانکۆی (زیوریخ)ەوە دەیگوازێتەوە کە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراوە لەسەر جۆرە جیاوازەکانی باڵندەکان نەیسەلماندووە کە ئەو دەنگە جیاوازانەی کە باڵندەکان دەریدەکەن هیچ مەبەست و مانایەکی هەبووبێت، بە پێچەوانەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم دواییانەدا ئەنجام درا لەسەر ئەم باڵندە سەر سوڕهێنەرە، سەلماندییان کە دەنگە شێوە جیاوازە ڕێکخراوەکانی ئەم باڵندانە مانایەکی ڕوونی هەیە و چەندەها پەیام دەگەیەنێت بە بێچوەکانی و چواردەورەکەی.

(سابرینا ئنگستر) دڵنیا دەکاتەوە کە ئەم باڵندەیە گەنجینەیەکی بەردەست و پێشکەوتووی هەیە لە دەنگەکاندا و، توانای شیکارکردنی دەنگەکانی هەیە بۆ پارچە دەنگی دیاریکراو کە هەریەکەیە ئامانجێکی هەیە لە کاتی جریواندنیدا و توانای ئەوەی هەیە هەموو دەنگێک بە پیتێکی (ئەلف و بێی زمان) بچوێنێت. بە شێوەیەک بە ڕێکخستنی جیاوازی دەنگەکان ماناکەی دەگۆڕێت.

دکتۆر (ئاندی ڕاسل) لە زانکۆی (ئەکستر) کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵنەوەی دەنگەکان زیاتر لە 10 ساڵ و، بەشدارە لە دەرخستنی تایبەتمەندییە سەر سوڕهێنەرەکانی دەنگی ئەم باڵندەیە، باسی چۆنیەتی ڕێکخستنی زمانەوانی ئەم باڵندەیە دەکات و دەڵێت: لە کاتی شیکارکردنی دەنگەکاندا دۆزیویانەتەوە کە دوو دەنگی دەستنیشانکراو دەردەکات (س و ع) بۆ نمونە، بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەریدەبڕێت لە کاتی هەڵس و کەوتە جیاوازەکانیدا.

دکتۆر (ئاندی ڕاسل) پشتڕاستی دەکاتەوە کە زانایان بە ڕوونی تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەم باڵندەیە لە کاتی فڕینیدا ئەم دوو دەنگە بە دوای یەکدا دەردەکات (س– ع) و، لە کاتی خواردن پێدانی بێچوەکانی دەنگی (ع - س - ع) بە دوای یەکتردا دەردەکات. لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا هەستان بە تۆمار کردنی ئەم دوو دەنگە، بینیان لە کاتی دەربڕینی دەنگی (س–ع) ئەم باڵندەیەی گوێی لەم دەنگەیە سەیری ئاسمان دەکات وەکو ئاماژەیەک بۆ بوونی باڵندەی تر لەسەرروویەوە، یان چاوەڕوانی گەشتنی بکات و، کاتێک دەنگی (ع — س– ع) دەردەکات ئەو باڵندەیەی گوێی لێیە چاوەڕوانی گەشتنی خۆراک دەکات.

زانایانی سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەکە دەڵێن ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زانستی کە بیسەلمێنێت ئەم دیاردەیە (دیاردەی ڕێکخستنی پارچە دەنگەکان بە شێوەیەک کە مانا و پەیامی جیاواز

ببەخشێت) بوونی هەیە لەلای دروستکراوێکی تر جگە لە مرۆڤەکان، ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە هەرچەندە زۆر سادە و ئاساییە بە بەراوردی بە زمانی مرۆڤ.





لێرەدا باسی چیرۆکی سەروەرمان (پێغەمبەر سولەیمان) دروودی خودای لەسەر بێت لەگەڵ باڵندەی پەپوو (هد هد)، چۆن وتووێژی لەگەڵ کردووە و لە زمانەکەی تێگەیشتووە. ئاماژە بۆ کردنی قورئان بۆ زمانی باڵندە زۆر پێش ئاماژە پێکردنی زانایان کەوتووە بە چەندین سەدە وەکو خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَوَرِثَ سُلَيْمَٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ ﴾ النمل، ئەم ئایەتە پیرۆزە کە لەسەر زمانی پێغەمبەری خودا سولەیمانە دروودی خودای لەسەر بێت، لە ئایەتی (مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە باڵندە توانای تایبەت بە قسە و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە گفتوگۆی پێ دەکەن. دەشتوانرێت لێی تێبگەیت بە ڕێگای فێرکردن: (عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ ) ئەمەش مانای وایە زانایان دەتوانن فێری زمانی باڵندە ببن ئەگەر لێکۆڵنەوە و هەوڵی لەگەڵ بدەن.

لێرەدا ڕێککەوتنێکی تەواو هەیە لە نێوان ڕاستی زانستی و ئاماژە قورئانییەکەدا، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە قورئان کتێبی پەروەردگارە کە تێیدا دەفەرموێت: ﴿ ... وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء.


**سەرچاوە:**

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-19-30/1816-2015-07-03-00-32-35

**سەرچاوەی نوسەر:**

http://www.aljazeera.net

http://www.sciencedaily.com/releases/2015/06/150629152230.htm , 29-6-2015.

http://neurosciencenews.com/language-babbler-bird-2180/

http://www.theguardian.com/science/animal-magic/2015/jun/29/babblers-birds-origin-evolution-language\




و: سەروەر حەسەن

# و النهار اذا جلاها

لە چوار ئایەتی یەکەمی سورەتی الشمس دا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلشَّمْسِ وَضُحَىٰهَا ﴿١﴾ وَٱلْقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ﴿٢﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴿٣﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰهَا ﴿٤﴾ ﴾ الشمس، لەو ئایەتانەدا ڕاناوی (ها) بۆ خۆر (الشمس) دەگەڕێتەوە.

لە سەدەی ڕابوردوودا چالاکی گەشتە فەزاییەکان دەستیپێکرد و، زانایانی تووشی شۆك کرد کاتێك بینیان کە بەشی زۆری گەردوون بە تاریکاییەکی زۆر توند ونوتەك داپۆشراوە و، چینی بەرگە هەوای ڕووناك (وَٱلنَّهَارِ) وەك پشتێنەیەکی زۆر تەنك دەردەکەوێت کە ئەستوورییەکی لە 200کم لە سەر ڕووی دەریاوە تێپەڕ ناکات و نیوەی گۆی زەوی داپۆشیوە، هەر بەتێپەڕبوون لەو چینە تەنکەی ڕووناکی ڕۆژ، خۆر لەسەر لەوحێکی ڕەش دەردەکەوێت!!!

ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەستانی هەوا لە سەروو چەند سەد کیلۆمەترێك لە ڕووی زەوییەوە بە بڕی هێجگار زۆر کەم دەکات، لەو بەرزاییە زۆرانەدا نەمانی گازە قورسەکانی وەك ئۆکسجین و نایترۆجین و کاربۆن و زیادبوونی ڕێژەی گازە سوکەکانی وەك هایدرۆجین وهیلیۆم هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە هەندێك بەشی ئەو بەرگە هەواییە کە هەندێك جار پلەی گەرمی یەکەی دەگاتە 2000 پلەی سیلیزی بەتایبەت لەناوچەی ناسراو بە پشتێنەی گەرمی یان دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی، لەبەرئەوانە لەو ناوچانەدا هیچ تەن و تەنۆلکە و گەردێکی وا نین کە بەشە بینراوەکەی تیشکی خۆر واتە شەبەنگی خۆر پەرش بکەنەوە و ببینرێن بەڵام ئەو دیاردەیە لە سەر ڕووی زەوی و تا بەرزی 200 کیلۆمەتر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

کەواتە زۆر تەواوە کە بڵێین: ئەوە پشتێنەی هەواییە (وَٱلنَّهَارِ) کە خۆر دەردەخات، نەك خۆر خـوی بێت ﴿ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴿٣﴾ ﴾ ئەو ڕاناوی (ها) یە دەگەڕێتەوە بۆ خۆر و، مانای ئایەتەکەش ڕوونە کە خوای گەورە سوێند بەو پشتێنە ڕوناکی یە دەخوات کە خۆر بە ئاشکرا و ڕوون دەردەخات. واتە ئەو پشتێنە ڕوناکی یە بۆ خۆی هۆکاری بینینە.

پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰهَا ﴿٤﴾ ﴾.

واتە: سوێند بە شەو کاتێك خۆر دادەپۆشێت، مەبەست لە (يَغْشَىٰهَا) داپۆشینی خۆر و تیشکی خۆرە، کە ئەو تاریکاییەی هەموو گەردونی گرتۆتەوە ڕۆژیش دادەپۆشێت. ئەمەش ئیعجازێکی گەردونی یە چونکە مرۆڤ هەتا نەچێتە دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی نازانێت کە خۆریش وەك ئەستێرەیەکی بچوك وایە لەناو شەودا و شەوگار دەوری داوە.


سەرچاوە: بابەتی (لمحات باهرة حول ظلمة الفضاء في القران الكريم): گۆڤاری (الإعجاز)ی (هيئة الإعجاز العلمي في القران والسنة)/ ژمارە ٢.

# ئاژەڵانیش خاوەن هەست و سۆزن!

ن: عبدالدائم الکحیل      و: بەرزان ئەبوبەکر
barzanalany@yahoo.com

لە کۆتاییدا زانایان دانیان بەو ڕاستییەدا نا، کە ئاژەڵەکان هەروەکو مرۆڤەکان، خاوەنی هەست و سۆز و بیروهۆشن!

ئایا دەزانیت کە ئاژەڵەکان خاوەنی هەست و هۆش و زانین و تێگەیشتن و توانای وەبیرهاتنەوەی یادگاری و ڕووداوەکانی ڕابردوویان هەیە، هەروەها سۆز و بەزەیی و خۆشەویستیان هەیە، خەمبار دەبن و دووچاری خەمۆکی دەبن، خاوەنی بەها و سیفاتی دادپەروەرین و هەست بە ستەم دەکەن، ئەوان کۆمەڵگەیەکی پەیوەست بە خۆیانن؟!

دوای زیاتر لە 2500 توێژینەوەی زانستی، دواجار زانایان نەیانتوانی خۆیان لەو ڕاستییە لابدەن، دەروازەیەکیان شك نەبرد بۆ هەڵهاتن، ناچار دانیان نا بەو ڕاستییەدا کە ئاژەڵەکان خاوەن هەست و سۆز و بیروهۆشن! ئاژەڵەکان ئازاریان دەگات و هەست بە شتەکانی دەوروبەریان دەکەن و بیرەوەرییان هەیە و خاوەنی سیفەتی ڕقلێبوون و سیفەتی خۆشەویستین، ژیانیان هاوشێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتییە، بە وێنەی کۆمەڵگە مرۆییەکان!

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە پرۆفیسۆر Marc Bekoff لە زانکۆی Colorado لە ڕێگەی کۆمەڵێك کتێب و ژمارەیەك وتارەوە کە پێشکەشی کرد، دوای 30 ساڵ لە ئەزموون لەگەڵ ئاژەڵەکان، جەختی کردەوە کە زۆرینەی بوونەوەرەکان کە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، خاوەنی هەست و سۆز و خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەن، بۆ نموونە:-

* ورچ خاوەنی هەست و سۆزە لەگەڵ دەوروبەرەکەی..

* گورگەکان بەشداری خەم و پەژارەی هاوڕێکانیان دەکەن..

* تەنانەت کرمێکی بچکۆلانە بڕیار گەڵێك دەدات کە هاوکاری دەکات بۆ بەردەوامبوونی لە ژیان..

* ئەسپەکان خاوەن هەست و سۆزێکی زۆر بەهێزن، تەنانەت هەندێك جار چاوەکانیان ئەسرین هەڵدەوەرێنن، هەروەها خۆیان دەپارێزن لە جیابوونەوە لەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێن.. واتە لە هاوڕێ خۆشەویستەکانیان جیانابنەوە!

* زۆرێك لە ئاژەڵەکان هاوڕێکانی خۆیان دەناسن و دەتوانن لەوانی دیکە جیایان بکەنەوە.

سەرنجی ئەم وێنەیە بدە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ورچە دایکانەیە کێشی زۆرە، بەڵام سۆزێکی زۆری هەیە بۆ بەچکەکانی، بە شێوەیەك کە زانایانی سەرسام کردووە: ئەم ورچە چۆن زمانی سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی دەگاتە پلەی قوربانیدان لە پێناوی نەوەکانیدا؟! ئەوە لوتکەی هەست و بیروهۆش و زانینە، لەلای بوونەوەران، لەبەرئەوە زانایان بە باشی دەزانن کە ئەم ئاژەڵانە بە بوونەوەری نامرۆیی (غیر البشري) Non-Human ناوببرێن، چونکە ناونانی ئەو بوونەوەرانە بە ئاژەڵ لە ڕووی زانستییەوە ناوێکی ورد و پڕمانا



نییە. لێرەدا با قورئانی پیرۆز یادی خۆمان بهێنینەوە، کە بە هیچ شێوەیەك زاراوەی ئاژەڵی بۆ ئەم بوونەوەرانە بەکارنەهێناوە، بەڵکو بە ئوممەت ناوی بردوون، هەر ئەمەشە کە ئەمڕۆ زانایان دوای توێژنەوە گەلێکی زانستی کە ماندووبوون و ماوەیەکی زۆری ویستووە دانیان پیاداناوە..

ئایا کام لەم دوو دەستەواژانە وردترە لە ڕووی زانستییەوە زانست، یان قورئانی پیرۆز؟ بێگومان قورئانی پیرۆز پێش چواردە سەدە لەمەوبەر جوانترین ناوی بۆ بەکارهێناون!

یەکێکی دیکە لە سیفاتەکانی ئەم بوونەوەرانە، فێڵ و تەڵەکەیە، کە دیاردەیەکی سروشتییە لە جیهانی ئاژەڵاندا، وەکو ڕێوی، هەروەها خۆحەشاردان و چاوبەستکردن و درۆکردن بەربڵاوە لەناو جیهانی بوونەوەرە دەریاییەکاندا، تەنانەت باڵندەکانیش فێڵ دەکەن، هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بوونەوەرە زیندووەکان خاوەن هەست و سۆز و هەموو ئەو سیفاتانەن کە مرۆڤ هەیەتی، نامۆترین کاریش ئەوەیە کە تەنانەت ڕووەکەکانیش خاوەنی هەست و سۆزن، حەز بە هاوکاری و یارمەتیدانی ڕووەکەکانی دراوسێیان دەکەن!

* فیل لە یادەوەرییە بەهێزەکەی چێژ دەبینێ و بە شێوەیەك دەتوانێت شوێنە دیاریکراوەکان لەبەربکات بۆ چەند ساڵێك، بۆ نموونە ئەو شوێنەی پێش چەند ساڵ لەمەوبەر ئاوی لێ خواردۆتەوە، دەتوانێت وەبیری بێتەوە، ئەم توانای یادگەیەی (ذاكرة)، لەوانەیە لەسەرو مرۆڤیشەوە بێت، ئەم خاڵە گرنگەش یارمەتی مانەوەی دەدات لە ژیاندا!

هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە زانایانی ناچار کردووە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دانبنێن بەو ڕاستییەدا کە گیانەوەرانی (نامرۆیی) خاوەنی سۆز و بەزەیی و یادگە و هەست و زانین و بیروهۆش و تێگەیشتنن و توانای فێربوونیان هەیە، لەبەرئەوە کۆمەڵگەیەکن پەیوەستن بە خۆیانەوە..

ئەم ڕاستییە زانستییە، کە زانایانی سەدەی بیست و یەك پێی گەیشتوون، ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز لە سەدەی حەوت و پێش چواردە سەدە لەمەوبەر فەرمووویەتی:

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨ ﴾ الأنعام.

ئەم ڕاستییە زانستییانە ڕێك لەگەڵ ئەم ڕاستییە قورئانییە یەکدەگرنەوە، ئێمەش تەنها دەتوانین بڵێین: پاکوبێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە ئەم قورئانە پیرۆزەی دابەزاندووە بۆ مرۆڤایەتی، لەسەر دەمێکدا کە مرۆڤ درکی بەو زاراوە و دەربڕینانە نەکردووە، مرۆڤەکانیش پاش چواردە سەدە و دوای ئەو ماندووبوون و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستیانە، توانیویانە زاراوەیەکی ورد بەکاربێنن بۆ ئاژەڵەکان!

سەرچاوە:

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-19-30/1796-2015-03-20-23-53-09



### لە دەسەڵاتەکانی خوای پەروەردگار:

# سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی دایك لەنێو گیانداراندا

پیغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: إنَّ للهِ مائةَ رحمةٍ، أنزل منها رحمةً واحدةً بين الجنِّ والإنسِ والبهائمِ والهوامِّ، فبها يتعاطفون، وبها يتراحَمون، وبها تَعطفُ الوحوشُ على ولدِها، وأخَّر تسعًا وتسعين رحمةً، يرحمُ بها عبادَه يومَ القيامةِ. صحيح الجامع، الألباني: 2172.

واتە: خوای گەورە سەد ڕەحمەتی هەیە تەنیا یەک دانەی دابەزاندووە بۆ مرۆڤ و پەری و ئاژەڵان کە بەو یەک ڕەحمەتە بە سۆزن بۆ یەک و بەزەییان بە یەکدا دێتەوە و ئاژەڵان سۆز و بەزەیی لەگەڵ بەچکەکانیان دەکەن، نەوەد و نۆ ڕەحمەتەکەی تری هەڵگرتووە بۆ قیامەت کە ڕەحم بە بەندەکانی دەکات.

بێگومان دروستکردنی ئەم سۆز و بەزەییەی نێوان گیانداران بەڵگەی بەبەزەیی و بەخشندەیی بەدیهێنەرەکەیانە، ئەگەر نا، خۆی خاوەنی گەورەترین بەزەیی نەبێت، چۆن بەزەیی لە نێوان دروستکراوەکانیدا دروست دەکات!؟

## زێبرا



